# لادانـــــى
# چل پەردەی شەیتانی
# لە ســـــەر
# هەرتەلی و بیروڕاکانی


نووسینی

**ابو هدی الهموندی**

پێداچوونەوەی

**ابـو ایـوب**



سلێمانی　　　　١٩٩٨


Scanned with ACE Scanner

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿و قُلْ جاءَ الحَقُ و زَهَقَ آلباطِل إنَّ الباطِلَ كانَ زَهُوقاً﴾

الاسراء :٨١

چاپی یەکەم

١٤١٨ ک -١٩٩٨ ز

مافی چاپ کردن و لەبەرگرتنەوەی پاریزراوە



Scanned with ACE Scanner

# پێشەکی

إنَّ الحَمْدَ للّهِ نَحْمَدُهُ و نستعينهُ و نَسْتَغْفِرُهُ، و نَعوُذُ بالّلهِ من شرور انْفُسِنا و سيئات أعمالِنا، من يَهْدِهِ ا لله فلامُضِلَّ لَهُ، و من يُضْلِلْ فلا هاديَ لَهُ، وأشهد أن لا اله الا ا لله وحدَهُ لاشريك له، وَ اشهد أن محمداً عبدُهُ و رسوله. * (ياأَيُّها الذّينَ آمنوُا اتّقوا ا للهَ حَقَّ تقاتهِ وَ لاتموتَنَّ إلاّ و انتم مسلمون). *[1] (ياءَيُّها الناسُ اتّقوا رَبَّكُمُ الّذي خلقكم من نَفْسٍ واحدةٍ و خلق منها زوجَها و بَثَّ منهما رجالاً كثيراً و نساءً، و اتقوا ا لله الذي تساءَلونَ بهِ و الارحامِ إنَّ ا لله كانَ عليكم رقيباً) *[2] (ياأَيُّها الذّينَ آمنوُا اتّقُوا ا للهَ و قولوا قولاً سَديداً، يُصلِحْ لكم أعمالكم و يغْفِرْ لكم ذُنُوبَكم، وَ مَنْ يطِعِ ا لله و رسولَهُ فقد فاز فوزاً عظيماً. *[3] اما بعد فانَّ اصدق الحديث كتاب ا لله، و خير الهدى هدى محمد (ﷺ)، وشر الامورِ محدثاتها و كُلَّ محدثةٍ بِدعةٌ و كُلَّ بِدْعةٍ ضلالَةٌ، وكلَّ ضلالَةٍ في النارِ. [4]*

له سەرەتاكانی مانگی ڕەبیعی یەكەم ی ئەمساڵ دا یەكێك له قوتابیە خۆشەویستەكان له سولەیمانییەوە نامەیەكی بۆ ناردم لەگەڵ كتێبێك دا بە ناوی ((چەند گوڵێك له گوڵزاری ئیسلام، پێشكەش بە گەنجی نەونەمام)). دانراوی عبدا لله عبالعزیز هەرتەلی)) ناوێك، لە ڕاستی دا من لە پێش دا یەك دوو نووسراوێكی ناوبراوم چاو پێكەوتبوو وەك ((ڕوون كردنەوەی - العقیدة الطحاویة)) و ((عەقیدەی ئیسلامی لەسەر ڕاڕەوی اهل السنة والجماعة)) و ((ڕۆژی پرشنگ

---

1 ((ال عمران)) - ١٠٢ -.

٢ النساء -١-

٣ الاحزاب. ٧٠-٧١.

٤ ئەم پێشەكییە پێی دەووترێت ((خطبة الحاجة)) كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) له پێشی ووتارو وانەو ئامۆژگارییەكانی دا دەستی پێكردووە، شێخ ((الالباني)) نامیلكەیەكی لەسەر ئەوە هەیە، زۆر سوود بەخشە، تەماشای بكە.



Scanned with ACE Scanner

دار)).لە خوێندنەویان دا بۆم دەرکەوت ئەم کابرایە خاوەن عەقیدە و بیر و باوەڕێکی تێکەڵ و پێکەڵە، لە ((جهمیە)) و ((معتزلة)) و ((خوارج)) و ((کلابیە)) و ..... هتد.، هەروەها لە ((فقە)) یش دا شوێن کەوتووی کوێرانەی مەزهەبی خەڵکە، کە خۆی ناوی ناوە مەزهەبی شافیعی و، ئیمامی شافیعی ((ڕەحمەتی خوای لێ بێت)) لێی ((بەری)) یە.* بە پێویستم نەدەزانی وەڵامی ئەو ڕا بێ سەر و بەرانەی بدەمەوە، جا کە یەکەم جار ئەم کتێبەی دواییشیم بە دەست گەیشت، هەر بەو چاوەی پێشوو سەیریم کرد. بەڵام کە نامەکەی ئەو برایەم خوێندەوە بینیم بە کورتی وەسفێکی کتێبەکەی بۆ کردووم، تیایدا باسی ئەوەی کردبوو کە ((هەرتەلی)) لەم کتێبە تازەیەی دا پەردەی بە تەواوەتی لەسەر ڕووی خۆی هەڵداوەتەوە و بەیەک جاری ڕووی خۆی تێدا ڕەش کردووە، بەوەی کە جنێو و تانە و تەشەر دەدات لە زانا پایە بەرزەکانی ئیسلام و شوێنکەوتوانی پێشینە پیاوچاکەکانی ئیسلام ((السلف الصالح)). لە کۆن و تازەدا؛ جا لەبەر ئەوە زۆر داوای لێ کردبووم کەوا وەڵامێکی بدەمەوە، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر لە خۆی بایی نەبێت و وا نەزانێت کەس نییە وەڵامی بداتەوە، بۆیە دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکە بە ووردی، جا کە چەند لاپەڕەیەکم لێ خوێندەوە بۆم دەرکەوت کە قسەی ئەو برایە زۆر تەواوە و پێویستە دەم کوت بکرێت، لە پاشان هەر لاپەڕەیەکم دەخوێندەوە ئەوەندەی تر سووری دەکردم لەسەر وەڵام دانەوەی، بۆیە هەر کە لە خوێندنەوەی بوومەوە ڕاستەو خۆ دەستم کرد بە وەڵام دانەوەی لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١- بۆ بەرگری کردن لە پرۆگرام ((منهج)) ی (( أهل السنة والجماعة)) کە پێک هاتووە لە ((قورئان)) و ((سونەت)) بە تێگەیشتنی پێشینە پیاوچاکەکان.

٢- بۆ ووریا کردنەوەی لاوانی ئیسلام لەو پیلانانەی کە دژ بە پرۆگرامی ((أهل السنة والجماعة)) دادەڕێژرێن.



Scanned with ACE Scanner

٣- بۆ دەم کوت کردنی ناحەزانی ((أهل السنة والجماعة)) تاوەکوو چی تر نەتوانن دژایەتی ((أهل السنة والجماعة)) بکەن.

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە لەم ((بحث))ەدا هەموو هەڵە و فێڵەکانی هەرتەلیم ڕوون نەکردووەتەوە، بەڵکو تەنها ئەوانەیان نەبێت کە زۆر پێویستن، ئەگینا ئەگەر خوێنەری بەڕێز بە ووردی بنوارێتە کتێبەکانی دا ئەوا بە سەدان هەڵەی ((عقیدی و وفقهی و نحوی ولغوی و،.....هتد)) تێدا دەبینێت.

جا ئەگەر پێکامبێت ئەوە لە خواوەیە و چاکەی ئەوە بە سەرمەوە.وە ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بوو ئەوە مەبەستم خێر بووە و داوای لێ بووردن لە پەروەردگار دەکەم.

﴿إن أُرِيدُ إلاَّ الاصلاح ما استطعت وما توفيقي الا با لله عليه توكلت واليه أنيب﴾.(٥)

ابو هدى الهموندى الگوماری

یەکشەممە / ٥ / جەمادی یەکەم / ١٤١٨ ک

---

٥ هود: ((٨٨)).



Scanned with ACE Scanner

# پێشەکی

((هەرتەلی)) لە پێشی کتێبەکەیدا دەست دەکات بە قسەی زل و بریقەدار دەیەوێت وا پیشان بدات کە ئەو شوێنکەوتووی پێشینە باشەکانە و، کۆمەڵێک ئێستا پەیدا بوون لە ڕێگای ئەو پیاو چاکانە لایان داوە و بیر و باوەڕی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە و ئەیانەوێت سەر لە خەڵکی موسوڵمان بە گشتی و گەلی کوردی موسوڵمان بە تایبەتی تێک بدەن و لاوەکانیان گومڕا و سەرگەردان بکەن؛ جا ئەمیش ناچار دەبێت بەرگری لە بیر و باوەڕی ڕەسەنی ئیسلامەتی بکات کە بیر و باوەڕی پێشینانە؛ خۆی لێ دەبێتە پزیشک و ئەوانیش بە نەخۆش بۆیە دەست دەکات بە دیاری کردنی نەخۆشی و دەردەکانیان و دەوا و دەرمانیان بۆ دەنووسێت.

لە پاشان دەست دەکاتە باسکردنی کورتە ژیانێکی پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە ((ابو حنيفه – مالك – شافعى – احمد)) ((ڕەحمەتی خوایان لێ بێت))؛ دەیەوێت وا دەری بخات کە ئەو بیر و باوەڕە پووچەڵانەی لەوانەوە وەرگرتووە، وە هەروەها دەیەوێت وا پیشان بدات کە ئەو شوێنکەوتووی زانا پایە بەرزەکانی ئیسلامە و ئەو کۆمەڵەش هیچ [illegible]ەزان و [illegible] خۆیان دەوارن؛ لە خۆیانەوە قسە [illegible] دەکەن و ((فەتوی)) دەدەن و شوێنی ئارەزووی خۆیان کەوتوون، بۆیە خۆی لێ دەبێتە کۆمەڵی ڕزگار بوو ((الفرقة الناجية)) ئەوانیش کۆمەڵە گومڕاکان ((الفرق الضالة))؛ جا لەبەر ئەوە پێم خۆش بوو لە پێش دا باسێکی کۆمەڵی ڕزگار بووتان بۆ بکەم، بۆ ئەوەی بزانین پرۆگرام و نیشانەکانی ئەو کۆمەڵە چییە و کێ بە ڕاستی ئەو نیشانانەی تێدایە و کێش دوژمنی ئەو پرۆگرام و نیشانانەیە و لەسەر بیر و باوەڕی



Scanned with ACE Scanner

((جهمية)) و ((خوارج)) و((معطلة)) و ... هتد، يـه؛ جا تـەنها بـەناوی خواوه دەست پێ دەكەم:

## كۆمەڵی رزگاربوو ((الفرقة الناجية))[٦]

١- خـوای گـەوره دەفـەرموێ: ((وأعتصمـوا بحبـل الله جميعـاً ولا تفرقوا..)).[٧] واته: هەمووتان دەست بگرن به پەتی خوای نـەپچڕاوەوه ((كه ئايينەكەيەتی)) و جياوازی و دووبەرەكی لەناو خۆتاندا مەكەن.

٢-هەروەها دەفەرموێ: ((ولا تكونوا من المشركين من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعاً كل حزب بما لديهم فرحون))[٨] واتـه: ئـەی موسـوڵمانان ئێـوەش وەكو هاوەڵبڕياردەرەكـان مـەبن؛ لەوانـەی كـه جيـاوازی و دووبەرەكيیان كرد له ئايينەكەيان دا و بـوون بـه بـەش بەشـەوه، هـەر كۆمەڵ و بەشێكيان دڵيان بەوەی خۆيان خۆشه كه پێيانه.

٣- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((ألا وان من قبلكم من أهـل الكتـاب افترقوا على ثنتين وسبعين ملة، وان هذه الملة ستفترق علـى ثـلاث وسـبعين ثنتان وسبعون في النار، وواحدة في الجنة، وهي الجماعة))[٩] واته: ئەوانەی پێش ئێوه له ((خاوەن كتێبەكان)). دابـەش بوونـه سـەر حـەفتا و دوو (٧٢) كۆمەڵ، وه ئەم كۆمەڵی ئيسلامەش دابەش دەبێته سـەر حـەفتا و سێ (٧٣) كۆمـەڵ حـەفتا و دووی لـه دۆزەخـدان و يـەكێكی لـه بەهەشتايه كـه كۆمـەڵی موسـوڵمانانه لـه ڕيوايـەتی ((ترمـذي)) دا ئەفەرموێ: ((ما أنا عليه وأصحابي)) واته: ئەو كۆمەڵەش لەسەر ئـەوەن كه من و هاوەڵەكانمی لەسەرين.

---

٦- له كتێبی ((منهاج الفرقة الناجية))ی شێخ محمد جميل زينو، وەرگێراوه به دەستكاريیەوه.

٧- ال عمران ١٠٣

٨- الروم ٣١

٩ - رواه احمد وغيره وحسنه الحافظ والالباني في صحيح الجامع ٥٢١٩.

٤- هەروەها دەفەرموێ: ((أوصيكم بتقوى الله عزوجل والسمع والطاعة، وان تأمر عليكم عبد حبشي، فانه من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجد، واياكم ومحدثات الامور فان كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار))[١٠]. واتە: ((وەصیەتتان بۆ دەکەم بە لە خوا ترسان و گوێ ڕایەڵی کردنی (پێشەوایانتان) با بەندەیەکی حەبەشیش بێتە فەرماندەتان، چونکە هەر کەسێک لە ئێوە بژی ئەوە جیاوازی و دووبەرەکی‌یەکی زۆر ئەبینێ. جا لەبەر ئەوە دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە ڕاشیدە هیدایەتدراوەکانەوە، دەستی پێوە بگرن و قەپی پیا بکەن بە کاکیلەکانتان وە وریا بن لەو شتە تازانەی کە لە ئاین دا زیاد دەکرێن، چونکە هەموو شتێکی تازە (بیدعە) یەو هەموو (بیدعە) یەکیش وێڵی و گومڕایی‌یە وهەموو وێڵ و گومڕایی‌یەکیش لە ئاگری دۆزەخ دایە)).

## بەرنامە و پرۆگرامی کۆمەڵی ڕزگار بوو -منهاج الفرقة الناجية-

١- کۆمەڵی ڕزگار بوو ئەو کۆمەڵەیە کە دەست بە بەرنامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵەکانی‌یەوە ئەگرن لە ژیانیاندا، کە ئەویش بریتی‌یە لە قورئان و سوننەت، وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((ترکت فيكم شيئين لن تضلوا بعدهما ان تمسكتم بهما كتاب الله وسنتي))[١١]. واتە: ((دوو شتم بۆ بەجێ هێشتون لە ناوتاندایە، ((گەر پابەندیان بن)) هەرگیز وێڵ و گومڕا نابن، ئەو دوو شتەش قورئان و سوننەتی منە..)).

٢- کۆمەڵی ڕزگار بوو لە کاتی جیاوازی و دووبەرەکی‌دا دەگەڕێنەوە بۆ قورئان و سوننەت، چوونکە کردەوە بە ئایەتی: ((فان تنازعتم في شيء

---

١٠ - رواه الترمزي وقال: حسن صحيح.

١١- صححه الالباني في صحيح الجامع.



Scanned with ACE Scanner

فردوه الى الله والرسول ان كنتم تؤمنون بالله واليوم الاخر....))[١٢] دەكەن، واتە: جا ئەگەر دووبەرەكی كەوتە ناوتان لە شتێك دا، ئەوە بیگەڕێننەوە بۆلای خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا وبە ڕۆژی دوایی هێناوە؛ وە هەروەها بەو ئایەتەی كە خوای گەورە دەفەرموێ: ((فلا وَربّكَ لا يؤمنون حتى يُحكمّوكَ فيما شَجَرَ بَيْنهمْ ثُمَّ لا يَجدوا في أنفسِهِمْ حَرَجاً مما قضيت ويُسلموا تسليماً))[١٣]. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) سوێند بە پەروەدگارت (هاوەڵەكانت) بڕوای تەواو ناهێنن تا لە هەموو ڕووداوێك كە لە نێوانیان دا ڕوو دەدا نەتكەن بە دادوەر، پاش ئەوەش دەبێ لەو دادەت بە تۆ سقاڵ ڕەخنە لە دڵیان دا نەبێت، وە مل كەچ ببن بە مل كەچی یەكی تەواو)).

٣- كۆمەڵی ڕزگاربوو قسەی هیچ كەسێك پێشی قسەی خوا و پێغەمبەرەكەی ناخەن، چونكە كار بەو فەرموودەیەی خوای گەورە دەكەن كە دەفەرموێ: ((ياَ أَيُّها الّذينَ آمنواْ لا تُقَدِمُواْ بين يَدَي الله ورسولهِ واتقوا الله إنّ اللّه سميعٌ عَليمٌ))[١٤]. واتە: ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە قسەی هیچ كەسێك پێشی فەرموودەی خوا و پێغەمبەرەكەی مەخەن، وە لە خوا بترسن، بەڕاستی خوای گەورە بیسەر و زانایە.

وە هەروەها ((ابن عباس)) (رضي الله عنه) دەفەرموێ: ئەترسم خوای گەورە بەردتان بەسەرا ببارێنێ لە ئاسمانەوە، من دەڵێم: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، ئێوە دەڵێن: ئەبوبەكر و عومەر فەرموویان.

٤- كۆمەڵی ڕزگاربوو یەكتا پەرستی خوای گەورە لە هەموو جۆرەكانی پەرستندا (دوعا و داوای یارمەتی و پەنا بردن لە خۆشی وناخۆشی دا و سەربڕین و بەخشین و پشت بەستن و كاركردن و بە بەرنامەی

---

١٢- النساء ٥٩.

١٣- النساء ٦٥.

١٤- الحجرات -١-.

ئیسلام و....هتد،) به بنەما سەرەکییەکان دادەنێن بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی ئیسلام و، هەوڵ دەدەن هاوەڵبڕیاردەران بنەبڕ بکەن و ڕێگەیان لێ بگرن.

٥- کۆمەڵی ڕزگاربوو سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیندوو دەکەنەوە لە پەرستن و هەڵس و کەوت وژیانیاندا، جا لەبەر ئەوە غەریبن لەناو گەل و نەتەوەکانیان دا، وەک پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ((إِنَّ ٱلاسلام بَدَءَ غريباً وسيعود غريباً كما بَدَأَ فطوبى للغرباء))[١٥]. واتە: ((ئیسلام بە غەریبی دەستی پێ کردو بە غەریبیش دەگەڕێتەوە وەک دەست پێ کردنەکەی، جا خۆشبەختی بۆ غەریبان)). وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە دەفەرموێ: ((فطوبى للغرباء الذين يصلحون اذا فَسَدَ الناسُ))[١٦] واتە: ((خۆشبەختی بۆ ئەو غەریبانەی کە لە کاتی خراپ بوونی خەڵک هەر چاکە دەکن)).

٦- کۆمەڵی ڕزگاربوو دەمارگیری (التعصب)یان بۆ قسەی هیچ کەسێک نییە جگە لە فەرموودەی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) چونکە جگە لە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ئادەمیزادەکانی پاش پێغەمبەر (ﷺ) هەڵە دەکەن هەرچەندە پلەشیان بەرز بێت ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءٌ وخيرُ الخطَّائينَ التوابونَ))[١٧] واتە: هەموو ئادەمیزادێک هەڵە دەکات، وە باشترین ئەو کەسانەی کە هەڵە دەکەن ئەوانەن کە لێی پەشیمان دەبنەوە.

ئیمامی مالک (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ: هیچ کەسێک نییە لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیللا هەیە لە قسەکانی وەردەگیرێت و وەریش ناگیرێت.

٧- کۆمەڵی ڕزگاربوو (اهل الحديث)ن، ئەوانەی کە*بە خوێندنەوەو لەبەر کردن و دەرس دانەوەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ەوە

---

١٥- رواه مسلم.

١٦- قال الالباني رواه ابو عمر الداني باسناد صحيح.

١٧- رواه احمد بسند حسن.

زۆربەی ژیانیان ئەبەنە سەر، ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ((لاتـزالُ طائفـةٌ مِنْ أُمَّتِي ظـاهِرين علـى الحـقّ لا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَ لَهُمْ حَتّى يأْتِيَ أَمْرُ اللّٰه))[١٨]. واتە: بەردەوام کۆمەڵێک لە ئوممەتەکەم دیارن لەسەر حەق، زیان بە باوەڕیان ناگات بەهۆی ئەوانەوە کە ئازاریان دەدەن تاکو فەرمانی خوای گەورە دێت.

٨- کۆمەڵی ڕزگاربوو ڕێز لە زانا کۆششکەرەکانی ئیسلام (مجتهدين) دەگرن وە هیچ دەمارگیرییەکیان بۆ هیچ کەسێکیان نییە، بەڵکو شەرع لە قورئان و سوننەتەوە وەردەگرن، وە لە قسەی زانایانەوە ئەگەر لەگەڵ فەرموودەی ڕاست ((صحيح))دا گونجا وەکو خۆیان فەرموویانە: ((اذا صح الحديث فهو مذهبي)) واتە ئەگەر فەرموودەیەکی ((صحيح)) هەبوو ئەوە مەزهەب و بۆچوونی منە.

٩- کۆمەڵی ڕزگاربوو فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕازی نابن بە خراپە و قەدەغەی دەکەن، ئەبینن ڕازی نابن بە تەریقەتە تازە داهێنراوەکان و حیزبە وێرانکەرەکان کە بوونەتە هۆی درووست کردنی دووبەرەکی و جیاوازی لە نێوان موسوڵمانان دا و، شتی تازە و بەدیهێنراویان خستۆتە سەر ئاینی خوا و دوور کەوتوونەتەوە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵەکانی.

١٠-کۆمەڵی ڕزگاربوو داوا لە موسوڵمانان دەکەن کەوا بە توندی دەست بگرن بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵەکانییەوە تاوەکو سەرکەوتنیان بۆ بنووسرێت و بچنە بەهەشتەوە بە فەزڵ و چاکەی خوای گەورە و شەفاعەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

١١- کۆمەڵی ڕزگاربوو ڕازی نابن بە یاسا دەستکردە دونیاییەکان کە لە دانانی مرۆڤن لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئیسلام دا ناگونجێت، وە داوا لە موسوڵمانان دەکەن حوکم بە قورئانەکەی خوا بکەن کە دابەزاندووە

---

١٨- رواه مسلم.



Scanned with ACE Scanner

بۆ خۆشبەختی دونیا و قیامەتی مرۆڤ چونکە خوای گەورە خۆی باش دەزانێت بەرژەوەندی مرۆڤ لەچیدایە..

١٢- کۆمەڵی رزگاربوو داوا لە موسوڵمانان دەکەن بە گشتی کەوا جیهاد بکەن لە پێناوی خوای گەورەدا، چوونکە جیهاد پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێک بەپێی توانای ، وە جیهادیش ئەم جۆرانەیە :

**یەکەم**: جیهاد کردن بە زمان و قەڵەم بەوەی بانگی موسوڵمانان بکەی بۆ سەر ئیسلامێکی پاک وە بۆ سەر یەکتاپەرستی بێ گەرد لەو هاوەڵ بڕیاردانەی کە لە زۆربەی وولاتانی ئیسلام دا بڵاوبوونەتەوە.

**دووەم**: جیهاد بە پارە و ماڵ ئەویش بە بەخشین لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ئیسلام و چاپ کردنی ئەو کتێبانەی کە بانگەواز ئەکات بۆ ئیسلامێکی ڕاست. و بۆ دروست کردن و کڕینی چەک و تەقەمەنی بۆ ((مجاهد))ان و بۆ کڕینی پێداویستییەکانی تریش لە خواردن و پۆشاک و .... هتد.

**سێیەم**: ((جیهاد)) کردن بە گیان ئەویش بە بەشداری کردن لەو جەنگ و غەزایانەدا کە بۆ سەرخستنی ئیسلام و بەرزکردنەوەی ووشەی ((ا لله)) دەکرێن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاماژە بەم جۆرە جیهادانە دەکا و دەفەرموێ : ((جاهدوا المشركين باموالكم وانفسكم والسنتكم))[١٩] واتە: جیهادی هاوەڵبڕیاردەرەکان بکەن بە پارە و ماڵەکانتان و بە گیان و زمانتانیش)).

## نیشانەکانی کۆمەڵی رزگاربوو ((علامات الفرقة الناجية))

١- کۆمەڵی رزگار بوو کۆمەڵێکی کەمن لە نێوان خەڵکی دا ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعایان بۆ دەکا و دەفەرموێ: ((طوبى للغرباء: أُناسٌ صالحونَ، في أُناسِ سوءٍ كثيرٍ، مَنْ يَعْصيهِمْ أَكْثَرُ مِمَّن

١٩ رواه ابو داود وهو حديث صحيح.

يُطيعُهُمْ))[٢٠] واته: ((خۆشبەختی بۆ غەریبان: کۆمەڵێکی پیاو چاکن لە ناو کۆمەڵە خەڵکێکی خراپی زۆردان، ئەوانەی کە بێ گوێی‌یان دەکەن زۆرترن لەوانەی کە گوێڕایەڵی‌یان دەکەن. وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ((و قليلٌ من عبادي الشكور))[٢١] واتە: کۆمەڵێکی کەم لە بەندەکانم سوپاسکارن.

٢- کۆمەڵی ڕزگار بوو خەڵکانێکی زۆر دژایەتی‌یان دەکەن و درۆ و دەلەسەیان بۆ هەڵدەبەستن و ناو و ناتۆرەیان پێوە دەنێن کە لە پێشدا بە هەموو پێغەمبەران کراوە، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: ((وَ كَذلِكَ جعلنا لِكُلِّ نَبِيٍ عَدُواً شياطِين الانسِ و الجِنِّ، يُوحِي بَعْضُهُم الى بَعْضٍ زُخْرُفَ القولِ غُرُوراً...))[٢٢]. واتە: وە هەروەها بۆ هەموو پێغەمبەرێک دوژمنمان داناوە لە شەیتانەکانی ((إنس)) و ((جنّ))، هەندێکیان قسەی ڕازاوە و جوان بە هەندێکی تریان ڕادەگەیاند بۆ ئەوەی تووشی لەخۆبایی بوونیان بکەن و لە ڕێ دەریان بکەن...)) وە هەروەها بێ باوەڕەکان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان دەوت: ((ساحرٌ كَذّابٌ)) واتە: ساحرێکی درۆزن، لەو کاتەی کە بانگی دەکردن بۆ یەکتاپەرستی و، هەر ئەوانیش بوون لە پێش دا پێ‌یان دەووت: ((الصادق الامين)) واتە: ڕاستگۆی دەست پاک.

٣- کۆمەڵی ڕزگار بوو هیچ ناوێکیان نی‌یە تەنها ((اصحاب الحديث)) نەبێت وەک شێخ عبدالقادری گەیلانی -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێت.[٢٣]

٤- پرسیار کرا لە (شێخ عبدالعزيز بن عبدا لله بن باز) -خوای گەورە بیپارێزێ- لە بارەی کۆمەڵی ڕزگاربووەوە، ئەویش لە وەڵامدا

---

٢٠- رواه احمد وهو حديث صحيح.

٢١- السبأ ١٣.

٢٢- الانعام ١١٢.

٢٣- بنواڕە ((الغنية)) دانراوی شێخ عبدالقادر ل ١٣٢ . ب ١.

فەرمووی: ((ئەوانە -سەلەفی- یەکانن و، هەرکەسێکی تر کە لەسەر ڕێبازی پێشینە پیاو چاکەکان (السلف الصالح) بێت)).

## بەراوردێک لە نێوان بیر و باوەڕی ((هەرتەلی)) و پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە

لەبەر ئەوەی هەرتەلی وادەری دەخات کە ئەو شوێنکەوتووی پێشەوایانی چوار مەزهەبەکەیە، پێم خۆش بوو بە کورتی بەراووردی (عەقیدە) ی هەرتەلی لەگەڵ پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە بکەین بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون ببێتەوە ئایا (هەرتەلی) شوێنکەوتوویانە یان دوژمنی بیر و باوەڕ و شوێنکەوتووانی بیر و باوەڕەکانیانە!!؟

**یەکەم**: لە (أسماء و صفات) دا: ئیمامی (ابو حنیفه) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێ: ((خوای گەورە دەستی هەیە و ڕووی هەیە و نەفسی هەیە وەک چۆن لە قورئان دا باسی کردووە لە بارەی ڕوو و دەست و نەفس ئەوانە هەموو سیفاتی خوان بە بێ چۆنییەتی، وە نابێت بووترێ : دەستی خوا توانای خوا یان نعمەتی خوایە چوونکە ئەوە بەتاڵ کردنەوەی ئەو سیفەتەیە وە ئەوەی وا بڵێ قسەی (قدریة) و (معتزلة) ی کردووە))[٢٤]. هەروەها ئیمامی (شافیعي) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێ: ((سوپاس بۆ ئەو خوایەی... کە وا بەو شێوەیە کە خۆی وەسفی خۆی پێ کردووە))[٢٥]. وە هەروەها دەفەرموێ : ((ئێمە ئیسپاتی ئەو سیفەتانە کە لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون و نەفی (تشبیه) کردنی دەکەین وەکو خۆی نەفی کردووە و دەفەرموێ : (لَيسَ كَمِثْلِهِ شيء)[٢٦] [٢٧] هەروەها ئیمامی مالک

---

٢٤- ((شرح الفقه الاكبر)) ل ٣٠٢ للشيخ القاري.

٢٥- ((الرسالة)) ٧ و ٨ للشافعي.

٢٦- الشورى ١١

٢٧- السير للذهبي ٣٤١.



Scanned with ACE Scanner

پرسیاری لێ دەکرێت لەبارەی ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی سیفاتەوە هاتوون؟ ئەویش دەفەرموێ: بەسەری دا بڕۆن وەک چۆن هاتووە))[٢٨] مەبەستی ئەوەیە کە ئیسپاتی بکەین هەر وەک چۆن خوا و پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئیسپاتیان کردووە.

هەروەها ئیمامی (أحمد بن حنبل) - رەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێ : ((وەسفی خوا بکەن بەوەی خۆی وەسفی خۆی پێ کردووە و نەفی ئەوەشی لێ بکەن کە خۆی نەفی خۆی لێ کردووە))[٢٩].

بەڵام...

ئاشکرایە (هەرتەلی) رای وانی‌یە بەڵکو رای وایە کە ئایەت و حەدیسەکانی سیفاتی خوا پێویستە (تأویل) بکرێت، واتە : لە مانای ئەصلي خۆی لابدرێت بۆ مانایەکی تر کە بگونجێت لەگەڵ خوادا چونکە بە رای ئەو ئەو سیفاتانە نابێت بۆ خوا بەکاربهێنرێت[٣٠].

ئەمە جگە لەوەی کە زمان درێژی‌یە بۆ سەر خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) (چونکە خوای گەورە خۆی باش خۆی دەناسێ و پێغەمبەری خواش (ﷺ) لە هەموو کەس چاکتر خوا دەناسێ) هەروەها زماندرێژیشە بۆسەر پێشینە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتە کە رایان وابووە ئەو سیفاتانە سیفاتی خوایە و نابێ (تأویل) بکرێن.

**دووەم:**- لە مەسەلەی (الاستواء) دا:- ئیمامی (ابو حنیفە) دەفەرموێ : هەر کەسێک بڵێ ((نازانم پەروەردگارم لە ئاسمان دایە

٢٨- الصفات للدارقطني ل ٧٥. والشريعة للآجرى ٣١٤ والاعتقاد: للبيهقي ١١٨ والتمهيد لابن عبدالبر ١٤٩/٧

٢٩- بنوارە (مناقب الامام احمد) لابن الجوزي ل ٢٢١.

٣٠- بنوارە ڕوونکردنەوەی ((هەرتەلی)) لەسەر (العقيدة الطحاوية) ل ٣٦- ٤٢.



Scanned with ACE Scanner

یان لە زەوی دایە ئەوە بێ گومان کافر بووە))[٣١] هەروەها دەفەرموێ : بەڕاستی خوای گەورە لە ئاسماندایە، نەک لە زەوی، جا پیاوێک پێی ووت:- ئەی باشە مەگەر خوای گەورە نافەرموێ ((وهو معكم))[٣٢]؟ جا ئیمامی ((ابو حنيفه)) فەرمووی :- ((ئەوە وەک ئەوە وایە بۆ پیاوێک بنووسیت : من لەگەڵت دام، وە تۆیش لەگەڵی دا نیت[٣٣] هەروەها ئیمامی ((مالك))، دەفەرموێ :- خوای گەورە لە ئاسمانە و، زانینیشی (عِلْمُهُ) لە هەموو شوێنێکدایە[٣٤] هەروەها ئیمامی (احمد) دەفەرموێ : ((ئێمە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە لەسەر عەرشە، هەرچۆنێ خۆی ویستی لەسەر بێت یا ویستی لەسەر بووە بەبێ سنوور دانان...))[٣٥]

بەڵام...

هەرتەلی ڕای وانی‌یە، وە هەر زانایەکیش ڕای وابێ هەرتەلی بە (مجسمه و مشبهه) لە قەڵەمی دەدات[٣٦]

**سێیەم:-** لە (توسُّل) دا:- ئیمامی (ابو حنيفه) دەفەرموێ: (((كراهة)ی هەیە بۆ ئەو کەسەی دوعا دەکات بڵێت :خوایە لەبەر خاتری فڵانە کەس یان لەبەر خاتری پێغەمبەران...))[٣٧]

**بەڵام:-**

هەرتەلی دەڵێ:- ((درووستە موسوڵمان ((توسُّل)) بکات واتە لە خوا بپاڕێتەوە تاوەکو خوای گەورە لە پێغەمبەر (ﷺ) یا پیاو چاک

---

٣١- الفقه الابسط (ل ٤٦) وأورده الذهبي في (العلو ل ١٠١) وابن قدامه في (العلو ل١١٦ وابن ابي العز في (شرح العقيدة الطحاوية ل ٣٠١)

٣٢- [ الحديد (٤) ].

٣٣- الاسماء والصفات (١٧٠/٢).

٣٤- رواه ابو داود في مسائل الامام احمد (ل ٢٦٣) و انظر السنة لعبدالله بن احمد (ل١١) ط القديمة.

٣٥- درء تعارض العقل والنقل (٣٠/٢)

٣٦- ڕوونکردنەوەی عقیدەی طحاوی (ل ٦٣-٦٨) وە ئەم کتێبە گومراکەرەیشی (ل ٤٨-٥٠).

٣٧- شرح العقيدة الطحاوية (ل ٢٣٤) وشرح الفقه الاكبر... للقاري (ل ١٩٨).



Scanned with ACE Scanner

کارێکی بۆبکات... بەم شێوەیە ((توسُّل)) دروستە و سوننەتە و ڕێبازی (اهل السنة والجماعة) یە))[٣٨]!!

خوێنەری بەڕێز ئەمە چەند نموونەیەک بوو ئەگینا لەم کتێبە و لە کتێبەکانی تریشی دا چەندەها نموونەی تری وا دەبینیت، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە بزانین کەوا هەرتەلی چەند دوورە لە شوێن کەوتنی پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە، بەڵام (دەمەو چی لێ کەمە)!!

٣٨- کتێبە گومڕاکەرەکەی (ل ٦٧).



Scanned with ACE Scanner

## قسەکانی هەرتەلی یەکتری هەڵدەوەشێنەوە

هەرتەلی چونکە پرۆگرامێکی تایبەتی نی‌یە تاوەکو لەسەری بچێت، بۆیە دەبینین لە زۆر شوێنی کتێبەکەی دا قسەیەک دەکا لە پاش چەند لاپەڕەیەک یان پاش چەند دێڕێک قسەکەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ نموونە:- (یەک) لە (لـ ٢٥)ی کتێبە گومڕاکەرەکەیدا دا دەڵێ:- (... بێ‌مەزهەبەکان دەڵێن، زانایانی ڕابردوو نەیانزانیوە ئەم حەدیسە : بێ هێزەو... بەم فێڵ و درۆیانە گەنجەکان گومڕا دەکەن و دەیانکەنە بێ مەزهەبی.. ئەی لاوی موسوڵمان بەم درۆیە باوەڕ مەکە چونکە زانستی ئایین بەرەو پێش ناڕوا.) لە پاشان لە (لـ ٣٠) هەمان کتێب دا دەڵێ : (ئەی لاوی موسوڵمان کە ئیمامی (مالك) کتێبی (موطأ) ی دانا خەلیفە (هارون الرشید) پێی گوت : ((دەمەوێ ئەم خەڵکە بە گشتی ڕەفتار بە (موطأ) بکات، واتە بێنە سەر مەزهەبی تۆ. ئیمامی (مالك) فەرمووی : ئەمە نابێ، (صحابە) ی پێغەمبەر (ﷺ) هەریەکە بەرەو شوێنێک و شارێک ڕۆیشتوون و حەدیسی پێغەمبەریان (ﷺ) گێڕاوەتەوە، کەوابوو : خەڵکی هەر شوێنێک جۆرە زانستێکی ئاینیان لە لایە.)).

کەوابوو (مالك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت خۆی شایەتی ڕاستی قسەی ئەوانی دا، چونکە ئەوەتا زانستی ئایینی بەرەو پێشەوە دەڕوات، بەوەی هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆکراوەتەوەو (صحیح) و(ضعیف) ی لەیەک جیا کراوەتەوە کەوا هێشتا لە کاتی ئەوان دا نەکرابوو. ئەوەتا ئیمامی (شافعی) بە ئیمامی (احمد) دەفەرموێ: (ئێوە لە من زاناترن لە زانستی فەرموودە و (رجال) دا، بۆیە داواتان لێ دەکەم ئەگەر فەرموودەیەکی (صحیح) بوو ئەوە ئاگادارم بکەنەوە لێی ئیتر هەرچی دەبێ ((کوفی)) بێت یان ((بصری)) یان ((شامی)) با



Scanned with ACE Scanner

بڕۆم بۆ لای ئەگەر ((صحیح)) بێت.)[٣٩]. جا هەر لەبەر ئەوەبوو کاتێک ئیمامی شافیعی لە (بغداد) ەوە کۆچی کرد بۆ (مصر) لە هەموو (فتوی) کانی پەشیمان بوویەوە جگە لە چەند مەسەلەیەک نەبێت، ئیتر نازانم پێشکەوتنی زانستی چۆنە ئەی هەرتەلی؟!!

(دوو) هەروەها لە (لـ٤٢)ی کتێبە گومڕاکەی دا دەڵێ:- ((ئەی لاوی موسوڵمان، )) بەم جۆرە سەلەفێکانی (خوارج) بەناوی ئیسلام لە ئیسلام دەدەن و ... وەک کوێرێکی پێ خواس کەوتوونەتە ناو ئاینی ئیسلام وەکو حیزبایەتی بە خەڵکی دەناسێنن..))

هەروەها لەو لاپەڕەدا پاش چەند دێڕێک دەڵێ :- ((ئەی لاوی موسوڵمان، جەنابت چاک دەزانی، کافرەکان چەند سوود لەم پەرتەوازە چیانە وەردەگرن بۆ تێک دانی ڕیزی موسوڵمانان و خاوکردنەوەی بزوتنەوەکانی ئیسلامی)).

ئەی خوێنەری بەڕێز ئەگەر بنواڕیتە قسەکانی سەرەوە و خوارەوەی بۆت دەردەکەوێت چۆن یەکتری هەڵدەوەشێننەوە. چونکە بێ گومان لای هەمووان زانراوە کەوا حیزبایەتی و پەرتەوازەیی چەند جیاوازن!! دیارە ئەم قسانەی لە دوو شت تێ پەڕ ناکات :-

**یەکەم :-** یا ئەوەتا هەرتەلی فەریکە خوێندەوارە وەک خۆی دەڵێ، عەرەب وەتەنی ((رمتني بدائها وانسلّت)).

**دووەم :-** یا ئەوەتا هەرتەلی بەم قسەیەی، دەیەوێت دوو مەبەست بەدەست بێنێت، کورد وەتەنی ((بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێت))، مەبەستی یەکەم : ڕازی کردنی خەڵکی (وەک پیشەیەتی) کەوا بڵێن ((بە خوا هەرتەلی پیاوێکی چاکە و حیزبایەتی ناکات، تەنها بۆ خوا دەیکات)).

---

٣٩- رواه ابن ابي حاتم في (اداب الشافعي) ل ٩٤، وابو نعيم في الحلية (٩/١٠٦) وغيرهما.

مەبەستی دووەم :- هەروەها لە هەمان کاتیش دا دەیەوێت ((حزب))ە ئیسلامیەکانیش لە خۆی ڕازی بکات، چونکە باش دەزانێت، ئەوانەی ئەو قسەیەیان پێ دەکات دەڵێن : نابێت موسوڵمانان بەش بەش ببنەوە و ببنە چەندەها حیزب و کۆمەڵی جیاواز، هەریەکەیان لەوی تریان بخوێنێت، بەڵکو پێویستە موسوڵمانان یەک کۆمەڵ بن بۆ ئەوەی دوژمنان بەکاریان نەهێنن دژ بەیەک، وە بۆ ئەوەی خوای گەورەیش سەریانخات بەسەر دوژمنیان دا، چونکە سەرکەوتن لەیەکبووندایە ئەوەتا خوای گەورە خۆی دەفەرموێ ((ولاَ تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الذين فَرَّقُوا دِيْنَهُمْ وكانوا شِيعاً، كُلُّ حِزبٍ بِما لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ))[٤٠] واتە وەکو هاوەڵ بڕیاردەرەکان مەبن لەوانەی کەوا دووبەرەکیی و جیاوازیان کرد لە ئاینەکەیان دا وە بوونە بەش بەشەوە، هەر حیزبێکیان دڵیان بەوە خۆشە کە پێیانە. هەروەها لە قورئان دا دەفەرموێ ((ولاَ تَنازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيْحكُمُ))[٤١] واتە: دووبەرەکی و جیاوازی مەکەن ئەگینا دوایی (فشل) دێنن و بۆنیشتان نامێنێت.[٤٢]

**جا منیش دەڵێم:** ئەی هەرتەلی خەیاڵت خاوە چونکە ((رضى الناس غاية لاتدرك)) واتە: ڕازی کردنی خەڵکی ئامانجێکە هەرگیز بەدی نایەت!!

---

٤٠- الروم: ٣٢

٤١- الانفال: ٤٦

٤٢- بنوارە: الدعوة الى الله بين التجمع الحزبي و التعاون الشرعي. لعلي بن حسن الأثري، و حكم الانتماء لبكر أبو زيد، و الأحزاب السياسية في الأسلام للمبار كفوري.

# لادانی پەردە شەیتانی یەکان

هەرتەلی وەک ڕوون و ئاشکرایە لەژێر پەردەی شەیتانیدا، بیر و باوەڕە پوچەڵ و نیازە گڵاوەکانی بڵاو دەکاتەوە، بۆ سەرلێ شێواندنی خەڵکی موسوڵمانی کورد بە گشتی و لاوەکانمان بە تایبەتی، جا بۆیە منیش پێم خۆش بوو پێکەوە چەند پەردەیەکی کتێبە گومڕاکەی ئەم دواییەی هەڵبدەینەوە، بۆ ئەوەی بۆ هەموان دەرکەوێت ئەم کابرایە چی‌یە و؟ نیازی چی‌یە؟!

**پەردەی ((یەکەم))** :- لە ژێر ناونیشانی (دژایەتی (البانی) لەگەڵ ئیمامی (حنفی) رحمه الله لە (ل ٩-١٠) دا دەڵێ : ((... بەلام ئەوەی جێی داخ و سەرسوڕمانە ئەوەیە : کە پێشەوایەکی (خوارج) ی ئەم سەردەمە - بۆ خزمەتی (کفر) لە پلەی ئەم ئیمامە بەرێزە کەم دەکاتەوە... بە چاوی خۆت ببینە (الباني) بەرامبەر ئیمامی (حنفي) چی دەڵێ؟...)) (هذا صريح في أن عيسى عليه السلام يحكم بشرعنا و يقضي بالكتاب و السنه لا بغيرها من الانجيل أو الفقه الحنفي و نحوه) ... ئایە هیچ موسوڵمانێک باوەڕ دەکا : کە مەزهەبی (حنفي) وەکو (انجيل) دژ بە ئیسلام بێ!!!؟ وا ئەم گوتەیە بە ئاشکرا لێی دەفامێتەوە کە شوێن کەوتەکانی ئیمامی (حنفي) وەکو گاورەکانی شوێن کەوتەی (انجيل) گومڕا بن!!! (سبحانك هذا بهتان عظيم) ... کەوا بوو :- دەپرسین : ئایا (الباني) لە لای کێ خوێندویەتی؟... هتد ) قسەکانی کە پڕە لە جوێن و قسەی پیس بە (شێخ البانی) و شوێن کەوتووانی (اهل السنه). **منیش دەڵێم** :- تەماشا بکە و بە چاوی خۆت ببینە ئەم کابرایە چۆن قینی دڵە ڕەشەکەی دەڕشێنێتە سەر زانایەکی پایە بەرزی (اهل السنه و الجماعة) ی ئەم سەردەمە و. بە پێشەوای



Scanned with ACE Scanner

(خـوارج) ی دا دەنـێ... ئـەم قسانە هیـچ کەسێک نـەیکردووە هـــەتا دوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلامیش، مەگەر لەمەودوا لە هەرتەلی و هـاو وێنەکانی‌یەوە فێر ببن! ! توخوا ئـــەم قسـانە ڕێـزی موسـوڵمانان تێـک دەدەن یا قسە پڕ لـە (علـم) و زانسـتەکانی (شیخ البـاني)؟ خوێنـەری بەڕێز ئـەو ووتەیـەی (شـیخ البـانی) وەلامـی ئـەو پرسـیارەیە کـە دێتـە مێشکی هەموو کەسێکەوە کـاتێ باسـی دابـەزینی پێغەمبـەر (عیسـی) (علیه السلام) دەبیسێت، ئەویش ئەوەیـە ئایـە ئەگـەر دابـەزێ بـە چـی حوکم دەکات ئایا بە قورئان یا بە (انجیل)؟ جا شێخ لـێرەدا دەفـەرموێ : بـە قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەر (ﷺ) نـەک بـە (انجیـل)، کـە گاورەکان دەڵێن. جا لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە مێشکی هەندێ کـەس دا (بە تایبەتی ئەوانەی د· ارگیری مەزهـەبییان هەیـە) ئایـە بـە چـی مەزهـەبێک حوکـم دەکـات، ئایـا بـە مەزهـەبی (حنفـی) بـۆ قورئـان و سوننەت یا بە مەزهەبی (مالک) یان (شـافعي) یـان (أحمـد)؟ جـا بەشـی دووەمـی ووتەکـەی (شێخ) وەلامـی ئـەم پرسـیارەش دەداتـەوە کـە دەفـەرموێ :((نـە بـە فیقهـی حەنـەفی)) کـەوابوو ئەمـە شـکاندنەوەی ئیمامی (ابو حنیفه) نی‌یە، بـەڵکو وەلامـی ئـەو کەسانەیە کـە دەڵێن : ئەگەر پێغەمبەر (عیســی) دابـەزێت ئـەوە حوکـم بـە مەزهـەبی (حنفـی) دەکات[٤٣].

چونکە ئیمامی (ابو حنیفە) ڕەحمەتی خـوای لێ بێـت خـۆی بـە کەسـی نـەووتوە. پێویسـتە شـوێنی ڕای مـن بکـەویت بـەڵکو بـە پێچەوانـــەوە (وەک لە باسی (تقلیـد) ڕوونـی دەکەینـەوە) چـی جـا بلێـت (عیسـی) ئەگەر دابەزێت بە مەزهەبی من حوکم دەکات! !

ئەم جار ناو بردنی مەزهەبی (حنفی) لەگەڵ (انجیل) دا بـێ ڕێـزی نی‌یـە بۆ ئیمامی (ابو حنیفە) چونکـە ئەگـەر وابێـت مانـای وایـە کـاتێ خـوای

---

٤٣- بنواره (حاشية ابن عابدين) (٣٩/١) وه (معوقات الشريعة الاسلامية) د.عمر سلمان الأشقر.



Scanned with ACE Scanner

گەورە ناوی قورئـان دەبات لەگـەڵ (انجیـل) و (تـوراة)دا بـێ ڕێزیـە بـۆ پێغەمبەر (ﷺ). بێ گومان وانی‌یە چونکە ئەو (انجیـل) ەی کـە ئەگـەر (عیسی) علیه السلام حوکمی پێ بکردایە (انجیل)ە ڕاستەکە دەبوو کـە (کتاب الله) یە کەوا ئەگەر باوەڕمان پێ‌ی نەبێت پەنا بە خوا بێ باوەڕ دەبین، ئیتر نازانم هەرتەلی نەفام بۆ دەڵێ : (انجیل) دژ بە ئیسلامە ! !

لە پاشان دەڵێم ڕێزگرتنی (شیخ البانی) لە زانایانی ئیسلام بە گشتی و زانایانی چوار مەزهەبەکە بە تایبـەتی شتێکی زۆر ڕوون و ئاشـکرایە بۆ هەر کەسێکێ ئەگەر تەنها یەکێ کتێبیشی لە کتێبە زۆرەکانی (شـێخ) خوێندبێتەوە، بەڵام چی بڵێم لەگەڵ بابایەکێ دا دەمارگیری (مەزهـەبی) چاوەکانی کوێر کردووە لە ئاستی بینینی حەق و ڕاستی ! !

بـەڵام لـێرەدا تێبینیـەکێ هەیە پێویسـتە لێ‌ی ئاگـادار بـین : ئـەویش ئەوەیـە کـەوا دەرخسـتنی هەڵــە و ڕاسـتکردنەوەی بــە شـێوەیەکی (علمی) لە نێوان زانایان دا بێ ڕێزی نی‌یە، بەڵکو (واجب) یشە لەبـەر ئـەوەی (حـەق) نەشـاردرێتەوە و پێشـێل نـەکرێت بـە نـاوی ڕێـز و (احـترام). ڕە، ئەمـەیش باسـی دەکـەین لـە نێـوان هـاوەڵان و شـوێن کەوتوواز و شوێن کەوتووانی ئـەوانیش دا ڕووی داوە وە باویش بـووە لە ناو پێشینە پیاو چاکەکانی ئیسلام دا.

**بۆ نموونە :** ئەو جیاوازی‌یەی کەلـە نێـوان مەزهەبـەکان دایـە باشـترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ئەو قسەیەمان. ئێمە هەموو دەزانین (شافعی) قوتـابی (مـالك) بـووە وە (احمـد) یـش قوتـابی (شـافعی) بـووە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. بەڵام ئەوە نەبووەتە هـۆی ئـەوەی هەڵـەی یەکتری دەرنەخەن و ڕاستی نەکەنەوە، وە کەسیش نەیووتوە (احمـد) ڕێزی لە (شافعی) نەگرتووە.

جا لە دوایی ئەم باسـەدا دەڵێـم : لەبـەر ئـەوەی لـەم کتێبـەدا نـاتوانم حەققی تەواو بدەم بە باس کردنـی ژیـانی (شـێخ محمد نـاصر الدیـن) الالبانی پێم خۆش بوو بۆ ئەوەی بە تەواوەتی شارەزا ببـین لـە ژیـانی



Scanned with ACE Scanner

ئەو زانا پایە بەرزە و فـەرمووده ناسـە (المحدث) ەی ئـەم چەرخـە، وە خزمـەت کردنـی بـە ئـاییـنی ئیسـلام بـە گشـتی و سـوننەتی پێغەمبـەر (ﷺ) بە تایبەتی، وە ناسینی مامۆستا و قوتابێکـانی وە هـەوڵ دانـی بۆ یەکگرتنی ڕیزی موسوڵمانان... بنواڕیتە کتێبی (حیاة الالبـانی واثـاره وثناء العلماء علیه) لمحمد بن ابراهیم الشیبانی.

**پەردەی (دووەم)** :- لە ژێر ناونیشانی (ئامانجی پیلانەکە) لە (ل[15]) دا دەڵـێ:- ((... ئـەوان (واتـە کافرەکـان) چـاک دەزانـن بـەهێزترین پیلانی ئەم ئامانجە گڵاوە دوور خسـتنەوەی موسـوڵمانانە لـە زانایـانی ئایینی بە تایبەتی هەر چوار زانایەکەی سەر مەزهەب، چونکە گومانیان لەوەدا نیـیە. کە ئەم (عبدالحمید الثانی) یە کە خاوەنی ئەم هەڵوێستە ئیسـلامیـیە بـوو. لەسـەر (فقـه) ی مەزهـەبی ئیمـامی (حنفـی) بـوو و (عقیدة) ی مەزهەبی ئیمامی (المـاتریدی) بـوو، کـاتێکیش بیرکردنـەوە : (صـلاح الدیـن الایوبـی.... لەسـەر (فقـه) ی مەزهـەبی (شـافعی) و (عقیدة) ی مەزهەبی (اشعری) بووە... ))

**منیش دەڵێم** :- ئەی باشە پێغەمبەر (نوح) و پێغەمبـەر (ابراهیـم) و پێغەمبەر (موسی) و پێغەمبەر (عیسی) و پێغەمبـەری خۆمـان (ﷺ) و هـەموو پێغەمبـەرانی تـر (علیهـم الصـلاة والسـلام) و هـەموو بانگەوازکەرانی ڕێگەی خوا لـە (صحابـه) و (تابعین) و (تـابعی تـابعین) پیاو چاکان و شەهیدان و.. هەر لە باوکە ئادەمەوە تا ئەمڕۆی خۆمـان کە بەردەوام دژایەتیان کراوە لە لایەن بێ باوەڕان و (مشرك) ەکانـەوە نازانم لەسەر (فقه) ی کێ و(عقیده) ی کێ بوون؟!! بەسێتی کلاوات و موسوڵمان خەڵەتاندن ئەی هەرتەلی بە قسەی هیچ و پووچ و بێ مانـا کە هەرگیز پیاوی ژیر و تێ گەیشتوو نایکات، خوای گەورە دەفـەرموێ : ((یُخْرِجُونَ الرَّسولَ وَإیّاکُم أنْ تؤمِنُوا با لله رَبکـم))[44] واتـە: بۆیـە بێ

٤٤- الممتحنة:١

باوەڕەکان ئێوە و پێغەمبەر (ﷺ) دەردەکەن چونکە باوەڕتان بە خوای پەروەردگار تان هێناوە. هەروەها دەفەرموێ : ((وما نقموا منهم الا أن يؤمنوا با لله العزيز الحميد))[٤٥] واتە:- بێ باوەڕەکان لەبەر هیچ شتێک سزای موسوڵمانەکانیان نەدا تەنها لەبەر ئەوە نەبێ کە باوەڕیان هێنا بە خوای دەسەلات داری سوپاس کراو. وە هەروەها دەفەرموێ: (ولا يزالون يقاتلونكم حتى يردوكم عن دينكم أن استطاعوا..)[٤٦] واتە: بێ باوەڕەکان هەر بەردەوامن لە جەنگ کردن لەگەڵتان دا تاوەکو دەتانگێڕنەوە لە ئاینەکەتان ئەگەر بتوانن...

کەوا بوو دژایەتی کردنی (بێ باوەڕان) بۆ موسوڵمانان لەبەر یەکتا پەرستی خوا و شوێن کەوتنی پێغەمبەر (ﷺ)ە، نەوەک لەبەر شوێن کەوتنی (فقه) ی فلانە کەس و (عقیدە) ی فلانەکەس! !

**پەردەی (سێیەم)** :- لە ژێر ناونیشانی (ڕای نۆکەرانی کوفر بەرامبەر بە چوار مەزهەبەکە ) لە (ل ١٧-١٨) دا دەڵێت:- (... کەوابوو بە سەیری مەزانە پێشەوایەکی (خەوارج )ی سەرلێشێواوی وەکو (د. مروان القیسی) بۆ خزمەتی (کفر) و دڵنیاکردنی (فرنسە) هێرش بکاتە سەر پێشەواکانی ئەم چوار مەزهەبە و وەکو (قەشە، مالم) ی گاور و جوەکانیان دابنێ... دەڵێ (مەبەستی د. مروان)ە ((أخيراً فإن القول ان المذهبية اسلم وانه لابد من الالتزام باراء مذهب ما، هو قول خطير يتضمن من الشرك فإن ا لله تعالى لم يتعبد أحداً من خلقه باتباع أحد مهما سما قدره في العلم مادام غير معصوم وهنا فليس من باب التكرار ان اعيد ما ورد أن عدى بن حاتم سمع النبى (ﷺ) يقرأ هذه الاية (اتخذوا احبارهم ورهبانهم أرباباً من دون ا لله) فقال انا لسنا نعبدهم قال : اليس يحرمون ما أحل ا لله فتحرمونه ويحلون ما حرم ا لله فتحلونه فقلت بلى، قال تلك

---

٤٥- البروج: ٨
٤٦- البقرة: ٢١٧



Scanned with ACE Scanner

عبادتهم))... زۆر سەیرە ئەوە ئایەتی (فاسئلوا اهل الذكر ان كنتم لا تلمون) فەرمانی خوای گەورەیە كە واجبە پرسیار لە زانایانی ئایین بكەین. ئاگەر نەمانزانی !..)

**منیش دەڵێم:-** هەرتەلی هەر وەك باو و عادەتیتی هەر بەردەوام خەریكی جوێن دان و تانە و تەشەرە وەشاندنە، ئەمەش لە ڕاستیدا ڕەوشتی موسوڵمان نی‌یە چی جار ((مەلا)) یەك كە خۆی بە میرات گیری پێغەمبەر (ﷺ) دەزانێت، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت ((**ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان و لاالفاحش ولا البذيء**))[47] واتە: باوەڕدارتانە و تەشەر وەشێنەر و نەفرین كەر و جوێن دەر و دەم پیس نی‌یە.

لێرەدا قسەكەی (شێخ عبدالقادر الگیلانی) م دێتەوە یاد كە دەفەرموێ : ((**فعلامة أهل البدع الوقيعة في أهل الأثر...**))[48] واتە: ... نیشانەی (أهل البدع) قسە كردن و جوێن دانە بە (أهل الحديث)... لە پاشان دەڵێم:- ئەم ووتەیەی (د.مروان) نە لە پلەی زانایانی ئیسلام كەم دەكاتەوە وە نەهیچ، بەڵكو تەنها ئەو مەبەستە دەگەیەنێت كە ئەو زانایانە خۆیان دەیفەرموون وەك ئیمامی (مالك) بە (هارون الرشيد) ی فەرموو، وە لە باسی (التقليد)یشدا باسی دەكەین (انشاءالله).

(د.مروان) قسەیەكی تازەی نەكردووە، یا وەكو قسەیەكی نەكردووە ئەوەندە (خطر) بێت كەوا شایانی ئەوە بێت پێی بڵێی گومراو (خوارج) وەك (مفتي) ئاخر زەمان (فتواي) ی پێ داوە و خستویەتیە ڕیزی نۆكەرانی كوفرەوە، مەبەستی (د.مروان) ئەوەیە كە نابێت بوترێت (مەزهەبیەت سەلامەت ترە و پێویستە لە. یەكێك لەم مەزهەبانە لانەدەیت) چونكە ئەم چوار مەزهەبە بە هەمووشیانەوە

---

٤٧- رواه البخاري و أحمد و الترمذي.

٤٨- الغنية للشيخ عبدالقادر الكيلاني.



Scanned with ACE Scanner

شەرعی ئیسلامیان تێدا کۆنەبووەتەوە[٤٩]، چی جا یەکێکیان، بۆیە پابەند کردنی موسوڵمانان بە یەکێک لەم چوار مەزهەبەوە قسەیەکە نە خوا فەرموویەتی و نە پێغەمبەریش (ﷺ) وە نە هاوەڵان وە نە شوێن کەوتوان وە نە پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە خۆیانیش (وەک باسی دەکەین)، کەوا بوو تەنها کەسێک کە پێویستە لە هەموو شتێکدا شوێنی بکەویت وە نابێت لێی لابدەیت (محمد المصطفى) یە (ﷺ) کە خوای گەورە خۆی پاراستویەتی لە هەڵە کردن، کەوا بوو جگە لە (المعصوم) هەموو کەسێک هەڵە دەکات، وە پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە یەکێکن لەوانەی کە هەڵەیان کردووە بۆیە نابێت لە هەموو شتێکدا شوێنیان بکەویت، ئەگەر بڵێی بەڵکو هەر ئەبێت لە هەموو شتێکدا شوێنیان بکەویت ئەوە وەکو نمونەکەی (عدي بن حاتم)ە، کە گاورەکان لە هەموو شتێکدا شوێنی (قشە) کانیان دەکەوتن با ڵاڵیشیان لەسەر حەرام بکردنایە، یان حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ بکردنایە.

خوێنەری بەڕێز ئەگەر بە چاوی (انصاف) ەوە نەک بە چاوی دەمارگیری مەزهەبی‌یەوە بڕوانیتە قسەکەی (د.مروان) لەوە زیاتر هیچ بێ ڕێزیەک نابینیت.

**پەردەی (چوارەم)** :- لە ژێر ناونیشانی (ابن تيمية) لە (ل١٨-٢٠) دا دەڵێ :- (خوا ڕووی درۆزن ڕەش کات) - مەبەستی هەرتەلی (د.مروان)ە کە دەڵێ (ابن تيمية) لەبەر طلاقی سێ بە سێ (تکفیر) کرا لەلایەن هەندێک لەوانەی دەمارگیری مەزهەبییان بوو ، لە پاشان (هەرتەلی) دەڵێ :- چونکە دەیەوێت بە هۆی هەڵەی زانایەک (زیناخانە) لە ئیسلامدا دابنێت خۆ مەسئەلەی طلاقی سێ بە سێ- کە دەکەون -

---

٤٩. چونکە جاری وا هەیە لە مەسئەلەیەکدا هەر چوار مەزهەبەکە نایپێکن، بەڵکو یەکێکی تر لە زانایانی ئیسلام دەیپێکێت.



Scanned with ACE Scanner

بڕیاری ئیمامی-عمر-ی خەلیفەی پێغەمبەرە (ﷺ) لە کاتی ئەم بڕیارەشدا، هەردوو خەلیفەکەی تری پێغەمبەر (ﷺ) ئیمامی (عثمان) و ئیمامی (علي) و کۆمەڵێکی تری (صحابە) ی پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بوون وە ئاگادرای ئەم بڕیارە بوون و ڕەخنەیان نەگرت، کەوا بوو ئەم بڕیارە بە (اجماع) یەک دەنگی ئەم سێ خەلیفەیە بوون. (رضی الله عنهم) - ئەم چوار ئیمامەی سەر مەزهەبیش شوێن ئەم سێ خەلیفەیە کەوتوون...).

**منیش دەڵێم** :- هەر بە خوێندنەوەی قسەکانی هەرتەلی دا ڕاستی دەردەکەوێت بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک توانای لێکۆڵینەوەی نی‌یە وەڵامی دەدەمەوە.

تەڵاقی سێ بە سێ بەیەک جار کە ناکەوێ و بەیەک جار دەژمێردرێ ووتەی خوای گەورەیە کە دەفەرمووێ (الطَّلاقُ مَرَّتَانِ فإمساكٌ بمعروفٍ أو تسريح بأحسان)[٥٠] واتە: تەڵاق دووجارە لە پاشان یان بە چاکی و ڕێک و پێکی بیگرە وە یان تەڵاقی یەکجاری بە چاکی بدە. هەروەها فەرموودە و بڕیاری پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، (ابن عباس) ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێت : (تەڵاق لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و (ابوبکر) و دوو ساڵ لە خیلافەتی (عمر) یشدا تەڵاقی سێ بە سێ بە یەک تەڵاق دەژمێردرا، لە پاشان (عمربن خطاب) فەرمووی : بە ڕاستی خەڵکی پەلەیان کرد لە شتێک دا کە مۆڵەتێکی تیابوو بۆیان جا ئێمەیش ئەگەر بۆیانی جێبەجێ بکەین ئەوە ئەو پەلەیەی لێ ناکەن. لە پاشان (عمر) تەڵاقی سێ بە سێ بە سێ تەڵاق دەژمارد)[٥١]

هەروەها ئیمامی (ابن عباس) ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: (رُکانە) ژنەکەی خۆی سێ جار تەڵاق دا لەیەک دانیشتندا، جا لە پاش ئەوە زۆر دڵگران بوو بۆی... پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پرسیاری لێ کرد ((چۆن تەڵاقت دا))؟ ئەویش ووتی : سێ جار. پێغەمبەر (ﷺ)

---

٥٠- البقرة: ٢٢٩

٥١- رواه مسلم



Scanned with ACE Scanner

فەرمووی ((لەیەک دانیشتندا))؟ ئەویش ووتی : بەڵێ. جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ((ئەوە بەیەک تەڵاق دەژمێردرێت، جا ئەگەر ویستت لەسەری بوو ئەتوانیت بیگێڕیتەوە،، ئەویش گێڕایەوە.))(٥٢) کەوا بوو ئەگەر بە قسەی هەرتەلی دەمبەتاڵی جوێن فرۆش بێت ئەبێ پێغەمبەریش (ﷺ) (زیناخانەی) دانابێت. (نعوذ با لله من الخذلان!! ئیتر ئەم نەفامە هەر لەخۆیەوە (فتوى) دەدات و (اجماع) دادەنێت بەبێ ئەوەی بروات بگەڕێت ئایا بزانین ڕاستە ئیمامی (عثمان) و (علي) و هاوەڵانی تری پێغەمبەر (ﷺ) بەم (اجتهاد)ەی ئیمامی (عمر) ڕازی بوون و پێیان پەسەند بووە، خۆ ئەگەر بە قسەی هەرتەلی بێت ئەگەر (اجماع) ی لەسەر بێت ئەوە نابێ کەس لە هاوەڵان و شوێن کەوتوان و پێشینە پیاو چاکەکان بە پێچەوانەی ئەو (اجماع) ەوە کاریان کردبێ یان فتوایان پێ دابێ. بەڵام دەبینین وانییە، ئەوەتا ئیمامی شەوکانی دەفەرمووێ : ئەو ڕایەی کەوا تەڵاقی سێ بە سێ بەیەک تەڵاق دەژمێردرێت (صاحب البحر) دەیگێڕێتەوە لە (ابو موسى) و ڕیوایەتێک لە (علي) و (ابن عباس) و (طاوس) و (عطا) و (جابر) و (ابن زيد) و (الهادي) و (القاسم) و (الباقر) و (احمد بن عيسى) و (عبدا لله بن موسى) وە ڕیوایەتێک لە (زيد بن علي) یەوە وە هەروەها بۆچونی کۆمەڵێک لە (المتأخرين) ە وەک (ابن تيمية و ابن القيم) وە کۆمەڵێک لە (محققين) وە هەروەها (ابن المغيث) لە کتێبی (الوثائق) دا دەگێڕێتەوە لە (محمد بن الوضاح) وە ئەم (فتوى) یە لە کۆمەڵێک لە زانایانی (قرطبة) وە گێڕاوەتەوە وەکو (محمد بن بقي و محمد بن سلام) وە کەسانی تریش، وە هەروەها (ابن المنذر) دەیگێڕێتەوە لە هاوەڵەکانی (ابن عيسى) وە وەکو (عطاء و طاوس و عمر و ابن دينار) وە هەروەها (ابن المغيث) لەو کتێبەدا دەیگێڕێتەوە لە (علي) و (ابن مسعود) و (عبدالرحمن بن عوف) و (الزبير)، وە ڕەزای خوایان لێ بێت أ.هـ وە هەروەها ئێستا لە

---

٥٢ رواه احمد و ابوداود



Scanned with ACE Scanner

(محاكم) ەكاندا بەم (فتوى)یە حوكم دەكرێت[٥٣]، هەروەها (ابن رشد)یش رای لەگەڵ ئەم رایەدایە[٥٤]، كەوا بوو ئێستا بۆمان روون بویەوەكە جەنابی هەرتەلی خۆی (نا تێگەیشتووی پێنەگەیشتووە)ە.

**پەردەی ( پێنجەم )** :- هەروەها لە ژێر هەمان ناونیشان دا لە (ل ١٩-٢٠) دا دەڵێ: ((..بەڵكو ڕاستی‌یەكەی ئەمەیە.. (ابن تيمية) زمان درێژی كردە سەر هەر دوو خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) ئیمامی (عمر) و ئیمامی (علي) و گووتی (عمر) زۆر بە هەڵەدا چووە و (علي) ش سێ سەد جار هەڵەی كردووە، ئینجا لەم سنورەش نەوەستا و لە كۆتایی ووتارەكەی هەینیدا گوتی (ان ا لله ينزل من السماء كنزولي هكذا) خوای گەورە لە ئاسمان دێتە خوارەوە وەكو هاتنە خوارەوەی من... یا بەداخەوە لە هەقدە مەسئەلەدا بە پێچەوانەی (اجماع) ی (أهل السنة و الجماعة) فەتوای داوە..)).

**منیش دەڵێم**:- خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموویێت ((يأيها الذين أمنوا إن جاءكم فاسقٌ بنَبأ فَتبيَّنوا أنْ تُصيبوا قوماً بجهالة فَتصبحوا على ما فعلتم نادمين))[٥٥] واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر تاوانبارێكی (فاسق) هەواڵێكی بۆ هێنان ئەوە بە تەواوی لێی بكۆڵێنەوە و (تأكيد) ی لێ بكەن، پێش ئەوەی قەومێك توش بكەن بە نەزانینەوە، چونكە لە پاش ئەوە پەشیمان دەبنەوە لەسەر ئەوەی كردتان. ئەم ئایەتی لەبارەی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (صلى ا لله عليه وسلم) دابەزیوە ڕەزای خوایان لێ بێت، جا ئەمڕۆ ئەبێت ئێمە چۆن باوەڕ بكەین بە قسەی كابرایەك كە هەر دەم كاتەوە جوێن دەدات بە شوێن كەوتوانی (أهل السنة) !! ئەسە لەلایەكەوە وە لەلایەكی

---

٥٣- فقه السنة لسيد السابق (٢/٢٣٢) هەروەها لە هەمان كتێب دا (فتوا)ی شیخ الأسلام (ابن تيميه) بخوێنەرەوە كە زۆر بە جوانی ئەم مەسەلەیە روون دەكاتەوە.

٥٤- بداية المجتهد و نهاية المقتصد لابن رشد (ل٤٦).

٥٥- الحجرات: ٦



Scanned with ACE Scanner

تریشـەوە هەرتـەلی کـە دەڵـێ (ابـن تیمیـة) لـە ڕۆژی (هـەینی) لـە مینبەرەکەی دابەزی ووتـی : ( ان الله...) ئـەم قسـەیەی لـە دوژمنـانی (أهل السنة و الجماعة) وە وەرگرتووە کە ئەوانیش لە (ابن بطوطـة) وە. کە یەکێك بووە لە دوژمنانی (شـیخ الاسـلام)، ئـەم درۆیـەی بـە دەمـی ئەوەوە هەڵبەست، جا بۆ زیاتر دڵنیا بوون کە ئەم قسـەیە درۆیـە (ابـن بطوطـة) دەڵـێ : کـاتێك چـووم بـۆ (دمشـق) لـە ڕۆژی (هـەینی) دا (ابـن تیمیة)م بینی وای ووت، (ابـن عبدالهـادي) و چـەند زانایـەکی تـری (أهـل السنة) وەڵامـی ئـەم درۆیـەی (ابن بطوطـة) دەدەنـەوە و دەڵێـن: (ابـن بطوطة) دوای ئەوەی (شیخ الاسلام) خرابۆوە زیندان گەیشتە (دمشـق)، کەوا بوو هـەر چاویشـی پـێ نەکـەوتووە ! ! وە ئـەوەی کـە دەڵـێ: لـە هەڤدە مەسئەلەدا (ابن تیمیة) بـە پێچەوانـەی (اجمـاع)ی (أهـل السـنة و الجماعة) (فتوی)ی داوە، دەڵێم: ئەو (اجماع)ەیشی هەر وەك (اجماع) ی تەلاقی سێ بە سێکەیە؟.

**پەردەی شەشەم:**- لە ژێر ناونیشـانی: ( (اجمـاع) یـەکدەنگی زانایـانی ئیسـلام) لـە (ل[٢٠و٢١]) دەڵـێ : (( (اجمـاع) واتـە: یـەکدەنگی چینێکـی زانایانی ئایینی : لەسەر بڕیارێکی شەریعەتی ئیسلام، کە لـە قورئـان و حەدیس وەریان گرتووە)).

**منیش دەڵێم:** ئـەم پێناسـەیەی (هەرتـەلی) بـۆ (اجمـاع) زۆر هەڵەیـە چوونکە (اجماع) : ((یەکدەنگی هەموو (مجتهدین)ی ئوممـەتی ((محمـد))ە (ﷺ) پاش وەفاتی ئەو لەیەك چـەرخدا لەسـەر حوکمێکـی شـەرعی)) وەك (آمدي) ئەم پێناسەیە دەکات[٥٦]

کەوا بوو ئەو پێناسەیەی (هەرتەلی) بە هیـچ جۆرێك پێناسـەی (اجماع) نییە، چونکە (اجماع) چەند مەرجێکی سـەرەکی هەیـە پێویسـتە تێیـدا بێت ئەگینا (اجماع) نییە :

---

٥٦- الاحکام للآمدي (١١٥/٤).



Scanned with ACE Scanner

١- (اجماع) ی هەموو مجتهدین) بە گشتی.
٢- لەیەک چەرخدا بێت.
٣- دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بێت.

**بەلام**: پێناسەکەی ((هەرتەلی)) هیچ لەم مەرجانەی تێدا نی‌یە، ئەمەش بەلگەیە لەسەر نەزانی‌ی ئەم کابرایە لە ((اصول الفقه))دا و، بە هەوا و ئارەزووی خۆی پێناسە دەکات.

وە هەروەها دەلێ: ((کەوا بوو رەفتار بە یەک دەنگی کۆمەلە گەورەکەی (أهل السنة) بکەین.))

**منیش دەلێم** : ئەم قسەیەش بەلگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە (هەرتەلی) ((حەق)) و ((ناحەق)) تێکەل دەکات بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجە گلاوەکانی.چونکە کۆمەلە گەورەکەی ((أهل السنة)). پێ ی ئەووترێ : (الجمهور) کە مەرج نی‌یە لەسەر راست بن و پێویست نی‌یە لەسەر هیچ کەسێک شوێنیان بکەوێت بەلام یەکڕایی زانایان پێ ی ئەووترێ : (الاجماع) کە مەرجە لەسەر راست بن و پێویستە لەسەر هەموو موسولمانێک شوێنیان بکەوێت.

دکتۆر (عبدالکریم زیدان) دەفەرموێ : ((ئەوەی ئێمە بە راستی دەبینین لەو پێناسەیەی (آمدي) دا، کە یەکڕایی و یەکدەنگی ئەبێ هەموو (مجتهدین) بگرێتەوە بەبێ جیا کردنەوەی هیچیان، جا ئەگەر هەندێک لەو (مجتهد) انە یا یەکێکیشیان جیاواز بێت لەگەلیان دا ئەوە پێ ی ناووترێت (اجماع)، وە کاتێکیش کە (اجماع) نەبوو ئەوە نەبەلگەیە و نەپێویستە لەسەر موسولمانان شوێنیان کەوون، چونکە زۆرینەتی بەلگە نی‌یە لەسەر راستی، چونکە جاری وا هەیە کۆمەلە زۆرەکە بە هەلەدا دەچن و کۆمەلە کەمەکەیش دەیپێکن))[٥٧].

کەوا بوو ئێستا زیاتر بۆمان روون بویەوە کەوا (شیخ الاسلام ابن تیمیە) لە هەقدە مەسەلەدا بە پێچەوانەی (اجماع)ی (أهل السنة و الجماعة)

---

٥٧- الوجيز في اصول الفقه ( ل ٨٠ )



Scanned with ACE Scanner

(فتوى)ی نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەی رای (التعصب المذهبي) فتوای داوە، وەک روون و ئاشکرایە بۆ هەر کەسێک بنوارێتە کتێبەکانی (شیخ الاسلام) دا، لە راستی دا (ابن تیمیه) تازەکەرەوەی (منهج)ی (أهل السنة و الجماعة) یە لەسەردەمێکا کەوا (اهل البدع) سەر رووی زەوییان داگیر کردبوو. بۆیە پێویستە بزانین کەوا (وارث علم الصحابة والتابعين والائمة المتبوعين شيخ الاسلام (ابن تيميه رحمه الله)[٥٨] ئەو زانایەیە کە لە هەموو بوارەکانی ئیسلام دا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە کەوا ئێستا لەم نامیلکەیەدا ناتوانین (حەق)ی خۆی پێ بدەین بەڵام لێرەدا ئەو ووتەیەی (الحافظ ابن حجر العسقلاني - رحمه الله) دەهێنمەوە کە دەفەرموێ: ((فالواجب على من تلبس بالعلم وكان له عقل ان يتأمل كلام الرجل من تصانيفه المشهورة، أو من ألسنة من يوثق به من أهل النقل، ولو لم يكن للشيخ تقي الدين (ابن تيميه) الا تلميذه الشيخ شمس الدين ابن القيم الجوزية - صاحب التصانيف النافعة السائرة التي انتفع بها الموافق والمخالف - لكان غاية في الدلالة على عظم منزلته)) جا کەوابوو:-

فما ضرّ بحر الفرات يوماً   أن خاض بعض الكلاب فيه.

**پەردەی (حەوتەم)**:- لە ژێر ناونیشانی (((اجماع)) وە حەدیسی پێغەمبەر (ﷺ) لە (ل٢١-٢٢) دا پاش ئەوەی ووتەی (شافعی) و (احمد) و (نوەوی) لەباری وەرگرتنی (الحديث الضعيف)ەوە هێناوە دەڵێ:- (ئەی لاوی موسوڵمان: لەم باسەدا بۆت ئاشکرا بوو: کە (البانی) خیانەتێکی چەند گەورەی لە حەدیسی پێغەمبەردا (ﷺ) کردوە، لە کتێبی (سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة) دا، چەند حەدیسی (ضعیف) - کە بەکار دێن - دایبەزاندۆتە ریزی حەدیسی

---

٥٨- ئەمە ووتەی ((الشیخ محب الدین الخطیب)ە لە پێشەکی (القاعدة الجلیله)دا



Scanned with ACE Scanner

(موضوع) ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر تێنەگەیشتنی (البانی) لە (علوم الحدیث).

**منیش دەڵێم** :- ئەی خوێنەری بەڕێز ئەگەر بە چاوی (انصاف)ەوە نەک بە چاوی دەمارگیری (تعصب) وە بنواڕیتە ئەم قسانەی هەرتەلی بۆت دەردەکەوێ کەوا ئەم کابرایە بە بێ هیچ بەڵگەیەکی (شرع)ی بەر بووەتە جوێن دان و گۆشت خواردنی زانای فەرموودەناس (شێخ البانی) کە زیاتر لە شەست ساڵی تەمەنی خۆی لە خوێندن و (دراسة) کردن و (تحقیقات) دا بردۆتە سەر،تەنها بە بیانووی ئەوەی کە گوایە (لەو باسەدا بۆمان ئاشکرا بوو)!! نازانم مەبەستی کام باسە؟! ئەگەر مەبەستی ووتەکانی (شافعی)و (احمد) و (نووی) یە - ڕەحمەتی خوایان لێ بێت - ئەوە هەر یەکێ کتێبەکانی یان هەتا کتێبێکی (شێخ ) ی خوێندبێتەوە ئەوە چاک دەزانێ کە (شێخ البانی) خۆی ئەم ووتانە ووتەی زانایانی تریش دەهێنێتەوەو کاریان پێ دەکات لە (تخصص)ەکەی خۆیدا[٥٩] بەلام ئەگەر مەبەستی قسەکەی (هیتمی) یە، ئەوە ئەو قسەیە بۆ (مقلد) ێکی وەکو هەرتەلی یە کە هیچ سەری لە زانیاریەکانی فەرموودە نەبێتەوە، نەک بۆ پێشەوایەک لە زانیاری فەرموودەدا وەک (شێخ البانی) کە دۆست و دوژمن شایەتی لێ هاتووی بۆ دەدەن تەنها کەسانێک نەبێ کەوا حەسادەت دڵەکانیانی ڕەش کردۆتەوە. هەرتەلی لەم باسەیدا هیچ مەبەستێکی نی یە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەیەوێ ڕەخنە لە (شێخ البانی) بگرێت ئەگینا ئەوەی ئەو بە خیانەت ناوی دەبات (ابن حجر العسقلانی و نووی و...) کردوویانە، ئەوەتا چەندەها فەرموودە کە ئیمامی (ترمذی) و(ابو داود) و... پلەی (صحیح ، حسن) یان پێ داوەو کەچی ئەوان (ضعیف)ی دەکەن، هەروەها چەندەها زانای پایە بەرزبوونە ئەمە کاریان بووە، بە ماوەی تەمەنیان چەندین کتێبیان نووسیوەتەوە لەم بارەوە، بەلام

---

٥٩- بنواڕە پێشەکی (تمام المنة)و سلسلة الأحاديث الصحيحة للشيخ الألباني.



Scanned with ACE Scanner

هەرتەلی نەزان وا دەزانێت ئەو کارە تەنها (البانی) پێی هەستاوە، ئەوەتا هەر خۆی باسی (محدث) هیندی (حبیب الرحمن الاعظمي) دەکات،ئیتر بەبێ ئەوەی بزانێت (محدث) چییە، وا ئەزانم بە (راوی) تێ گەیشتووە چونکە لە قسەکانیدا بە (محدث) دەڵێ ((حەدیس گێڕ)) بەلام:-

عليٌّ نحتُ القوافي من معادنها وما عليَّ أذا لم تفهم البقرُ

**پەردەی (هەشتەم)**:- لە ژێر ناونیشانی (جیاوازی مەزهەب لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) دا هەبووە)) لە (ل ٢٣-٢٤) دا دەڵێ:- ((ئەی لاوی موسوڵمان، دەزانم (خوارج) پێت دەڵێن: ئەم چوار مەزهەبانە (بدعه) نەو ڕاست نین ئەگەر ڕاست بن ئەم جیاوازییە بۆ چییە؟ لە وەلام دا بڵێ: کاکە ... ئەوەمان باس کرد کە ئەم چوار مەزهەبە بە (اجماع)ی (السلف الصالح) دامەزراوون... جگە لەمەش بە ئاشکرایی جیاوازی مەزهەب لە سەردەمی پێغەمبەر دا (ﷺ) بووە بەڵگە:- ((عن ابن عمر أن رسول الله (ﷺ) قال يوم الاحزاب: لا يصلين أحدٌ إلا في بني قريظة فأدرك بعضهم العصر في الطريق فقال بعضهم : بل نصلي لم يُرد منا ذلك فذكر ذلك للنبي (ﷺ) فلم يعنف واحداً منهم)) رواه البخاري ومسلم.

... ئەی لاوی موسوڵمان باش بیر بکەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر لە ژیانی دا بوو (حدیث) هەر یەک (حدیث) بوو ئەدی لەبەرچی هەر یەک لە نوێژدا دوو مەزهەبی جیاواز دروست بوو؟... ئەی لاوی موسوڵمان پێت دەڵێم : مەزهەبی (حنفی) دەفەرموێ : دەستنوێژ لە ئافرەت ناشکێ، مەزهەبی (شافعی) دەفەرموێ : دەستنوێژ لە ئافرەت دەشکێ بەڵگە بە ئایەتی (او لا مستم النساء) دەهێننەوە واتە (حنفی) دەفەرموێ : مەبەست بە ( لامس) (جماع) کردنەوە نەک دەست لێ دان،

(شافیعی) دەفـەرموێ: مەبەست دەست لێدانە نەک (اجماع) کـردن...
دەبینین ئایەت هەر یەک ئایەتە، هەروەک حەدیسەکەی ڕابوردو....)).
**منیش دەڵێم**:- نـازانم چی زانایەک لـە زانا متمانە پـێ کراوەکـان (اجماع)یان (نقل) کردوە لە سەر ئەوەی کە (سلف) (اجماع) یان لەسـەر دامەزراندنی ئەم چوار مەزهەبە کردوە؟!
لە پاشـان کـە دەڵـێ ((جیـاوازی مەزهـەب لـە سـەردەمی پێغەمبـەر دا هەبووە..)) قسەیەکی نابەجێیە چونکە ئەو جیاوازییە ئەوەندە دەبوو تا دەگەیشتنە خزمەتی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) ئیـتر لـەوێ دا کۆتـایی پێ دەهات بەوەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاستییەکەی دەردەخسـت و یـەک لای دەکـردەوە وەک خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ((وإن تنـازعتم في شـئ فردوه الى الله والرسول))[٦٠] واتە ئەگەر دووبەرەکی تان تـێ کـەوت لـە شتێک دا ئەوا بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ). کەوابوو جیاوازییەکـە بـەردەوام نەئـەبوو تـاوەکو ببێتـە مەزهـەب. وە ئـەو فەرموودەیەی (ابن عمر) -ڕەزای خـوای لێ بێـت - نابێتـە بەڵگـە بـۆ ئەوەی بڵێی (جیاوازی مەزهـەب دروستـە) چونکـە ئـەوەی پێغەمبـەر (ﷺ) کە فەرمووی : کەس نوێژ نەکات ئیـلا لـە (بنـی قریظـة) نـەبێت. مەبەستی ئەوەبوو کە ئەوەندە پەلە بکەن لە خۆ ئامادە کردن دا پێش ئـەوەی (بنـی قریظـة) خۆیـان ئامـادە بکـەن، جـا هـەردوو کۆمەڵەکـە مەبەستەکەی پێغەمبـەریان (ﷺ) هێنایـە دی کـە پەلـە کردنەکـە بـوو کـەوابوو ئـەم نموونەیـە زۆر جیـاوازە لەگـەڵ نموونەکـەی هەرتـەلیدا، چونکە ئـەوە حوکمێکی (شـەرع)ی بـەردەوام نـەبووە بـەڵکو هـەر کـە گەیشتنە (بنی قریظة) کۆتایی پێ هات، لە بەر ئەوە کاتێ گێڕایانەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ پێویستی نەدەکرد قسەی لەبارەوە بکـات، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە کۆتایی پێ نەهاتبایە ئەوە بێ گومان یـەک لای دەکردەوە چونکە بێ گومان حەق هەر یەک حەقە و نابێ بە دوو، بۆیـە

---

٦٠- النساء: ٥٩



Scanned with ACE Scanner

کاتێک کە (عمر بن الخطاب) و (عمار ابن یاسر) لەشیان گران دەبێت و ئاو دەست ناکەوێت، (عمر) نوێژ ناکات بەڵام (عمار) خۆی بە ناوی خۆڵ دا ئەتلێنێتەوە و نوێژ دەکات کاتێک کە دەیگێڕنەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەق و ڕاستی ڕوون دەکاتەوەو مەسەلەکە یەک لا دەکاتەوە، هەروەها نموونەی ترمان لەم بارەیەوە زۆرە بەڵام مەبەستم ئەوەیە کەوا حەق هەر یەک حەقە ئەگینا ئیتر خوای گەورە بۆ دەفەرموێ ((وما اختلفتم فیه من شئ فحکمه الی الله والرسول))[٦١] واتە ئەگەر جیاوازی و دووبەرەکیتان لە شتێک دا بۆ دروست بوو ئەوا (حکم)ەکەی بگێڕنەوە بۆ لای قورئان و سوننەت بۆ ئەوەی یەک لای کاتەوە. کەوابوو نابێت بڵێین دەست نوێژ لە ئافرەت دەشکێت و ناشکێت یش، بەڵکو ئەبێت یەک لا بکرێتەوە بەوەی یا دەشکێت یان ناشکێت، ئەویش بە گێڕانەوەی بۆ لای سوننەت و ئەو (قواعد الاصولیة) یانەی کە (ترجیح)ی پێ ی دەدرێت لە نێوانی دوو ڕای دژ بە یەکدا.

پەردەی (نۆیەم):- لە ژێر ناونیشانی (اللامذهبیة قنطرة اللادینیة). لە (ل ٢٥-٢٧) دا دەڵێ:- ((ئەی لاوی موسوڵمان : بە کاکی (لا مذهبی) بێ مەزهەب بڵێ : کاکە گیان چۆن ئێمە ئایین لە ئێوە وەربگرین خۆ ئێوە زنجیرەی زانستتان پچڕاوە چونکە لە ڕێگەی زانایانی ڕابردووەوە وەری ناگرن... ئینجا تازە بە تازە کاکی (خوارج)ی بێ مەزهەبی دۆلار خۆر دەیەوێ:

ئەم چوار مەزهەبە لەناو ببا و حەفتا و دوو مەزهەبی پوچەڵیان لە جێ دابنێ، بە تازە کاکی (بێ مەزهەب) -بۆ خزمەتی کفر- پێمان دەڵێ: (واز لە (فتح الباری) و (شرح مسلم) بێنن و...) پێم دەڵێ: (واز لە (موطأ)ی ئیمامی (مالك)و (مسند)ی ئیمامی (احمد)و (صحیح البخاري)و (مسلم)و (ابی داود)و (ترمذی)و (نسائی) و... هتد بێنە؟...پێم دەڵێ:

---

٦١- الشوری: ١٠



Scanned with ACE Scanner

(ئـەم چـوار مەزهەبـە جولەکـە دایاننـاوە بـەڵام (الدکتـور..) و (الدکتـور..)و (الدکتـور..) شـەهادەی دکتۆرایـان لـە (امریکـا) و (بریطانیـا)و (فرنسـا) هێناوەتـەوە... ئیـتر بەسـیەتی هـەی.. هتـد)) جوێنەکانی ! !

**منیش دەڵێم**: بە پێچەوانەوە، ئەوانەی هەرتەلی قسەیان پێ دەکات و لێیاندەخوێنێت هـەموو ئـەو زانسـتانەیان لـە زانـا بەناوبانگـەکانی ئیسلامەوە پێ گەیشتووە وە هەر ئەوانن شوێن کەوتـەی ڕاستەقینەی ئیمامی (ابوحنیفه)و (مالك) و (شافعي)و (أحمد) و... هەموو زانایـانی تری شوێن کەوتووی پێشینە پیاو چاکەکان. چونکە ئەوان ئەو زانایانـە بەسەر مەشقی خۆیان دەزانن لە شوێن کـەوتنی ڕێبـازی (أهل السنة و الجماعة)، وە هەروەها ئەو زانایانە خۆیان داوایان کردووە لـە قوتـابی و شوێن کەوتووانیان کەوا شوێنی بەڵگەی ڕاست بکـەون لەهـەر شـوێنێك دا ببێـت و لای هـەر کەسـێکیش ببێـت. وە شـتێکی زانراویشـە لای هەموان کەوا هەر ئەوانەن هانی خەڵکی دەدەن لەسەر (طلب العلم) بە تایبەتی خوێندنی و (دراسة) کردنی (فتح البـاري)و... و ئـەو کتێبـە (حدیثیة) یانـەی تـر، بـەڵکو نـەتوانم بڵێـم زۆربـەی ئـەو کتێبانـە لـە کتێبخانەکانی ئەوان دا دەست دەکەوێت. بەڵام ئەوانەی کە هەرتـەلی بە باشیان دەزانێت و (مدح) یـان دەکـات، ئەوانـەن کـە خـەڵکی لـەو کتێبانـە سـارد دەکەنـەوە و دەڵێـن: ئـەو کتێبانـە بـۆ کـاتی خـۆی بەکارهاتووە بەڵام ئێستا (مشکله) ئێمە (سیاسة) و (فقة الواقع)ە ! !.

**پەردەی (دەیەم)**:- لە ژێر ناونیشانی (بەڵگەی شـوێن کـەووتنی ئـەم چوار مەزهەبە) لە (ل٢٨) دا دەڵێ: ((کەوا بوو: لەسەر بڕیاری کۆمەڵـە گەورەکەی زانایانی شەرع و حدیث ئەگەر توانای)) (اجتهاد)ی نەبوو - واجبـە (تقلید)ی یـەکێك لـەم چـوار ئیمامانـە بکـا: لـە بڕیارەکـانی شەریعەتی ئیسلام، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ (فاسئلوا أهل الذكر



Scanned with ACE Scanner

ان كنتم لاتعلمون)[٦٢]... هەروەها ئیمامی (ابن صلاح) گێڕاویەتی‌یەوە: كە (اجماع)ی لەسەر ئەوە دامەزراوە: دروست نی‌یە - جگە لە مەزهەبی ئەم چوار ئیمامە مرۆڤ (تقلید)ی مەزهەبێكی كەسێكی تر بكا...)

**منیش دەڵێم**:- موسوڵمانان لە بارەی (اجتهاد)و (تقلید)ەوە ئەبنە سێ بەشەوە:-

**یەكەمیان ( مجتهد )**: ئەو كەسەیە كەوا لە هەموو بوارەكانی (علوم الشرعیة) كان دا زانیاری هەیە و شارەزایە، وە توانای هەڵگوازین (استنباط)ی (حكم الشرعي) كانی هەبێ لە قورئان و سوننەتەوە یەكسەر.

**دووەم ( متبع )**: ئەو كەسەیە كە هەندێك شارەزایی هەیە و توانای تەماشا (نظر) كردنی بەڵگە (شرع) یەكانی هەیە، وە توانای هەڵبژاردنی را بەهێزەكانی هەیە.

**سێیەم ( مقلد )**: ئەو كەسەیە كە هیچ شارەزاییەكی لە زانیارییە شەرعێكان (العلوم الشرعیة) دا نی‌یە.

جا بۆ (مجتهد) دروست نی‌یە (تقلید)ی كەس بكات لە هیچ مەسەلەیەك دا كە توانای (اجتهاد) كردنی هەبێت تێیدا، هەروەها (متبع) پێویستە لەسەری بە شوێنی بەهێزترین رادا بگەڕێت. بەڵام (مقلد) پێویستە لەسەری پرسیار لە زاناترین كەس بكات كە دەستی پێ‌ی دەگات.

كەوا بوو ئەوەی هەرتەلی دەڵێ ((واجیبە (تقلید)ی یەكێك لەم چوار مەزهەبە) قسەیەكی بێ بەڵگەیە (ما انزل الله بها من سلطان)[٦٣] وە ئەو ئایەتە كە ئەوندەیكاتە بەڵگە، بەڵگەیە لەسەر خۆی چونكە خوای گەورە نەیفەرمووە: پرسیار لە زانایانی چوار مەزهەبەكە بكەن... و

---

٦٢- النحل (٤٣) واتە: پرسیار لە زانایانی (شەرع) بكەن لە شتێك دا ئەگەر نەتانزانی.

٦٣- بۆ ئەم مەسەلەیە بنوارە (المصقول في علم الاصول) للعلامة الكردي الكبير (ملا محمد الكوَیی) (ل١٦٨) و (علم اصول الفقه) (لعبد الوهاب خلاف) (ل٢٥٠) (والوجیز في اصول الفقه) (لعبد الكریم زیدان) (ل٤١٠-٤١٣)



Scanned with ACE Scanner

(تحدیـد) کردنـی (أهـل الذکـر) تـەنها بـە زانایـانی چـوار مەزهەبەکـەوە پێویستی بە بەڵگە هەیە ! وە ئەو ووتەیەی (ابـن صـلاح) کـە هەرتـەلی دەیگێڕێتەوە، بەو شێوەیە نی‌یە چونکـە ئـەو نەیفـەرمووە ((اجماع))ی لەسەر کراوە ! ! بەڵکو فەرموویەتی دروست نی‌یـە (تقلیـد)ی جگـە لـەو چوار مەزهەبـە بکـەیت، ئەمـەش ڕای خۆیـەتی و نـەیپێکاوە، چونکـە (حکم) دان بەسەر ئەم مەسەلە گرنگەدا (بـەوەی بڵێـی دروسـت نی‌یـە (تقلید)ی جگـە لـەم چوار مەزهەبـە )، پێویسـتی بـە بەڵگـە هەیـە، بـێ گومان هیچ بەڵگەیشی لەسەر نی‌یە چونکە لـە کـاتی هـاوەڵان و شـوێن کـەوتوانی شـوێن کـەوتوان و ئـەوانیش دا، موسـوڵمانان (تقلیـد)ی چەندەها بۆ چوونیان کردووە و کەسیش (انکـار)ی ئـەوەی نـەکردووە، بەڵکو خەڵکی هەر شوێنێک پرسیاریان لە زانایـانی وڵاتەکـەی خۆیـان کردووە و (تقلید) یانیـان کـردووە. کـەوا بـوو ئەگـەر (ابـن صـلاح)یـش ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕای وابێت ئەوە چەندەها زانـای پایـە بـەرزی تر هەبووە لە کۆن و تازەدا ڕایان وا نەبووە.

**پەردەی (یازدەیەم)**: لە ژێر ناونیشانی (تقلید لە سەردەمی صحابە و تابعین) لە (ل ٢٩-٣٠) دا لە پاش باس کردنی چینی (فتوا) دەری (صحابـە و تابعین تابعی تابعین) دەڵێ: ئـەی لاوی موسـوڵمان، پێـش دامـەزراندنی هەر چوار مەزهـەبی (أهـل السـنة) موسـوڵمانان (تقلیـد) ی یـەکێک لـەم زانایانەی ڕابردوویان دەکرد، ئینجا کە دەوڵەتی ئیسلام بـەرفراوین بـوو خەڵکی فێڵبازیش زۆر بوو زانایانی (سلف) بڕیـاری متمانـەی باوەڕیـان بۆ ئـەم چـوار ئیمامـەی سـەر مەزهـەب دا بـەم بڕیـارە بـەڕەڵایی و پەرتەوازەیی کەم بووەوە... کە ئیمـامی مـالک کتێبـی (موطأ) ی دانـا خەلیفە (هارون الرشید) پێ‌ی گوت :- ....، ئەی لاوی موسوڵمان بڕوانە هەڵویستی دادپەروەرانەی ئەم ئیمامە بەڕێزە (١) نایـەوێ خـەڵکی بـە زۆرە ملە بهێنرێتە سەر مەزهەبی ئەوی. (٢) ڕێگـەش نـادا خـەڵکی لـە مەزهەبی دانیشتوانی شوێنی خۆیان لابدرێن تاوەکو پەرتەوازە ڕوونەدا.



Scanned with ACE Scanner

**منیش دەڵێم:**- نازانم چۆن هەرتەلی هەندێ قسە هەیە لە ڕووی دێت دەیکات؟ نازانم لە گوێی گا دا خەوتووە وا دەزانێت خەڵکی هەر وەکو ئەوجا وانا ئەوان هەرچی بڵێن سەریان بۆ بلەقێننەوە و تەواو، ئەگەر وا تێگەیشتووە پێم خۆشە ووریای‌کەمەوە کەوا ڕۆژگار گۆڕاوە و تا خۆت ووتت درۆزن و فێلباز (مدلس) زۆر بوون بۆیە خەڵکی تەنها بە قسەی بێ بەڵگە سەرت بۆ نالەقێننەوە، بەڵکو یەکسەر پێت دەڵێن : ئەرێ بێ زەحمەت کاکە هەرتەلی پێمان خۆشە بزانین ئەو (سلف)ەی تۆ ناویان دەبەی کێن و، لە چی شوێنێکیش دا بڕیاری ئەو متمانەیە درا، وە کێ (نقل) ی ئەو بڕیارەی کردووە بە زنجیرەی زانستی؟؟؟ لە پاشان دەڵێم : وە ئەو دوو خاڵەی کە لەو هەڵویستەی ئیمامی (مالك)وە (استنباط) ی کردووە، هەر دووی دژ بەیەکن و یەکتری هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئیمامی (مالك) نایەوێت خەڵکی هەموو بێنە سەر یەک مەزهەب، دیارە ئیمامی (مالك) یش ڕەحمەتی خوای لێ ... ت بە قسەی هەرتەلی پەرتەوازەیی دەوێت، چونکە قسەکەی هەرتەلی وا دەگەیەنێت ئەگەر خەڵکی هەر شوێنێک شوێنی زانای ئەو شوێنە بکەوین ئەوە پەرتەوازەیی ڕوو دەدات، کەوا بوو ئەگەر وا بێت ئەوە ئیمامی (مالك) دوور لە ئەو خیانەتێکی گەورەی کردووە کە موسوڵمانانی لەسەر ڕای خۆی کۆنەکردۆتەوە، چونکە بێ گومان یەک لە چوار باشترە، کەوا بوو ئەگەر بە (استنباط) ەکەی هەرتەلی بێت ئیمامی (مالك) نەیەک مەزهەبی پێباشە (ئەگەر وابێت کەواتە پەرتەوازەیی پێ باشە) وە نە پەرتەوازەیی پێ باشە (ئەگەر واش بێت کەواتە یەک مەزهەبی پێ باشە) گومانیشی تێدا نی‌یە کە ئەم دوو قسەیەیش چەند دژ بەیەکن. کەوا بوو ووتەکەی ئیمامی (أهل السنة و الجماعة) ئەو واتایە ناگەیەنێت کە هەرتەلی لەیەکی دەداتەوە. بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کەوا لە کاتی ئەوان دا هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆ نەکرابووەوە بە هۆی بلاوبونەوەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە وولاتان دا وە هەڵبەستنی (حدیث) بە دەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە بووە هۆی ئەوەی ئەوان ڕەحمەتی

خوایان لێ بێت هەموو (حدیث)ێک وەرنەگرن و کاری پێ نەکەن، جا لەبەر ئەم هۆیانە ئیمامی (مالك) نەیدەتوانی بڵێ تەنها حەق لای منە.
ئەگینا ئەو هەرگیز ڕازی نەدەبوو بە پەرتەوازەیی بەڵکو هەوڵی ئەوەی دەدا لەسەر تەنها یەک مەزهەب کۆیان کاتەوە بەڵام بە هۆی (ظروف)ی ئەو کاتە نەیانتوانیوە.

هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین هەر یەکە لەو ئیمامانە داوای ئەوەیان کردووە کە ئەگەر فەرموودەی ڕاست هەبوو ئەو مەزهەبی ئەوانە، تاوەکو خەڵکی (تقلید) ی ئەوان نەکەن لە هەموو شتێک دا، بەڵکو ئەگەر ئەوان (فتوا) یەکیان دا پێچەوانەی (حدیث الصحیح) بوو، ئەوە شوێنی (حدیث صحیح) ە کە بکەون و قسەکەی ئەوان وەرنەگرن، جا زیاتر دڵنیا بوون لە ڕاستی ئەم قسانەمان با پێکەوە بچینە خزمەتی ئەو پێشەوایانە خۆیان بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیەمان بە جوانی بۆ ڕوون بکەنەوە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت:-

**یەکەم:** ئیمامی (أبو حنیفة) رحمه ا لله دەفەرموێ :-

١- ((إذاصحَّ الحدیث فهو مذهبي))[٦٤] واتە: ئەگەر فەرموودەی (صحیح) هەبوو ئەوە مەزهەبی منە.

٢- ((لايَحِلُّ لأحدٍ أنْ يأخذ بقولنا مالم يعلم من اين أخذناه))[٦٥] واتە: حەلاڵ نییە بۆ شیچ قسەمان وەربگرێت تا نەزانێت لە کوێوە وەرمان گرتووە.

---

٦٤- ابن عابدين في ((الحاشية) (٦٣/١) وفي رسالته ((رسم المفتي)) (٤/١) و صالح الفلاني في ((ايقاظ الهمم)) ل ٦٢.

٦٥- (( الانتقاء في فضائل الائمة الفقهاء)) لابن عبدالبر (ل١٤٥) واعلام الموقعين لابن القيم (٢٠٩/٢) وحاشية ابن عابدين على ((البحر الرائق)) (٢٩٣/٦) ورسم المفتي لابن عابدين (ل ٢٩، ٣٢) والميزان للشعراني (٥٥/١) بلفظ:- حرام على من لم يعرف دليلي ان يفتي بكلامي)) وفي رواية ((اننا بشر نقول اليوم ونرجع عنه غدا)) رواها عباس الدوري في التأريخ لابن معين (١/٧٧/٦) بسند صحيح عن زفر.



Scanned with ACE Scanner

٣- ((اذا قلت قولاً يخالف كتاب الله تعالى و خبر رسوله (ﷺ) فاتركوا قولي))[٦٦] واتـه: ئەگەر قسەیەکم کرد بە پێچەوانەی قورئان و سوننەتەوە بوو ئەوە قسەکەی من وەرمەگرن و وازی لێ بێنن.

**دووەم:-** ئیمامی (مالك) رحمه الله دەفەرموێ:-

١- ((انما انا بشر اخطئ واصيب فانظروا في رأيي فكل ما وافق الكتاب و السنة فخذوه و كل مالم يوافق الكتاب و السنة فاتركوه))[٦٧] واتە: بێ گومان من مرۆڤێکم هەڵە دەکەم و دەیپێکمیش، جا بڕواننە بۆچوونەکانم، ئەگەر هەر شتێکی لەگەڵ قورئان و سوننەت دا گونجا ئەوە وەریبگرن وە هەر شتێکیشی لەگەڵیدا نەگونجا ئەوە وازی لێ بێنن وەریمەگرن.

٢- ((ليس أحدٌ بعد النبي (ﷺ) إلا و يؤخذ من قوله و يترك الا النبي ﷺ))[٦٨] واتە: هیچ کەسێک نییە لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیللا لە قسەکانی وەردەگرێت و وەریش ناگیرێت تەنها پێغەمبەر (ﷺ) نەبێت.

**سێیەم:-** ئیمامی (شافعی) ((مامن أحد ألا و تذهب عليه سنة رسول الله (ﷺ) وتعزب عنه فمهما قلت من قول أو أصّلت من أصل فيه عن رسول الله (ﷺ) خلاف ما قلت فالقول ما قال رسول الله وهو قولي))[٦٩] واتە: هیچ کاسێک نییە ئیللا سوننەتێکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە دەست وەردەچێت و پێی ناگات جا بۆیە من ئەگەر هەر قسەیەکم کرد یا هەر (قاعدة)یەکم دانا ئەگەر بەپێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرەوە

---

٦٦- الايقاظ لصالح الفلاني (ل ٥٠).

٦٧- الجامع لابن عبدالبر (٣٢/٢) واصول الاحكام لابن حزم (١٤٩/٦) وايقاظ الهمم لصالح الفلاني (ل٧٢).

٦٨- ارشاد السالك لابن عبدالهادي (١/٢٢٧) الجامع لابن عبدالبر (٩١/٢) واصول الاحكام (١٤٥/٦).

٦٩- تاريخ دمشق لابن عساكر (٣/١/١٥) واعلام الموقعين (٣٦٣/٢) وايقاظ الهمم (ل ١٠٠).



Scanned with ACE Scanner

بوو (ﷺ) ئەو قسە تەنها هەر قسەی پێغەمبەرە (ﷺ) وە ئەویشە قسە و (قول) ی منە.

٢- ((اذا صح الحديث فهو مذهبي))[٧٠] واتاکەیمان باس کرد، ئیمامی (النووي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێ:- بەم فەرموودەی ئیمامی (شافعي)ە هاوەڵەکانمان (أصحاب الشافعي) کاریان کردووە لە مەسەلەی باوێشک و... وە لەو زانایانەی کە فتوایان بە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) داوە لە هاوەڵەکانمان (أبو يعقوب البويطي) و (أبو القاسم الداركي) وە لەوانەیشە کە (حديث) یان بەکارهێناوە لە هاوەڵە فەرموودە ناسەکانمان (الأمام أبوبكر البيهقي) و کەسانێکی تریش، وە کۆمەڵێک لە هاوەڵە پێشینەکانمان (أصحابنا المتقدمين) ئەگەر مەسەلەیەکیان چاو پێ بکەوتایە فەرموودەی پێغەمبەری (ﷺ) لەسەرە بەڵام مەزهەبی شافعی بە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە ئەوە کاریان بە فەرموودەکە دەکرد وە (فتوا) شیان بەوە دەدا و دەیانە ووت (مەزهەبی شافعی ئەوەیە لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) گونجاو بێت، شێخ (أبوعمرو) -ابن صلاح دەفەرمووێ :بۆیە هەر کەسێک لە (شافعي) مەزهەبەکان ئەگەر (حديث) ێکی بینی پێچەوانەی مەزهەبەکەی بوو ئەوە تەماشا دەکا ئەگەر ئامێری (اجتهاد مطلق) ی تێدا بوو یا (اجتهاد) لەو بەشەدا یا لەو مەسەلەیەدا ئەوە دەتوانێت بە تەنها کار بەو فەرموودەیە بکات، بەڵام ئەگەر توانای (اجتهاد) ی نەبوو گرانیش بوو لای بە پێچەوانەی (حديث) ەکەوە کار بکات، لە پاش (بحث) کردن بینی ئەوانەی بە پێچەوانەوە کاریان کردووە، بەڵگەیەکی وایان پێ نی‌یە، ئەوە بۆ ئەو کەس هەیە کار بە فەرموودەکە بکات ئەگەر ئیمامێکی تر کاری پێ کردبێت، وە ئەمەش ئەبێتە (عذر) ێک بۆی کەوا واز لە مەزهەبەکەی خۆی بێنێت لەم مەسەلەیەدا... وا الله اعلم))[٧١].

---

٧٠- المجموع للنووي (١/٦٣) والايقاظ (ل ١٠٧).

٧١- المجموع للنووي مختصراً (٣/١٠٢). تەواوی ئەم باسە لە (اعلام الموقعين)دا هەیە (٢/٣٠٢ و ٢٧٠) و لە کتێبەکەی صالح الفلاني دا (ايقاظ همم أولي الأبصار للاقتداء



Scanned with ACE Scanner

٣-((أجمع المسلمون على أن من استبان له سنة عن رسول الله (ﷺ) لم يحل له أن يدعها لقول أحد))(٧٢) واتە: موسوڵمانان هەموو یەک ڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر یەکێک سوننەتێکی پێغەمبەری (ﷺ) بۆ دەرکەوت،حەڵاڵ نی یە وازی لێ بێنێت بۆ قسەی کەس.

٤-((كل مسألة صح فيها الخبر عن رسول الله (ﷺ) عند أهل النقل بخلاف ما قلت، فانا راجع عنها في حياتي و بعد مماتي))(٧٣) واتە:- هەر مەسەلەیەک ئەگەر فەرموودەیەکی (صحیح) ی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر بووو لە لای ئەوانەی (اهل نقل)ن بە پێچەوانەی قسەکەی من بوو، ئەوە من دەگەڕێمەوە لە قسەکەی خۆم لە ژیانم دا و لە پاش مردنیشم.

**چوارەم:** ئیمامی (أحمد بن حنبل) رحمه الله، دەفەرموێ:-

١) ((لا تقلد ونی ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوری وخذ من حيث أخذوا))(٧٤) واتە:- (تقليد) ی من مەکەن وە (تقليد) ی (مالك) و (شافعي) و (أوزاعي) و (ثوری) یش مەکە بەڵکو لەوێوە وەریبگرە کە ئەوان لێیان وەرگرتووە. (مەبەستی لە قورئان و سوننەتەوە).

٢) ((رأى الأوزاعي ورأى مالك ورأى ابى حنيفه كله رأى وهو عندى سواء وانما الحجة في الاثار))(٧٥) واتە: ڕای (الاوزاعی) و ڕای (مالك) و ڕای (ابو حنيفه) هەر ڕاو بۆچوونن وە هەمووی لای من وەک یەکن بەڵام بەڵگە لە فەرموودەدایە.

---

بسيد المهاجرين و الانصار و تحذيرهم عن الابتداع الشائع في القرى و الامصار من تقليد المذاهب مع الحمية و العصبية بين فقهاء الاعصار).

٧٢- ابن القيم (٢/٣٦١) و الفلاني (ل٦٨).

٧٣- أبو نعيم ( /١٠٧) و الهروي (١/٤٧) و ابن القيم في اعلام الموقعين (٢/٣٦٣) و الفلاني (ل١٠٤).

٧٤- الفلاني (ل ١١٣) و ابن القيم في (الاعلام) (٢/٣٠٢).

٧٥- ابن عبدالبر في (الجامع) (٢/١٤٩).

٣) ((من رَدَّ حديث رسول الله (ﷺ) فهو على شفا هلكه))[٧٦] واتـه:- هەر کەسێک (حديث) ی پێغەمبەر (ﷺ) وەرنەگرێت ئەوە ئـەو کەسە لە لێواری تیاچوون دایە.

هەر لەبەر ئەوە بووە ئیمامی (احمد) و (هەموو ئیمامـەکانی تریـش) زۆر دەسـتیان گرتـووە بـە (حديـث) ی پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) هـەتا ئیمامی (احمد) زۆری پـێ نـاخۆش بـووە ئـەو کتێبانـە دابنرێت کـە زۆر (اعتماد) ئەکاتە سەر (رأی) و باس زۆر لە (فروع) دەکات[٧٧]. کـەوابوو ئەی خوێنەری بەڕێز ئێستا بۆت ڕوون بویـەوە کـە چـەند ئـەم ئیمامـە بەڕێزانە بەرین لەوانەی کە بە کوێرانـە شـوێنیان کـەوتوون و قسـەکانی ئەوان پێش فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەخەن.

**پـەردەی (دوازدەیـەم):-** لـە ژێـر ناونیشـانی (مەزهـەبی ئیمـامی ((الأشعري)) ) لە (ل ٣١-٣٥) دا دەست دەکات بە بـاس کردنـی ئیمـامی (ابـو الحسـن الاشـعري) و بـاس کردنـی بنچینـەی نـەژادی و ڕێـزداری باپیرەی کە (ابو موسى الاشعري) بووە ڕەزای خـوای لێ بێت وە بـاس کردنـی ڕێـزداری هـۆزی (الاشـعری). لـە پاشـان دێتـە سـەر باسـی بەسەرهاتی مەزهەبی (الاشعری) جا پاش باس کردنی کورتـە ژیـانێکی (ابو الحسن) خۆی، دەڵی: (( ئیمـامی (الاشـعری) لـە پێشـان (معتزلة) بوو ئینجا خوای گـەورە ڕەحمـی پـێ کـرد هاتـە سـەر مەزهـەبی (اهـل السـنة والجماعة)... لـە کۆتـایی باسـەکەیدا دەڵـێ: تـازە بـە تـازە : فەریکە خوێندەواری سەر لێ شێواو دەیەوێ بمانشـێوێنێ و بـە هـێزی (دولار) لە مەزهەبی (الاشعري) لامانبدا و بمانخاتە گێژاوی (خـوارج) و (مجسمة) تـا متمانـەمان بـە (شـرح مسـلم) و (فتـح البـاری) نـەمێنێت و

---

٧٦- المناقب لابن الجوزي (ل١٨٢).

٧٧- المناقب (ل ١٩٢).

شوێن (صلاح الدين) یکی تر نەکەوین بۆ بەرزکردنەوەی ئیسلام. بەخوا خەیاڵتان خاوە.

**منیش دەڵێم:**- بەڵێ ڕاستە ئیمامی (ابو الحسن) ڕەحمەتی خوای لێ بێت تا چل سالانی تەمەنی (معتزلة) بووە. لە پاشان چوەتە سەر مەزهەبی (عبدالله بن سعيد بن كلاب) کە بە مەزهەبی (كلابية) ناسراو بووە. کە ئیسپاتی تەنها حەوت سیفەتیان بۆ خوای گەورە کرد وە (علم وارادة وقدرة وحياة وسمع وبصر وكلام) و هەموو سیفاتەکانی تریان (نفى) کردووە. لە پاشان وازی لە مەزهەبی (كلابية) یش هێنا و هاتە سەر مەزهەبی (اهل السنة والجماعة) جا کتێبی (الابانة عن اصول الديانه) ی دانا کە تێیدا باسی عقیدة) اهل السنة والجماعة دەکا. وە دواین کتێبەکانی ئیمامی (ابوالحسن) بووە. جا زۆربەی ئەوانەی مانەوە لەسەر مەزهەبی (كلابية) مەشهور بوون بە (اشعري) یەکان. بۆیە لە ڕاستیدا نابێ ئەمە بەوانە بووترێت (الاشعرية) بەڵکو حەق وایە پێیان بوترێت (الكلابية)([٧٨]) هەروەها (الدكتور موسى الموسوي) لە باسی (أبو الحسن الاشعري) دا و دوو کتێبەکەی دا (مقالات الاسلاميين) و (الابانة عن اصول الديانة) دا دەڵێ:- اما الكتاب الثاني فهو (الابانة عن اصول الديانة) وفيه يشرح الاشعري معتقد أهل السنة وقد جاءت في هذا التأليف مقالات اسلامية بحثت كلها على ضوء الاتجاه الجديد الذي سار فيه مؤلفه... هەروەها دەڵێ: أما الحل الذي تقدم به الاشعري فهو يقتضي

---

٧٨ (لمحة عن الفرق الضالة) لصالح الفوزان و هەروەها (مباحث في عقيدة أهل السنة و الجماعة و موقف الحركات الاسلامية المعاصرة منها) للدكتور ناصر بن عبدالكريم العقل (ل/٥) کە تێیدا باسی ئەو زانایانە دەکا کە (هەرتەلی) شانازییان پێوە دەکات و خۆی بە شوێن کەوتوویان دەزانێت) وازیان لە مەزهەبی بە ناو (اشعري) هێناوە و گەڕانەتەوە سەر مەزهەبی (اهل السنة و الجماعة) لەوانە ئیمامی (الحرمين) لە (الرسالة النظامية) وە باوکیشی کە (ابو محمد الجويني) بووە لە (رسالة في اثبات الاستواء و الفوقية) وە ئیمامی (الرازى) لە (اقسام الذات) و ئیمامی (الباقلاني) لە (التمهيد) و ... هتد، بنوارە کتێبی ناوبراو.

بأن الله يتصف حقيقة بالصفات و الاسماء التي أشار اليها القرآن الكريم...([79])

كەوابوو ئێستا بۆمان ڕوون بویەوە کەوا ئیمامی (الاشعري) لەکۆتایی ژیانی دا ئەم بیروباوەڕەی نەبووە کە (کلابیة) بە ناو (اشعري) یەکانی ئەمڕۆ هەیانە ! !

**بۆ نمونە :-**

(١) ئیمامی (أبو الحسن الاشعري) دەفەرموێ : ((ان قال قائل ماتقولون في الاستواء؟ قيل له ان الله عز و جل مستو على عرشه... سؤال : وقد قال قائل من المعتزله و الجهمية و الحرورية)) (الخوارج) : ان قول الله عز وجل ((الرحمن على العرش استوى) : انه استولى و ملك و قهر انه عز و جل في كل مكان و جحدوا ان يكون الله عز وجل على عرشه كما قال أهل الحق...)) جواب : و يقال لهم : اذا لم يكن مستوياً على العرش بمعنى يختص العرش دون غيره – كما قال ذلك أهل العلم و نقله الاثار وحملة الاخبار...))([80])

واتە:- ئەگەر یەکێک پرسیار بکات و بڵێ : چی دەڵێن لەبارەی (استواء) ەوە؟ پێی دەوترێت دەڵێین:- بە ڕاستی خوای گەورە (استواي) کردووە لەسەر (عرش) ی خۆی دا... پرسیار : ((معتزلە و جهمیە و خوارج)) دەڵێن: خوای گەورە فەرمویەتی (الرحمن على العرش استوى) واتە دەسەلاتی گرت و بوو بە خاوەنی (عرش) وە دەڵێن: خوای گەورە لە هەموو شوێنێک دایە وە (انکار) ئەوە دەکەن کە خوای گەورە لەسەر (عرش) بێت وەک چۆن (أهل الحق) دەیلێین... وەلام: ئەوانە وەلامیان دەدرێتەوە و پێیان دەوترێت: ئەگەر خوای گەورە (استواء) ی نەکردبێت وەک (أهل العلم) دەڵێن ئەوە... هتد)) ئەو قسانەی کە وەلامی (معتزلە و جهمیە و خوارج) دەداتەوە بەلام

---

٧٩ من الكندي الى ابن رشد للدكتور موسى الموسوي (ل ٤٣-٥٠).

٨٠ الابانة: للامام الاشعرى ( ل ٣٦،٣٧)



Scanned with ACE Scanner

بەداخەوە ئێستا (کلابیة) کان بە ناوی ئیمامی (الاشعري) وە شوێنی ڕێبازی (معتزله و جهمیه و خوارج) کەوتوون و دەڵێن خوای گەورە (استواء) نەکردۆتە سەر (عرش) دا و لە هەموو شوێنێکیشدایە، وەک باسی دەکەین - انشاء ا لله -

(٢) هەروەها لە باسی (الوجه و العینین و البصر و الیدین) دا، باسی بیر و باوەڕی (أهل السنة) مان بۆ دەکات کە (اثبات) ی ئەو (صفات) انە دەکەن بەبێ هاو وێنەیی کردنی بە (صفات) ی بەدیهێنراوەکانی (التشبیه) و بەبێ لادانی لە واتا عەرەبی‌یەکەی (التأویل) وە بەبێ پەک خستنی (التعطیل)([81])...

**پەردەی (سیازدەیەم)**:- لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی (انگلیز) و وەهابی‌یەکان) لە (ل ٣٨-٤١) دەڵێ:- ((ئەی لاوی موسوڵمان : دامەزرێنەری ئەم گرۆهە گومڕایە کە ناوی (محمد بن لوهاب) بوو لە ساڵی (١١١١) ی کۆچی لە دایک بوو لە ساڵی (١٢٠٦) دا مرد، یەکەم جار قوتابی ئایینی بوو لە مەدینەی پیرۆز دەیخوێند بەڵام هەر لەوێدا گومڕاییەکانی خۆی ئاشکرا دەکرد.. وە لەوێ پەیوەندی بەست لەگەڵ (محمد بن سعود) ئەمیری (الدرعیة) کە لە هۆزەکەی (مسیلمة الکذاب) بوو.. بەم سەرتاشینەی (وەهابی‌یەکان) حەدیسی پێغەمبەر (ﷺ) هاتە جێ کە دەفەرموێ : (یتیه قوم قبل المشرق محلقة رؤوسهم)...ئێستایش پەیوەندی نێوان (انگلیز) ی ئاغا و (وەهابی) یەکانی نوکەر پتەوترە لە جار ی پێشوو.. فەرموو بە چاوی خۆت دیت لە ساڵی (١٩٩٠ ز) بەرانبەر (١٤١١)ی کۆچی حیزبی بەعسی عێراقی دەستی بەسەر (کویت) دا گرت... یەکسەر (انگلیز) و (امریکا)

---

٨١ هەمان سەرچاوە (ل ٤٠-٤٥). هەروەها بۆ بۆ زیاتر شارەزابوون لە (عقیدة)ی ئیمامی (الاشعري) کتێبی (الابانه) بخوێنەرەوە کە تێیدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کەوا (کلابیه) بەناو (اشعریه)کانی ئەمڕۆ چەند دوورن لە (عقیدە)ی ئەو ئیمامەوە.



Scanned with ACE Scanner

و (فرنسا) هاتنه هاواری بنەماڵەی (ال سعود) ی (وهابی)... جگه لەمەش (ابن باز) ی (وهابی) فتوای دا : کە پێک هاتن لەگەل جولەکەی داگیر کەردا دروستە... ئێستاش بە هۆی تاوانی بەعسی عێراق وبە (فتوا) ی (وهابی) یەکان شەش ساڵ زیاترە، کوردستان لە برسیەتیداو لە ژێر باری گەمارۆی ئابووریدا دەژی و...))

**منیش دەڵێم**:- لە پێشا پێم خۆشە کورتە باسێکی :(شێخ محمد عبدالوهاب) بکەم بۆ ئەوەی دەرکەوێت ئایا ئەو قسانەی هەرتەلی راستە یان نەء، (شێخ) رەحمەتی خوای لێ بێت لە شاری (العیینة) لە (نجد) ی حیجازدا لە ساڵی (١١١٥) کۆچی لە دایک بووە، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە (١٠) ساڵان قورئانی لەبەر کردووە، لە پاشان لە ژێر دەستی باوکیدا فێری (فقه الحنبلي) بووە، پاش ئەوە دەستی کردووە بە خوێندنی (حدیث و تفسیر) لە سەردەستی چەندەها مامۆستای پایە بەرزی ئەو ولاتانە بە تایبەت (مدینة المنورة)، وە هەروەها فێری (توحید) بوو لە قورئان و سوننەتەوە وە زۆر دڵگران ئەبوو بۆ حاڵی موسوڵمانان کاتێک دەیبینی لە وڵاتی (نجد) و وڵاتانی تری ئیسلام خەڵکی (شرك) و(بدعه) دەکەن وە بە پیرۆز دانانی (تقدیس) گۆڕ زیاتر لەوەی خوای گەورە داوای کردووە، گوێی لێ دەبوو ئافرەتان (توسل) یان دەکردبە نێرینەی دارخورماوە بۆ ئەوەی پیاو و منداڵیان پێ بدات وەخەڵکی لە حیجازدا زۆر زیادە رەویان دەکرد لە رێزگرتنی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی هەتاوەکو پەنایان پێ دەبردن و داوایان لێ دەکردن کارەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن و زیانیان لێ لابدەن - کە تەنها ئەبێ هەر بۆ خوا بکرێت - وەک خوای گەورە دەفەرموێ: ((ولا تَدْعُ مِنْ دونِ اللهِ مالا يَنْفَعُكَ ولا يَضُرُّكَ فإنْ فَعَلْتَ فإنَّكَ إذاً مِنَ الظالمين))([82]) واتە: داوا مەکە جگە لەخوای گەورە لە کەسانێک کەوا نە سوودت پێ دەگەیەنن و نە زیانیش جا ئەگەر بیکەی

---

٨٢ یونس

ئەوە لە هاوەڵی بڕیاردەرەکان دەبیت، جا لەبەر ئەوە شێخ دەستی کرد بە بانگکردنی خەڵکی بۆ یەکتا پەرستی خوا چونکە بەڕاستی هەر ئەو بە توانا و بەدیهێنەرە بەڵام (غیر) ی ئەو توانای ئەوەشیان نییە زیان لەسەر خۆیشیان لابدەن چی جا لەسەر خەڵکی، وە خۆشەویستی پێغەمبەران و هاوەڵان وپیاو چاکان بەوە دەبێت شوێنیان بکەوین نەک بیانکەین بە (واسطة) و داوایان لێ بکەین، جا لەبەر ئەوە دوژمنانی (توحيد) کەوتنە دژایەتی کردنی (شێخ)و شوێن کەوتووانی - هەروەک چۆن دژایەتی پێغەمبەران و بانگەواز کەرانی (توحيد) یان کردووە لە هەموو سەردەمێک دا - بۆیە کەوتنە درۆ و دەلەسە هەڵبەستن بۆی و هەوڵی کوشتنیان دا، بەڵام خوای گەورە پاراستی و یارمەتی دا کەوا بانگەوازەکەی بڵاو بکاتەوە بە هەموو ولاتانی (نجد و حيجاز) دا وە بە ولاتانی دوور و بەریشدا. جا لەو درۆیانە کە دوژمنانی (توحيد) بۆیان هەڵدەبەست، دەیانووت ئەم کابرایە مەزهەبی پێنجەمی داهێنا لەگەڵ ئەوەیش دا کە (شێخ) لەسەر مەزهەبی ئیمامی (احمد) . بوو. هەروەها دەیانووت ئەمانە پێغەمبەریان خۆش ناوێت وسڵاواتی لەسەر نادەن لەگەڵ ئەوەیش کە یەکێک لە کتێبەکانی (شێخ) ناوی (مختصر سيرة الرسول) (ﷺ)ەوە شوێن کەوتوانیشی لە هەموو کەسێک زیاتر سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) جێ بەجێ دەکەن، وە چەندەها درۆی تریان بۆ هەڵبەست کە لە ڕۆژی دوایی‌دا لێیان دەپرسێتەوە لەسەری.

وە فەرموودەی (يتيه قوم...) رواه مسلم و ئەو فەرموودانەی تریش کە باسی (نجد) بە خراپە دەکات وەک فەرموودەی (من هنا يطلع قرن الشيطان) واتە : لەوێوە شاخی شەیتان دەردێت. (ابن حجر العسقلاني) و زانایانی تریش دەفەرموون : ئەوە (نجد) ی عێراقە، چونکە لەوێوە زۆربەی ئاژاوە و (فتنه) سەری هەڵداوە وەک کوشتنی ئیمامی (حسين) ڕەزای خوای لێ بێت و دەرچوونی (خوارج) و چەنەها (فتنه) ی تر.

بەلام لە (نجد)ی (حجاز)ەوە ئەوە دەرنەچووە، بەلكو (توحيد) و يەكتا پەرستی لەوێ وە سەری هەلداوە جارێكی تر.

وە بانگەوازەكەی (شێخ محمدبن عبدالوهاب) هەر لە يەكەم سەرهەلدانێوە (انگلیز) زۆر دژایەتی كردووە چونكە تاكە رێگایەكە بۆ يەكگرتنی موسولمانان چونكە بێ گومان (لا توحيد الا بالتوحيد) واتە : يەكگرتن نابێت مەگەر بە يەكتا پەرستی،جا لەبەر ئەوەی ئەو يەكگرتنەيش لەگەل بەرژەوەندی ئەوان دا ناگونجێت بۆيە دەبينين پەيوەندی لەگەل دوژمنانی ئەم بانگەوازە دەبەستن لە كۆن و تازەدا بۆ ئەوە پەرە نەسەنێت و بلاو نەبێتەوە وەك لە ولاتی (هند) دا رووی داو ئێستایش روودەدات.[٨٣]

هەروەها ئەو قسەيەی كە دەلێ (محمد ابن سعود) لە هۆزەكەی (مسيلمة الكذاب) ە قسەيەكە بەس لە قسەی باوەڕدارێكی تێ گەيشتوو ناكات، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ (... ولا تنابزوا بالالقاب بئس الاسم الفسوق بعد الايمان..) وە ئەم قسەيە زۆر لە قسەی ئەوانە دەچێت كە تانە و تەشەر (طعن) لە هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەدەن وە دەلێين ئەمانە پياوانێكی خراپ بوون چونكە كوڕی فلانە كەس و فيسانە كەسن ((كبرت كلمة تخرج من افواههم)) ! ! هەروەها وەك ئەوە وایە تومەتی پێغەمبەران بكەی چونكە ئەوانيش زۆربەيان كوڕی (كافر) و (مشرك) بوون و لەناو هۆزێكی خراپ دا بوون. بەلام چی بلێم لەگەل بابایەك دا خۆيشی نازانێت چی دەلێ ![٨٤] هەروەها دەلێم:- هەموو عێراقيەك و كوردێك باش دەزانن كەوا هاتنی سوپای (امريكا) و (بريطانيا) و (فرنسا) بۆ گەنداو بۆ هاتنە هانەوەی وەهابيەكان نەبوو

---

٨٣ بۆ زیاتر شارەزابوون لەم مەسەلەيە بنوارە (سلسلة اعلام التأريخ) لعلي الطنطاوي و (فلسفة التشريع في الاسلام) لصبحي المحمصاني وترجمە الى الكردية قاضي اربيل السابق (ابراهيم عمر ميكائيلي) وغيرهما.

٨٤ بۆ زیاتر شارەزابوون لە ژيانی (محمد بن سعود) بنوارە ئەو نامانەی كە ناردويەتی بۆ (شێخ محمد) و سەرۆك هۆزەكانی ئەو كاتە.



Scanned with ACE Scanner

وەكێ هەرتەلی دەلێ : بەلكو لە ترسی تیاچوونی بەرژەوەندیكانی خۆیان بوو لە نیوە دورگەی عەرەب (الجزيرة العربية) و كەنداو (الخليج) دا، چونكە بێ دەنگ بونیان لە گرتنی (كويت) وای بە (عێراق) دەكرد كەوا هەولی گرتنی (سعوديه) و ولاتانی تری كەنداویش بدات ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی زیاتر لە (١/٣) ی نەوتی جیهانی بكەویتە ژێر دەست و پێكهێنانی ترسناكیكی گەورە لەسەر هەموو ولاتانی جیهان بە تایبەتی ((اسرائيل))، كەوابوو گەمارۆی ئابوری خستنە سەر عێراق بە هۆی ئەوەوە بوو نەكێ بە هۆی (فتوا)ی زانایانی (سعوديه)وە.
وە (فتوا) دانی ئەوان بۆ بەرگری كردن لە گەل و ولاتیان بەلگەی نۆكەری ئەوان نیيە ئەگەر وابێت ئەبێ هەرتەلی خۆیشی نۆكەر بێت چونكە قسە بە حكومەتی بەعس دەكاو وا دەردەخات كە ئەبوایە ولاتانی جیهان بە تایبەت (امريكا) بێدەنگ نەبونایە لەوەی بە میللەتی كورد دەكرێت، جا بێگومان ئەگەر كوردوستانیش وەكو (سعوديه) دەولەتیكی (معترف) بوایە هەرتەلیش زانایەكێ وەكێ (ابن باز) بوایە، ئەوە بێ گومان ئەویش ئەو (فتوا) یەی دەدا. وە لە بارەی ئەو قسەیەی تری هەرتەلی كە دەلێ: ((ابن باز)) (فتوا )ی داوە كە پێهاتن لەگەل جولەكەدا دروستە... دەلێم: بەلێ (شێخ ابن باز) خوای گەورە بیپارێزێت (فتوا) ی ئەوەی داوە كەوا دروستە موسولمانانی (فلسطين) (صُلح) بكەن لەگەل جولەكەدا چونكە ئێستا موسولمانان زۆر لاواز و بێ خاوەنن، بۆیە باش وایە كارێكێ نەكرێت زیانی زیاتر بە موسولمانان بگات، تا كات و (ظروف) ێكی تر كە موسولمانان دەبنە خاوەن هێز و توانای خۆیان، ئا لەو كاتە بە هیچ شێوەیەكێ دروست نیيە (تنازل ) بكرێت لە یەكێ بستی زەوی موسولمانان... جا شێخ لە (فتوا) كەی و (رَدّ) ەكەشی بۆ (د. يوسف القرضاوي) ئەو مەسەلەیە بە جوانی روون دەكاتەوە كەوابوو (فتوا) كەی (شێخ ابن باز) كارێكی ناشەرعی نیيە بەلكو وێنەی ئەو جۆرە (صلح) انە زۆر بووە لە كاتی پێغەمبەر (ﷺ)



Scanned with ACE Scanner

و هاوەلانیشیدا وەک (صلح الحديبية) کە لە سالی (٦) ی کۆچی دا کرا لە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و (مشرکین) ی مەککەدا.

**پەردەی (چواردەیەم)**:- لە ژێر ناونیشانی (( (سلفی) یەکانی (خوارج) )) لە (ل ٤١-٤٣) دا دەلێ:- (... هەر لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمی کۆچیدا موسولمانان هۆشیار بوونەوە چەند بزوتنەوەیەکی ئیسلامی دروست بوو و جارێکی تر هەستی (جیهاد) لەناو دلی موسولمانان دا جولایەوە، بەلام بە داخەوە دیسان (خوارج) سەریان هەلدایەوە و... جا ئەم جارەشیان بەناوی (سلفی) دێنە مەیدانی ئیسلام... چونکە هەر ئەوان ناوی هەر چوار پێشەوای (سلف) بە سوکی دەهێنن و دەلێن: ئەو زانایانە وەکو (قشە) و (مالم) ی جولەکەو گاورەکانن... جا لەبەر ئەوەی ئەم نەزانانە لە هیچ قوتابخانەیەکی ئایینی فێرە خوێندنی ئایینی نەبوونە... ئەو بەهەشتە پان و بەرێنە تەنها بە مافی خۆیان دادەنێن، ئەوانەی ئێستا ئاشی ئەم ئاژاوەیە دەگێرن، چەند دیلێکی بەردەستی ڕۆژئاوان وەکو (الباني) و (ابن باز) و (صالح الفوزان) و (عثيمن) و (محمد بن جميل زينو) و چەند کەسێکی تری لەم بابەتە... چونکە هەر ئەو تێکدەرانە بەناوی پاککردنەوەی (عقيدة) کەوتوونەتە ناو گەنجە (مجاهد) ەکان و دەیانکەنە دوژمنی یەکتر و (جهاد) یان لە بیر دەبەنەوە... بەم جۆرە بزوتنەوەکانی ئیسلامی بێ هێز ئەکەن... هتد)).

**منیش دەلێم**:- لە ڕاستیدا ئەم کابرایە هەر بە قسەکانیدا دەردەکەوێت چەند دوژمنی ڕێبازی (اهل السنة والجماعة) یەو دوژمنی شوێن کەوتوانیشێتی لە کۆن و تازەدا، بۆیە دەبینین بە هەر شێوەیەک بۆی بگونجێت لە (عقيدە) یان دەدات، هەر جارێ بە بیانویەک، جارێ گوایە ئەمانە (خوارج) ن جارێکی تر ئەمانە (مجسمە) ن و... ئیتر دەگەرێت بزانێ چ شتێک زۆر کار دەکاتە سەر هەستی خەلکی، هەول



Scanned with ACE Scanner

دەدات لەوێ وەڵێیان بدات، جارێک بەناوی کوردایەتی وە جارێکی تر بەناوی مەزهەبیەت و جارێکی تر بەناوی (جهاد) و... چونکە بێ گومان باش دەزانێت ئێستا خەڵکی کوردستان چەند شتێک زۆر کاریان تێ دەکات بۆ نموونە خەڵکانێکی زۆر باس کردنی کوردایەتی هەستیان دەجوڵێنێ بە تایبەت (انفال) و کیمیاباران وە هەروەها باس کردنی (جهاد) و... جا بۆیە دوژمنانی (اهل السنة) بەردەوام لەو دەرگانەوە چوونەتە دڵی خەڵکیەوەو کاری گەندەڵی خۆیان ئەنجام داوە. جا هەرتەلیش وەکو یەکێک لەوانە ئەوەتا بەو شێوەیە کارەکانی ئەنجام دەدات، جا لەبەر ئەوەی دەیەوێت هەموو خەڵکی لە خۆی رازی کات دەبینین زۆر جار قسەکانی یەکتری هەڵدەوەشێننەوە (وەک لە پێش دا باس کرا) دەبینین لە شوێنێ وا هەیە دەڵێ ئەم (سلفي) یانە ئیسلام وەک حیزبایەتی پیشان خەڵک دەدەن، بەڵام لە شوێنێکی تردا دەڵێ: ئەم پەرتەواز چیانە یا جاری وا هەیە دەبینین ووتەی یەکێک لە زاناکان دەکاتە بەڵگە وەک ئیمامی (نووی) و (ابن حجر العسقلانی) وە ئەگەر یەکێک بە پێچەوانەی ئەوەوە کار بکات دەیکاتە گاڵە گاڵی خۆی وەکو بڵێی بە پێچەوانەی (قورئان و حدیث) ەوە کاری کردبێ، بەڵام دەبینین خۆی جاری وا هەیە دەقاودەق بە پێچەوانەی ووتەی ئەوانەوە دەڵێ وەکو هەر ئەو نەبووبێت ئەو هەموو گاڵە گاڵەی کردبێ!!([85]) هەروەها باوە لای زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە خۆیان (عیب) دارن، (عیب) و کەم و کوڕیەکانی خۆیان دەدەن بەسەر خەڵکیدا بۆ ئەوەی (عیب) و کەم و کوڕیەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە، هەر لەبەر ئەوە عەرەب دەڵێ: ((رَمَتني بدائها وانسلَّت)) واتە:- نەخۆشیەکەی خۆی دا بەسەر من داو خۆی لێ کێشایەوە. جا دەبینین هەرتەلیش تووشی ئەوە بووە دەبینین تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ

---

٨٥ وەک لەباسی دایک و باوکی پێغەمبەر و چەندەها شوێنی تری کتێبە گومڕاکەرەکەی دا ڕووی داوە.



Scanned with ACE Scanner

(سلفي) یەکان کەوا ڕێز لە پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە ناگرن وە بە (قشە) و (مالم) لە قەڵەمیان دەدەن و... یان دەڵێن ئەمانە خەڵکی لە (جهاد) سارد دەکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەم قسانە زۆر سەیرە، چونکە ئەوانە ناسراوون بەوەی لە هەموو کەس زیاتر شانازی بە شوێن کەوتنی ئەو پێشەوایانە دەکەن وە کتێبەکانیئەوان دەخوێننەوە و هانی خەڵکیشی لەسەر دەدەن، یاخود چۆن خەڵکی لە (جهاد) سارد دەکەنەوە کە باش دەزانن لوتکەی هەرە بەرزی ئیسلامە وە زیاتر لە (٤٠٠) ئایەتی لەسەر دابەزیوە وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:

((مَنْ مات ولَمْ يَغزُ ولَمْ يُحَدِّث نَفْسَهُ بالغزو مات على شُعبة مِنَ النفاق)) ([٨٦]) واتە: هەر کەسێک بمرێت و (جهاد) نەکات وە لەگەڵ نەفسی خۆیشیدا باسی نەکات ((کەوا ڕۆژێک (جهاد) بکات)) ئەوە لەسەر بەشێکی دوو ڕوویی دەمرێت، کەوابوو ئەوان هەرگیز خەڵکی لە(جهاد) کردن سارد ناکەنەوە چونکە ئەوان ئەگەر خۆیان بە شوێنکەوتووی ((ابن تيميه)) بزانن کە ژیانی هەموو لە ((جهاد)) کردن دا بەسەر بردووە (وەک هەرتەلی خۆی دانی پیا دەنێ) ئیتر چۆن خەڵک لە ((جهاد)) سارد دەکەنەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن: ئێمە لە ((جهاد)) کردنیش دا شوێنی ڕێبازی (اهل السنة) دەکەوین هەروەک لە شتەکانی تردا شوێنی کەوتووین، کەوابوو پێویستە بزانین ڕێبازی (اهل السنة والجماعة) دەربارەی ((جهاد)) کردن چۆنە؟ بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئەم کۆمەڵە لەو ڕێبازە لایان داوە یان لایان نەداوە.

(جهاد) کردن لە ڕێبازی (اهل السنة والجماعة) بەرامبەر ((حُكّام)) ی موسوڵمانان کە (کوفر) ی ئاشکرایان لێ نەبینراوە، دروست نییە بە هیچ شێوەیەک، بەڵکو پێویستە گوێ ڕایەڵی تەواویان بکرێت، بەڵام بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی کە ((کوفر)) یکی ئاشکرایان لێ بینرا پێویستە ((جهاد)) بەرامبەریان بکرێت؛ ئەگەر ئەم مەرجانە هاتە دی :

---

٨٦ رواه مسلم عن ابي هريره رضي الله عنه.



Scanned with ACE Scanner

١- توانای ئەوە ببێت کە بەربەرەکانێ بکرێت.

٢- بەرژەوەندی موسوڵمانانی زیاتر تیادا بێت.

جا کە ئەم مەرجانە بەدی نەهات، ئەوە دروست نی‌یە دەرچوون و ((جهاد)) کردن دژ بەو دەسەلاتدارە، چوونکە ئەگەر بکرێت ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی موسوڵمانان تووشی (فتنه)و گیروگرفتی زۆر ببن. وە ئەوەش دەبێتە هۆی وەستانی بانگەوازکردن و خۆئامادەکردن بۆ (جهاد) کردن ئەگەر ئەو مەرجانەی تیا بە دی هات.

وە لەبەر ئەوەی موسوڵمانان ئێستا خاوەن دەسەلاتێکی وانین کە هەموویان کۆبکاتەوە لە ژێر یەک ئالاو یەک فەرماندەدا، بەڵکو چەندەها (حیزب)و لایەنیان لێ دروست بووە، وە هەر یەکەیان خاوەن بیر و بۆچوونێکی جیاوازە بۆ گێڕانەوەی (حکم)ی ئیسلام جارێکی تر، بۆیە پێویستە یەکەم شتێک کە گرنگی پێ بدرێت لایەنی (عقیدە) یە، چوونکە ئەگەر موسوڵمانان (عقیدە) یەکی پاک و دامەزراویان نەبێت زۆر بە ئاسانی (کوفر) دەتوانێت بەکاریان بێنێت دژ بە یەک وەکو رووی دا؛ هەروەها یەکەم شتێکە کە ئەبێتە هۆی یەککگرتنی موسوڵمانان (توحید)ە چوونکە بێگومان (لا توحید الا بالتوحید)؛ وە زانراویشە کە (هێز لە یەککگرتن دایە) کەوابوو پێش (جهاد) کردن پێویستە (عقیدە) و بیر و باوەڕی موسوڵمانان پاک بکرێتەوە تاوەکو ریزەکانیان ببێت بە یەک و توانای بەربەرەکانیی دوژمنانیان ببێت.

**پەردەی پازدەیەم:** لە ژێر ناوونیشانی (نیشانەکانی خوارج) لە ل ٤٣-٤٨ دەڵێ:- ئەی لاوی موسوڵمان، ئەوا بە تەواوی بۆت ئاشکرا بوو: (سلفی) ئەمڕۆ و (وهابی) دوێنێ و (خوارج) ی پێڕێ گشتیان یەکسانن... ئامانجیان تێک دانی ریزی موسوڵمانانە، کەوابوو ئەوا منیش چەند نیشانەیەکی (خوارج) ت بۆ دەنووسم.... چونکە (سهل) دەفەرموێ: (هەرکەسێک ئیمانی خۆی راست کرێ و یەکخوا پەرستی



Scanned with ACE Scanner

بێ گەرد کردبێ نابێ بە بیدعەکار دڵی خۆش بێ و نابێ لەگەڵ بیدعەکار دابنیشێ دەبێ دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ بیدعەکار ئاشکرا بکا هەرکەسێک نەرمی لەگەڵ بیدعەکار بنوێنێ خوای گەورە شیرینایی سوننەتی لێ دەستێنێ، هەرکەسێک شوێن بیدعەکار بکەوێ بۆ گەورەیی دونیا یان ماڵی دونیا خوای گەورە زەلیل و هەژاری دەکا، هەرکەسێک لەگەڵ بیدعەکار پێبکەنێ خوای گەورە نووری ئیمان لەناو دڵیدا دەردێنێ، هەرکەسێک باوەڕ ناکات با تاقی بکاتەوە. (جا هەرتەلی دەست دەکاتە باسی نیشانەکانی خەوارج لە چەند خاڵێک دا...).

**منیش دەڵێم**: وا دیارە (هەرتەلی) ئەوهەموو ڕق و قینەی کە لە دڵی دایە بەرامبەر بە (اهل السنة) وای پێ کردووە کە حەق و ناحەقی لێ تێک بدات، بۆیە وا دەزانێت ئامانجی (سلفی) یەکان ئەوەیە ڕیزی موسوڵمانان تێک بدەن، بەڵام لە ڕاستی دا ئاواتی ئەوان یەکبوونی ڕیزی موسوڵمانانە لەسەر (عقیدە) یەکی پاک، وەکو بە کردەوەش سەلماندوویانە، وە هەرتەلی خۆیشی ئەم ڕاستییە باش دەزانێ، وە ئاشکراشە کە تەنها بانگەوازێک کە بانگ بکات بۆ ئەم مەبەستە لە سەر ڕووی زەوی‌دا تەنها بانگەوازی(سلفیة) وە ئەو ووتەیەی ((سهل)) (ڕەزای خوای لێبێ) کە هەرتەلی دەیهێنێتەوە زۆر ڕاست و جوانە بەڵام (کلمة حق ارید بها باطل) چوونکە دەقاو دەق (هەرتەلی) و هاو وێنەکانی دەگرێتەوە، وە بە ڕاشکاویش دەڵێم: توخوا ئەگەر بانگەوازی (سلفیە) نەبوایە (هەرتەلی) هەر دەیزانی (بدعە) یانی چی؟!!.

جا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بچینە سەر ئەو نیشانانەی کە هەرتەلی دەڵێ: نیشانەی (خوارج) ن و دەیدات بە سەر (اهل السنة) دا. بۆیە پێی دەڵێم :

١- ئەو نیشانانەی کە داتناوە زۆربەی قسەی خۆتەو بە هەواو ئارەزووی خۆت دەی دەیبەسەر (سلفی) یەکان دا.



Scanned with ACE Scanner

٢- ئەوانەی تریشی کە لە (حدیث) و (اثر) ەوە وەرت گرتووە حەققی خۆیت پێنەداوەو تەفسیرێکی نابەجێت کردووە کە لە گەڵ نیازە گلاوەکانی خۆت دا بگونجێت؛ جا بە یارمەتی خوای گەورە ئێستا دانە دانە پەردەی گڵاوی شەیتانی لە سەر ئەو نیشانە خراپ و تۆمەتە نابەجێیانەی کە بۆ (اهل السنة والجماعة) ت هەڵبەستووە هەڵدەماڵین، بۆ ئەوەی بزانرێت کێ (کلابی) و (خوارج) ەو کێش (اهل السنة والجماعة) یە.

**نیشانەی یەکەم:** دەڵێ: زۆر بە ئاسانی و بەهۆی تاوانێکی بچووکەوە تۆمەتی (شرك) واتە کافر بوون [٨٧] ئەدەنە پاڵ موسوڵمانان.....

**منیش دەڵێم:** زۆر سەیرە (هەرتەلی) ئەم تۆمەتە ناڕەوایە دەداتە پاڵ ((سلفی)) یەکان چوونکە خۆی وهاو وێنەکانی بەردەوام ((سلفی)) یەکان بەوە تاوانبار دەکەن کەوا ناوێرن حوکمی (کوفر) بە سەر هیچ کەسێك دا بدەن، وە بە ئاشکراش لە فتوای زانا (سلفی) یەکان دەردەکەوێت کە ئەوان بە کوێرانە حوکمی کوفر بە سەر کەس دا نادەن لە بەر ئەوە زۆر ستەمە بەوان بووترێ خەڵك کافر دەکەن لەسەر تاوانی بچووك، بەڵکو ئەو نیشانەیە بەتەواوی (هەرتەلی) و هاو وێنەکانی دەگرێتەوە کە (شەلم کوێرم ناپارێزم) کەوتوونەتە ناو زانا بەناوبانگەکانی ئیسلام و بە (خوارج) و بەکرێگیراویان دا دەنێن.

**نیشانەی دووەم :** دەڵێ: بەردەوام هەوڵ دەدەن چینی گەنجان گومڕا دەکەن بە تایبەتی ئەو گەنجانەی کە پلەی خوێندنیان نزمەو.....

**منیش دەڵێم:** بە ڕاستی ئەم قسەیە زۆر لە ڕاستیەوە دوورە چونکە ئەوانەی شوێنی ڕێبازی (سلف) کەوتوون زۆربەیان خوێندەواریەکی باشیان هایەو بەردەوامیش هەر خەریکی (زانیاری شەرعی) خوێندنن هەتا وای لێ هاتووە گومڕا بووەکان پێیان دەڵێن : (علماء الحیض

---

٨٧ ئەمەش یەکێکی ترە لەو هەڵە زمانەوانییانە کە هەرتەلی کردوویەتی چوونکە (شرك) واتە هاوەڵبڕیاردان نەك کافربوون.

والنفاس) یان پێیان دەڵێـن : (جەماعـەتی قـال فـلان واخبرنـا فـلان) و چەندەها ناوی تریـان پێـوە دەنێن کـە ئـەوان شـانازی پێـوە دەکـەن، چوونکـە هـەموو بەڵگـەن لەسـەر دەسـت گرتنـی ئـەوان بـە زانسـتە شەرعی‌یەکانەوە.

**نیشانەی سێیەم:** دەڵێ: ((زۆر درۆزنن)).

**منیش دەڵێم:** نازانم ئـەم نیشـانەیە هەرتـەلی لـە کوێـوە هێنـاویێتی وا دەزانم وەکو زۆربەی قسەکانی تری ئەمیشی هەر لە گیرفـانی خۆیـەوە دەرهێناوە، چونکە ئێمە دەزانـین (خـوارج) لـە درۆوە زۆر دوور بـوون، بگرە هەر کەسێک درۆی بکردایە بە (کافر) یـان دادەنـاو لەبـەر ئـەوەی نەزان و نەفام بوون و لە ڕێگای حەق لایان دابوو، تاوانی گـەورەیان بـە (کوفر) دادەنا[88]

**نیشانەی چـوارەم:** دەڵـێ: زۆر بایـەخ بـە لەبـەر کردنـی قورئـان و....دەدەن.

**منیش دەڵێم:** بایـەخ دان بەلەبـەر کردنـی قورئـان و فـەرموودەی پێغەمبـەر (ﷺ) و نوێـژ و ڕۆژوو نیشـانەی بـاوەڕداری ڕاسـتەقینەیە بـەڵام بـە مـەرجێک لـە ڕێبـازی (اهـل السـنة) لا نـەدات، لەبـەر ئـەوە ناتوانرێت و هەڵەیە بووترێت : (هەر کەسێک بایەخ زۆر بـدات بـە لەبەر کردنی قورئان و نوێژو ڕۆژوو ئـەوە (خـوارج) ە) هـەر کەسـێک وا بلـێ ئەوە بێ‌گومان بەڵگەی تێ‌نەگەیشتنیەتی لە ئیسلام ئەگینا قورئان زۆر خوێندن و نوێژ کردن سوننەتی پێغەمبەری خوایـە (ﷺ) و ڕەووشـتی هاوەڵان و شوێن کەوتووان وپیاو چاکانی ئەم ئوممەتەیە، جا ئەگەر بـە قسەی ((هەرتەلی)) بێت دەبێت ئەوانیش (خوارج) بووبن. (نعوذ با لله من الذين لايكادون يفقهون حديثا).

**نیشانەی پێنجەم:** دەڵێ: ((جەماعەت نەکردن: واتە (خوارج) نوێژ بـە جماعەت لە دوای خەڵکی‌یەوە ناکەن .....))

---

٨٨ بنوارە (تأريخ التشريع الاسلامي) لخضري بگ . ل (١٢٠)

**منیش دەڵێم**: ئەم قسەیەشی لە قسەکانی تری دەچێ، چوونکە ئەگەر یەکێک بچێتە هەر مزگەوتێک لە مزگەوتەکانی کوردستان دەبینێت ئەوانەی کە هەرتەلی بە (خوارج) یان دادەنێت لە ڕیزی یەکەمی نوێژەکان دا ڕاوەستاوون چونکە ئەوان بڕیاریان داوە هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە جێ بێنن بە پێی توانا.

**نیشانەی شەشەم**: دەڵێ:

((زۆر بێ ئەدەب وبێ حورمەتن بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ......)).

**منیش دەڵێم**: ئەوانەی کە تێکەڵاوی و هەڵس و کەوتیان هەیە لە گەڵ ئەو (سلفی) یانەدا چاک دەزانن کە بە ئەدەبترین کەس بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر ئەوانن، چوونکە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر هەوڵ دەدەن سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جێ بە جێ بکەن وە پێ لە شوێن پێی ئەودا دابنێن؛ جا هەر لەبەر ئەوەیە (هەرتەلی) هاو وێنەکانی دژایەتی یان دەکەن.

**نیشانەی حەوتەم**: دەڵێ: (زۆر بێ ئەدەب و بێ حورمەتن بەرامبەر زانایانی (اهل السنة والجماعة)....جا تکات لێ دەکەم ئەی لاوی موسوڵمان بەرامبەر زانای ئیسلام بێ ئەدەب مەبەو ڕێزی زانستیان لێ بنێ.)

**منیش دەڵێم**: بە پێچەوانەوە (سلفی) یەکان لە هەموو کەس زیاتر ڕێز لە زانایانی (اهل السنة) دەگرن و حەققی تەواوی خۆیان پێ دەدەن، بەبێ ئەوەی زیادە ڕەوی تێدا بکەن و بە (معصوم) یان بزانن یان ڕێزیان لێ نەگرن بەڵکو ئەمان دەڵێن : هەموو کەسێک بە هەڵەدا دەچێت با زاناش بێت جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە خوای گەورە خۆی لە گوناه هەڵەکردن پاراستوویەتی.



Scanned with ACE Scanner

بەلام ئەوانەی کە هەرتەلی بە پیاوچاکیان دادەنێ (مدح وثناء) ی ئەم (مفکر) و ئەو (ئەدیب) دەکەن بەلام کە باسی زانایان دەکرێت لە جوێن و قسەی خراپ زیاتر هیچی تریان پێ نالێن، وەهەروەها هەرتەلی خۆیشی بێئەدەبترین کەسە بەرامبەر بە زانایان وەکو باس کراو باسیش دەکرێت، جا سەیر لەوەش دایە خۆیشی لێ دەبێتە (الناصح الامین) ئامۆژگاری لاوان دەکات بە شتێک کە خۆی دوورترین کەسە لە کار پێکردنی هەرچەندە ئامۆژگاریەکەشی ڕاستە بەلام (صدقك وهو کذوب)!!!

**نیشانەی هەشتەم:** دەلێ: ((بەردەوام ململانە لە گەل موسولمانان دەکەن و ئاژاوە دەنێنەوە نایەلن موسولمانان سوود لە ئایین وەربگرن ببنە یەک هێز بەرانبەر بە کافران.....)).

**منیش دەلێم:** لە پێشی ئەم باسەمان دا ئەم مەسەلەیەمان ڕوون کردەوە.

**نیشانەی نۆیەم:** دەلێ: ((بەردەوام گفت و گۆ لە (متشابهات القرآن والحدیث) دەکەن و بە دەرس دەیان خوێنن.....)).

**منیش دەلێم:** ڕاستە ئەگەر بەبێ هۆ گفت و گۆ بکەی لە ئایەت و فەرموودە (متشابە) ەکان لە (صفات) و (اسماء) و ئەوانی تریش دا شتێکی خراپە بەلام ئەگەر لە کاتێک دا کۆمەلانێکی گومڕا بوو ویستیان (فطرة) ی موسولمانان تێک بدەن و (تاویل) و (تعطیل) و (تجسیم) و (تشبیه) و.....ی ئاوەلناوو ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە بکەن و بە هەواو نارەزووی خۆیان (تاویل) ی (متشابهات القران والحدیث) بکەن، ئەوە لەو کاتەدا پێویستە لە سەر زانایانی ئیسلام بەرگری لە (عقیدە) ی پاکی موسولمانان بکەن و موسولمانان ووریا بکەنەوە لەو (عقیدە) لارو وێرانەی کە تێکەل بە (عقیدة اهل السنة والجماعة) بووە، لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئیسلام هەر یەک ئیسلام بوو وە کەس ناوی تری لە خۆی نەنابوو لەبەر ئەوە کەس بە

خۆی نەدەووت من (اهل السنة والجماعة) م بەڵکو هەموویان دەیانووت ئێمە هەموو موسوڵمانین وە کەس باسی (متشابهات القران والحدیث) ی نەدەکرد چوونکە هەموویان بە (فطرة) ی پاکیان لێی تێدەگەیشتن، بەلام کاتێک کە کۆمەڵە گومڕاکان درووست بوون وەک (خوارج) و (رافضة) و (معتزلة) و....هتد، پێویست بوو لەسەر موسڵمانان کە بەرگری بکەن لە بیرو باوەڕی ئیسلامەتی ڕاستەقینەیان، بۆیە دەستیان کرد بە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی (اهل السنة) لەبارەی (متشابهات) ەوە. جا لە پاش ئەوە هەر کەسێک لە سەر (فطرة) ی پاکی ئیسلامەتی بمایەتەوە ئەوە پێی دەووترا (اهل السنة والجماعة).

کەوابوو منیش بە هەرتەلی دەڵێم : ئێوە واز بێنن لە (بدعة) ی (تاویل) و (تعطیل) و.....وە بگەڕێنەوە بۆسەر (فطرة) ی پاکی ئیسلامەتی کە بریتی‌یە لە (عقیدة اهل السنة والجماعة)، بۆ ئەوەی ئەوانیش واز لەباس کردنی متشابهات بێنن و بە دەرس نەیخوێنن.

**نیشانەی دەیەم:** دەڵێ: سەرتاشین، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (سیماهم التحالق) رواه مسلم...

**منیش دەڵێم:** تەنها ڕوتەکەی ئیمامی (نووی) -کە هەرتەلی خۆی دەیهێنێتەوە -بەسە بۆ وەلام دانەوەی، بەلام چی بلێی لە گەڵ کەسێکدا کە لەسەرو بنی قسەی خۆی تێنەگات!!

جا لەبەر ئەوە ئاگاداری دەکەمەوە کە ئەو سەر تاشینەی ئەو بۆ جێ بە جێ کردنی فەرمانی خوای گەورە بوو وەک (شیخ عبدالله بن محمد)ی کوڕی دەفەرموێ:- ((فانا معاشر الموحدین لما مَنَّ الله علینا وله الحمد بدخول مکة المشرفة نصف النهار یوم السبت فی ثامن شهر محرم الحرام سنة (١٢١٨)...فلما زحفت اجناد الموحدین بذل الامیر حینئذ الامان لمن بالحرم الشریف ودخلنا وشعارنا التلبیة، امنین ومحلقین رؤوسنا



Scanned with ACE Scanner

ومقصرين غير خائفين مِن احد مِن المخلوقين بل من مالك يوم الدين...))[٨٩].

**نیشانەی یازدەیەم:** دەڵێ: هەڵوێزنین و هەڵپێچانی دەلینک و دامێنی جلەکانیان...

**منیش دەڵێم:** کوورت کردنەوەی دامێنی جلەکان پێویستە لەسەر هەموو پیاوێکی موسوڵمان وە حەرامیشە ئەگەر لە قاپە ڕەقەی بەخوارتر بێت، لەبەر ئەو هەموو فەرموودانەی کە لەو بارەوە هاتوون.

جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی و شوێن کەوتووان و پیاو چاکان هەموویان کاریان بەو فەرموودانە کردووە، بۆیەئەگەر بە قسەی ئەرتەلی بێت ئەبێت ئەوانیش هەموو (خوارج) بن، پەنا بە خوا لە فێڵی شەیتان!!

خوێنەری بەڕێز هەموو لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) (مشمر الازار) بوون مەگەر بە دەگمەن وەکو (ابوبكر) ڕەزای خوای لێبێت کە بە (نص)ی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) جیا کراوەتەوە لەو (حكم)ە، جا لەبەر ئەوە مەرج نییە هەموو ئەو وەسفانەی (ابی سعيد) ڕەزای خوای لێ بێت دەیکات بۆ ئەو پیاوە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی هەرکەسێک سیفەتێکی لەوانە تێدا بێت ئیتر ئەوە (خوارج)ە، بێ گومان وانییە، چونکە ئەگەر وابێت مانای وایە هەرکەسێک ڕیشی پڕ بێت (خوارج)ە، یان هەر سیفەتێکی تری ئەو پیاوەی تێدا بێت!!

کەوابوو ئیستا بە جوانی بۆمان ڕوون بویەوە کەوا ئەو نیشمانانەی ئەرتەلی دایناوە بۆ ئەوەی (اهل السنة)ی پێ بکاتە (خوارج) جێی خۆی نەبوو بەڵکو زۆربەیشی لەوانەیە خۆی و هاو وێنەکانی بگرێتەوە!!!

---

٨٩ الدرر السنية (١٢٣/١)



Scanned with ACE Scanner

**پەردەی شازدەیەم:-** لە ژێر ناونیشانی ((باسی مجسمة)) لە (ل[٤٨-٥٠]) دا دەڵێ:- بزانە ((مجسمة)) گروهێکی (اهل البدعة والضلالة)ن و ئەڵێن:- خوا (جسم) لاشەیە و ئەندامی هەنەو لەسەر (عرش) نیشتە جێیە... ئەم باوەڕەی (مجسمة) کە دەڵێن :خوا لەسەر (عرشە) جێگیرە. لە جووەکان وەرگیراوە. زانایانی (تفسیر) دەفەرموون (جووەکان گوتیان: خوا لە ڕۆژی یەکشەممەدا دەستی بە دروست کردنی ئاسمان و زەمین کرد و... ئینجا لە ڕۆژی شەممەدا حساوەو لەسەر (عرش) پاڵی داوە) ئینجا خوای گەورە لە ڕەددا ئەوەی جووەکان ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە (ولقد خلقنا السموات والأرض وما بينهما في ستة أيام وما مسنا من لغوب) (ق: ٣٨)... (خوارج)ی شەممە پەرستی ئەمڕۆ و دوێنێ و پێرێ ئەم باوەڕەی جووەکانیان هەیە.. وە بێشەرمانە دەڵێن (هەر کەسێک نەڵێ: خوا لەسەر (عرش) جێگرە کافرەو...منیش دەڵێم هەی قوتابی قوتابخانەی (توراة) ئەگەر زانایانی ئوممەتی (احمد) یش (ﷺ) بە کافر دادەنێن...پێویستە ئێوەی فەریکە خوێندەوار شەرم لە زانستی دانەری (شرح مسلم) و (فتح الباری) و زانایانی تری (اهل السنة) بکەن... (خوارج) ی (مجسمە) کە ئەم باوەڕەی جووەکان بلاو دەکەنەوە، دەڵێن : بەڵگەمان ئایەتی (الرحمن على العرش استوى)([٩٠]) یە، واتە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەگۆڕن لە ڕاستی لای دەدەن... ئەی لاوی موسوڵمان تاوەکو دڵنیا بی کە مەزهەبی (اهل السنة) چینی (سلف) و (خلف) لە سەر ئەوەیە: خوا لە هیچ شوێنێک جێگیرو نیشتەجێ نییە... : (١) ئیمامی (علی) و (ام سلمه) و ئیمامی (ربیعه) و ئیمامی (مالك) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموون: (الاستواء معلوم، والكيف مجهول والايمان به واجب والسؤال عنه بدعة)... (٢) (عن مجاهد استوى: علا على العرش) رواه البخاري واتە: خوا بەرز بووەتەوە لەسەر

---

[٩٠]

(عرش) مەبەست لەم حەدیسەدا بەرزی پلە و پایەیە نەک لاشە (ابن حجر العسقلاني) لە شەرحی ئەم حەدیسەدا ڕەددیان دەداتەوەو دەفەرمێ (ابن بطال) فەرموویەتی: (گوتەی (مجسمە) کان پووچەڵە، چونکە جێگیر بوون بۆ (جسم) لاشە بەکار دێ... (٣) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (كان الله ولم يكن شي غيره وكان عرشه على الماء) رواه البخاري وفي حديث اخر (ثم خلق عرشه على الماء) رواه احمد والترمذي بسند حسن...
کەوابوو لە (أزل) دا نە (عرش) و نە هیچ شوێنێکی تر نەبوو: خوای گەورە تێیدا نیشتەجێ بێ، یان لەسەری جێگیر بێ شتێکی ئاشکراشە: واجیبە خوا بە زات و سیفەتەوە (أزلي) و (أبدي) بێ کەوابوو: هەروەکو لە (أزل) دا سیفەتی نیشتەجێ و جێگیر بوونی نەبووە لەدوای دروست کردنی بوونەوەریش سیفەتی نیشتە جێ و جێگیربوونی نیە چونکە دروست نیە سیفەتێک بۆ خوا پەیدا بکرێت کە لە (ازل) دا نەیبووبێ، هەروەکو ئیمامی (الطحاوی) لە (عقیدة) کەیدا، ڕوونی کردۆتەوە.)
**منیش دەڵێم** : یەکەم جار پێویستە بزانین کەوا (مجسمە) کۆمەڵێکی گومڕا بوون کە لە ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی لایان داوەو باوەڕیان وایە کە خوا لاشەی هەیە وەکو بەدیهێنەرەکانی (مخلوقاتە) ،بۆ نموونە دەڵێن: خوای گەورە دەستی هەیە وەک بەدیهێنەرەکانی، دووەم : هەروەها پێویستە بزانین کەوا کۆمەڵێکی تر هەن پێیان دەوترێت (جهمیەومعطلة) کە سیفاتەکانی خوای گەورە پەک دەخەن و (تاویل) ی دەکەن، بۆ نموونە: سیفەتی دەست کە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە زۆر شوێن دا باسی دەکەن، ئەوان (جهمیە) دەڵێن : مەبەست بەو دەستە توانایە(القدرة) یا نیعمەتە، جا ئەمە بۆچوونی (معتزلة) و(حرورية(خوارج)) یشە بەڵام مەزهەبی (اهل السنە) لە نێوان ئەم دوو



Scanned with ACE Scanner

کۆمەڵە گومڕابووەدایە، کە دەفەرموون : ئێمە (اثبات) ی هەموو ئەو سیفەتانە دەکەین کە خوای گەورە خۆی بۆ خۆی (اثبات) ی کردووە لە قورئان دا وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) (اثبات) ی کردووە بۆی لە سوننەت دا بەبێ تەفسیرێکی نابەجێ (التاویل) یا پەک خستنی(التعطیل) یا گۆڕانی ووشە (اصل) ێکە (التحریف) یا دیاری کردنی شێوەو چۆنێتی بۆی (التکییف) و (التشبیه).

**بۆ نموونە**: لە بارەی سیفەتی دەستەوە (الید) دەڵێین: ئێمە (اثبات)ی دەکەین بۆ خوای گەورە وەک چۆن لە قورئان و سوننەت دا هاتووە بەڵام دەستێک شیاوی ئەوە بێت، وە لە دەستی بەدیهێنراوەکانی نەچێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێ ((لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ))[91] واتە: هیچ شتێک نییە لە وێنەی ئەو (الله) بێت وە هەر ئەویش بیسەر و بینەرە. کەوابوو ئەم ئایەتە (رد)ی هەردوو بۆچوونە پووچەڵەکەی (مجسمه) و (جهمیه) دەداتەوە، چونکە کاتێک دەفەرموێ (لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ) (رَدّ)ە بۆ (مجسمه)، کە دەڵێن: سیفاتەکانی خوا وەک سیفاتی بەدیهێنراوەکانێتی. وە کاتێکیش دەفەرموێ (وهو السمیع البصیر) (رَدّ)ە بۆ (جهمیه)، کە دەڵێن سیفاتەکانی خوای گەورە بە شێوەیەکە کە لایەقی خۆی بێت وە (عقل)ی ئێمە (تَصوّر) ی ناکات، هەر لەبەر ئەوەیە ئیمامی (مالك) کاتێک پیاوێک پرسیاری لێ دەکا لە بارەی ئایەتی (الرَّحۡمَٰنُ علی العَرۡشِ استوی)([92]) ئەویش لە وەڵام دا پێی فەرموو: (الاستواء معلوم والکیف غیر معقول والایمان به واجب والسؤال عنه بدعة)([93]) واتە: (استواء) واتاکەی ڕوون و ئاشکرایە - لای

---

[91] [ الشوری (١١)]

[92] [ طه: ٥]

[93] الحلیة (٦/٣٢٥) والتمهید لابن عبد البر (١٥١/٧) والبیهقي في الاسماء والصفات (ل٤٠٨) والذهبي في العلو (ل ١٠٣) لە هەندێک لە ڕیوایەتەکاندا بە (والکیف مجهول) هاتوە، بەڵام ئەو ڕیوایەتانە (ضعیف)ن وە (الکیف غیر معقول) (صحیح)ە.

عەرەب - وە چۆنێتیکەی (عقل) (تصور) ی ناکات وە باوەڕ کردنیش پێ ی (واجب)ە وە پرسیار کردن لە بارەیەوە (بدعە) یە.
جا لەبەر ئەوەی هەرتەلی خۆی (عقیدە) ی (جهمیە) ی هەیە کە (عقیدە) کۆنی ئیمامی (الاشعری) بووە کاتێ کە (معتزلة) و (کلابیە) بووە، بۆیە دەبینین هەولی ئەوە دەدات خوێنەران وا تێ بگەیەنێت کەوا ئەوە (عقیدە)ی (اهل السنه والجماعة) یە لە هاوەلان و شوێن کەوتووان و شوێن کەوتووانی ئەوانیش کەوا گوایە هەموویان ووتویانە: (خوای گەورە جێگەی نی یەو لە هەموو شوێنێک دایە) وە ئەوەی بلێ خوای گەورە (استواء)ی کردوە لە سەر (عرش) ئەوە (مجسمە) یە!!
جا پێ ی دەڵێم: خەیاڵت خاوە دەتەوێت ڕووناکی ڕۆژ بە فووە لاوازەکەت بکوژێنیتەوە؟!
خوێنەری بەڕێز: لە بارەی ئەم مەسەلەوە (اهل السنه والجماعة) لە سێ چەرخی یەکەم دا کە شایەتی چاکێتیان بۆدراوە وە ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتوون هەموو ووتویانە خوای گەورە (استواء) ی کردووە لە سەر (عرش)، وە (عرش) یش لە سەر هەر حەوت ئاسمانەکانەوەیە، وەک خوای گەورە خۆی لە قورئان دا لە چەند شوێن دا ئەمەی فەرمووە،
ئەوەتا دەفەرموێ (الرّحمن علی العرش استوی)([94]) وە هەروەها دەفەرموێ (ان ربكم الله الذی خلق السموات والارض فی ستة ایام ثم استوی علی العرش)([95]) وە دەفەرموێ (الله الذی رفع السموات بغیر عمد ترونها ثم استوی علی العرش)([96]) وە لە چەند شوێنی تریش دا([97])، وە لە قورئانیش هاتوە (الیه یصعد الکلم الطیب)([98]) وە

[94] [طه: ٥]
[95] [الاعراف:٥٤]
[96] [الرعد: ٢]
[97] وەک لە سورەتی (السجدة) و (الحدید) و (یونس)
[98] [الفاطر: ١]



Scanned with ACE Scanner

لەبارەی (عیسی) وە (علیه السلام) دەفەرموێ (بل رفعه الله الیه)([99])
وە چەندەها ئایەتی تری لەم وێنە کە هەموو بەڵگەی بێ لەکەن لە سەر ئەوەی کە خوای گەورە لە سەر (عرش)ە وە هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەریش (ﷺ) دا هاتووە کە (تاکید)ی ئەوە دەکات، لەوانە فەرموودەکەی (ابو هریرة) کە باسی دابەزینی خوای گەورە دەکات لە هەموو شەوێک دا بۆ ئاسمانی یەکەم، وە فەرموودەی ئەو کەنیزەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)پرسیاری لێ کرد لە بارەی شوێنی خوای گەورەوە ئەویش ووتی: خوای گەورە لە ئاسمانە...لە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ڕزگارکردنی.. ئەم دوو فەرموودە و چەندەها فەرموودەی ترمان هەیە لە (صحیح البخاری) و (صحیح مسلم) و...کتێبە سوننەتەکان دا کە هەموو بەڵگەن لەسەرئەوەی باسمان کرد. وەک فەرموودەی (اسراء ومعراج) و دەست بەرز کردنەوە لە دوعا کردن و...هتد.
هەروەها (اهل السنه والجماعة) دەڵێن: خوای گەورە لە گەڵمان دایە بە زانین و بینین و بیستن (بعلمه وسمعه وبصره) وە زانینی ئەو هەموو شتێکی گرتۆتەوە. وەک لە قورئان دا دەفەرموێ: ((ما یکون من نجوی ثلاثة الا هو رابعهم...ولا اکثر الا هو معهم اینما کانوا...ان الله بکل شیء علیم))([100]) وە هەروەها دەفەرموێ: (یعلم ما یلج فی الارض وما یخرج منها وما ینزل من السماء وما یعرج فیها وهو معکم اینما کنتم والله بما تعملون بصیر)([101]) بە هارون و موسی دەفەرموێ کاتێ کە ڕەوانەیان دەکات بۆ لای فیرعەون (لا تخافا اننی معکما اسمع واری)([102]).

---

[99] [النساء: ١٥٨]
[100] [المجادلة: ٧]
[101] [الحدید: ٤]
[102] [طه: ٤٦] جا بۆ (تفسیر) کردنی ئەم ئایەتانە بنواڕە تفسیر القرآن العظیم لابن کثیر.



Scanned with ACE Scanner

بەلام (معتزلة) و (خوارج) و (جهمیە) دەڵێن: (الاستواء) لەو ئایەت و فەرموودانەدا (تاویل) دەکرێت بە واتای دەسەلات و دەست بە سەرا گرتن (استولی وملك وقهر) کەوا پێی‌ و (تعطیل)ی سیفەتی (الاستواء) دەکەن. وە دەڵێن خوای گەورە شوێن و جێگەی نی‌یە بەڵکو لە هەموو شوێنێک دایە جا ئیمامی (الاشعری) (رد)یان دەداتەوە و دەفەرموێ (وزعمت المعتزلة والحرورية والجهمية ان الله عز وجل في كل مكان، فلزمهم أنه في بطن مريم وفي الحشوش و الاخليهوهذا خلاف الدين تعالى الله عن قولهم...) واتە: (معتزلة)و (حرورية)و (جهمية) ووتویانە کەوا خوای گەورە لە هەموو شوێنێک دایە، ئەو قسەیەشیان ئەوەیان لەسەر پێویست دەکات کەوا بڵێن ئەو لە سکی (مریم) دایە وە لە ناو ڕیخۆڵەو ئاودەستەکان دایە. پاک و بەرزی بۆ خوای گەورە لەو قسەیەی ئەوان...[١٠٣] هەروەها لە پێش دا باسی رای پێشەوای مەزهەبەکان مان کرد لە بارەی (الاستواء)ەوە ئیتر پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات.

کەوابوو ئێستا بۆمان روون بویەوە ئەوەی هەرتەلی بە (عقیدة)ی (اهل السنة والجماعة) لە قەڵەمی دەدات (عقیدة)ی (معتزلة وخوارج والجمهية) بوو، وە ئەوەی ئەو بە (عقیدة)ی (مجسمة)ی دادەنێ (عقیدة)ی قورئان و سوننەت و هاوەڵان و شوێن کەوتووان و هەموو پیاو چاکان و پێشەوایانی ئوممەتی ئیسلامە کە پێیان دەووترێت (اهل السنة والجماعة)، بەلام ئەوەی بلێی (استواء) واتای (استولی وملك وقهر)ی هەیە ئەمە (اهل السنة والجماعة) لێی بەرین وەک (ابن القيم) رەحمەتی خوای لێ بێت لە بارەی مەزهەبی (سلف)ەوە بۆ (الاستواء) دەفەرموێ:-

فلهم عبارات عليها اربع | قد حصلت للفارس الطعان

---

[١٠٣] الابانه: للامام الاشعري (ل ٣٧)



Scanned with ACE Scanner

وهی استقر وقد علا وکذلك ارتفع الذی ما فیه من نکران

وکذلك قد صعد الذی هو رابع وابو عبیدهصاحب الشیبانی

یختار هذهالقول فی تفسیره ادری من الجهمی بالقران

(١٠٤)

واته: ئەوەی (سلف) لە بارەی (استواء) دەڵێن چوار (عبارة)ە ئەویش جێگیر بوو (استقر)، وە بلند بوو (علا)، وە بەرز بووەوە (ارتفع) وە ئەمانەش هیچیان خراپ نی‌یە. وە چوارەمیشیان چوونە سەر (صعد). ابو عبیده لە تفسیرەکەی دا ئەم رایەی چوارەمیانی هەڵبژارد...

وە ئەو قسەیەی (هەرتەلی) کە دەڵێ (ئەم بیرو باوەڕە لە جووکانەوە وەرگیراوە) پێی دەڵێم : زۆر ئاسایی‌یە ئەگەر جووەکانیش وا بڵێن. چونکە بێ گومان مەرج نی‌یە جووەکان لە هەموو شتێکدا هەڵە بن. مەگەر شتێک لە ئایینی خۆمان دا ڕوون کرابێتەوە کە ئەوان تێیدا هەڵەن، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانمان پێ دەکات [١٠٥] کەوا ((لە هەموو شتێک دا(بنی اسرائیل) بە درۆ نەخەینەوە مەگەر شتێک لە قورئان و (حدیث) ڕاستیکەی هاتبێت))، ئەمە ئەگەر لە شەرعی خۆمان دا بە ڕاست نەخرابوونەوە، بەڵام ئەگەر بە ڕاست خرابوونەوە ئەوە دەتوانین بڵێین ڕاست دەکەن، جا بۆ ئەم مەسەلەیەش ئەگەر جووەکان بڵێن خوای گەورە لە سەر (عرش) ە، ئەوە دەڵێین ڕاست دەکەن، چونکە ئێمە باوەڕمان وایە کە (عقیدة) ی هەموو پێغەمبەران هەر یەک (عقیدة) بووە جا بێ گومان پێغەمبەرانی (بنی اسرائیل) یش ئەم (عقیدة) یەیان بۆ ئوممەتەکانی خۆیان باس کردووە، ئەوەتا خوای گەورە باسمان بۆ دەگێڕێتەوە کە فیرعەون ووتی: (یا هامان ابن لی صرحا لعلی ابلغ الاسباب، اسباب السموات فاطلع الی اله موسی وانی لا

[١٠٤] النونية لابن القيم

[١٠٥] لە (صحيح البخاري) دا هاتوە.



Scanned with ACE Scanner

اظنه كاذبا..)[١٠٦] واته: فیرعەون بە هامانی وەزیـری ووت ئـەی هامـان قەڵایەکم بۆ دروست بکە بۆ ئەوەی بەڵکو بگەم بە ڕێگاکـان، ڕێگاکـانی ئاسمـان بـۆ ئـەوەی پەرسـتراوەکەی (موسـی) ببینـم، لـە ڕاسـتی‌دا مـن باوەڕم وایە کە درۆ دەکات...)) ئەوەتا زۆر بە ئاشکرا لەم ئایەتـەوە وا دەردەکەوێت کە (موسی) (علیه‌السلام) بە فیرعەونی ووتـوە خـوا کـەی من لە سەر ئاسمانەکانەوەیە، بۆیە فیرعەونیش گاڵتەی پـێ دەکـات و ئـەو قسـەیە دەکـات. کـەوابوو جووەکـانیش ئەگـەر وا بڵێـن ئـەوە لـە پێغەمبەرەکانیانەوە ئەو (عقیدة) یەیان بۆ ماوەتەوە.
هـەروەها دەڵێـم: دانـەری (شـرح مسـلم)و (فتـح البـاری) کـە ئیمـامی (نووی) و ئیمامی (ابن حجر)ن یەکێکن لە زانا پایە بەرزەکانی ئیسـلام وە ڕێزێکی تایبەتیان هەیە لە دڵی هەموو موسوڵمانێک دا کە خۆی بـە شـوێن کـەوتووی (سـلف) بزانێـت، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کـەوا پێویستە لە هەموو شتێک دا (ئەگەر پێکابێتیـان و نەیشـیان پێکـابێت) هەر شوێنیان بکـەوین، چونکـە هـەموو مرۆڤێـک هەڵـە دەکات، مەگـەر کەسێک خوای گەورە خۆی بیپارێزێت (ئەویش تەنها پێغەمبـەرانن) جا لەبەر ئەوەی ئێمە خوای گەورە پێویسـتی کـردووە لەسـەرمان شـوێنی حەق بکەوین لەهەر شـوێنێک بێـت بۆیـە هـەر زانایـەک ئەگـەر ووتـەی لەگـەڵ قورئـان و سـوننەت دا گونجـا ئـەوە ئێمـە مـل کـەچی فەرموودەکـەیین وە ئەگـەر بـە پێچەوانـەی قورئـان و فـەرموودەی پێغەمبەرەوە بوو ئەوە ئێمە نابێت شوێنی بکەوین ئیتر با هەر چەندە ئەو زانایەیش پلەی بـەرز بێـت. هـەروەها دەڵێـم ئەگـەر هەرتـەلی لـەو قسەیەی‌دا ڕاست دەکات، ئەی باشە بـۆ لـە دەیـان شـوێن دا هـەر لـەم کتێبەدا بە پێچەوانەی ڕای ئەو دوو زانایـە دەڵـێ وەک بـۆ نموونـە لـە باسی دایک و باوکی پێغەمبەردا (ﷺ)؟!! بـەڵام ئـەوەی ڕاسـت بێـت

[١٠٦] [ غافر: ٣٦]



Scanned with ACE Scanner

مەسەلە لە شوێن کەوتنی زانایان نی‌یە بـەڵکو مەسـەلە شتی تـری لـە دوایە ! ! !

هەروەها کاتێک دەڵێ (دروست نی‌یە سیفەتێک بۆ خوا پەیدا بکرێ کـە لە (أزل) دا نەیبووبێ...).

پێی دەڵێم: ڕاستە دروست نی‌یە (صفات) ێک بۆ خـوای گـەورە پـەیدا بکرێـت کـە لـە (أزل) دا نـەیبوویێت بـەڵام ئەمـە نابێتـە بەڵگـە بـۆ ڕا و بۆچوونە پوچەڵەکانت چونکە (أهل السنة) دەڵێن: خوای گەورە هـەموو سیفەتەکانی هـەر لـە (أزل) دا هـەبووە وە بـەردەوامیش هـەر ئـەو سیفەتانەی دەمێنێتەوە بـە (أبـد) ی بـەڵام مـەرج نی‌یـە ئـەو (صفـات) انەی لە هەموو کاتێک دا ڕوو بدات..

بۆ نموونە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (حديث الشـفاعة) دا دەفـەرموێ : ((ان ربي قد غضب اليـوم غضبـا لم يغضب قبلـه مثلـه ولـن يغضـب بعـده مثله...)) هەموو باوەڕمان وایە کە خوای گـەورە سـیفەتی (الغضـب) ی هەبووە هەر لە (أزل) ەوە وە هەر دەیمێنێ بە (أبد) ی، بەڵام دەبینین بەو شێوەیە تەنها لەو کاتەدا ڕوو دەدا نـە لـە پێش دا ڕووی داوەو وە نـە لـە دوای ئـەوەیش ڕوو دەدات (وەک لـە فەرموودەکـەدا بـە جوانـی ڕوون کراوەتەوە) هەروەها سیفەتی (المجيء) و (الأتيـان) و (النـزول) و... کەوابوو سیفەتی (الاستواء) یش هەروایـە بـەوەی هـەر لـە (أزل)دا ئـەم سیفەتەی هەبووە بەڵام لە پاش دروسـت کردنـی ئاسمانـەکانن و زەوی ڕووی‌دا.

جا لـە پاش ئـەوەی ئـەم مەسـەلەیە بـە جوانـی ڕوون بویـەوە داوا لـە هەرتـەلی و هـاو وێنـەکانی دەکـەم کـەوا بینـە خۆیـان دا و شـوێنی پێغەمبــەران و پیاوچاکــان بکــەوون نــەک شــوێنی فیرعــەون و هاووێنەکانی..

**پەردەی (حەقدەیەم)**:- لـە ژێـر ناونیشـانی (باسـی بدعـە) لـە (ل ٥٠-٥١) دا پاش پێناسە کردنـی (بدعـة) دەڵـێ: (((بدعـة) دوو بەشـە

ئیمامی (الشافعی) دەفەرموێ: (وما احدث وخالف کتاباً أو سنة أو اجماعاً أو أثراً؛ فهو البدعة الضالة، وما احدث ولم يخالف شيئاً من ذلك: فهو البدعة المحمودة)..... ڕستەی ((کل بدعة ضلالة)) واتایەکی گشتی دەدا بەڵام بە ڕستەی (ولیس علیه أمرنا)ی ئەم حەدیسە، ڕاڤەی دەکەین و واتایەکی تایبەتی لێ هەڵدەچنین و، دەڵێین : گشت (بدعە)یەک گومڕایی‌یە تەنها ئەو (بدعە) یە نەبێ کە فرمانێکی شەرعی لەسەربێ..... )) ئەمجا (هەرتەلی ) لە ژێر ناوونیشانی بڕیارەکانی شەرع دەربارەی (بدعة) دەڵێ: (ئەی لاوی موسوڵمان: لەسەر فەرمودەی ئیمام (ابن عبدالسلام) و ئیمام (النووی) و ئیمام (ابن حجر العسقلانی) و ئیمام (ابن حجر الهیتمی) رحمهم ا لله دەربارەی بڕیارەکانی شەریعەتی ئیسلام (بدعە ) دەکرێتە پێنج بەشەوە:

**یەکەم**: (البدعة الواجبة) واتە: (بدعە) ی واجب، وەکو فێربوونی (نحو) و (صرف) و (لغة) و... هتد، بۆ تێگەیشتنی قورئان و حەدیس.

**دووەم**: (البدعة المحرمة) واتە : (بدعە) ی حەرام، وەکو بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکانی (اهل البدعة) وەکو (مجسمة) و (خوارج) و... هتد.

**سێیەم**: (البدعة المندوبة) واتە : بیدعەی سوننەت، وەکو دروست کردنی قوتابخانە و شوێنی حەوانەوەی موسوڵمانانی خوا پەرست و (مجاهد) لە سنووری ئیسلام کوفر.

**چوارەم**: (البدعة المکروهة) واتە (بدعة) ی ناپەسەند؛ وەکو ڕەنگ کردن و ڕازاندنەوەی مزگەوتەکان.

**پێنجەم**: (البدعة المباحة) واتە :(بدعة)ی حەلاڵ: وەکو تێر خواردن و خواردنی خۆش و جل و بەرگی بە نرخ وجوان .

**منیش دەڵێم**: هەرتەلی کە پێناسەی (بدعة) دەکا لە شەرع دا دەڵێ: (شتی پەیدا کراو بە بێ فرمانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) و بە بێ بەڵگەی شەرعی تایبەتی یان گشتی)). ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی کەمو کورە بۆ (بدعة) بەڵکو پێناسەی (بدعة) لە شەرعدا: ((شتی پەیداکراوە لە



Scanned with ACE Scanner

ئایین دا (لە عقیدەو پەرستن دا) بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە کە بەڵگەیەکی شەرعی ڕاستی لە سەر نەبێ..))[١٠٧] کەوابوو: (بدعة) لە شەرعی ئیسلام دا بەو شتە پەیدا بووانە ئەووترێ کە لە ئاییندا زیاد کرابێت نەك هەموو شتێکی پەیدا بوو -وەك هەرتەلی دەڵێ- ئیتر لە ئایین دا بێت یان لە شتی دونیایی دا بێت.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شتە دونیاییانەی کە تازە پەیدا بوون یان دەبن (وەك فڕۆکەو ئوتۆمبیل ودرووست کردنی خەستەخانەو....هتد) ئەکەوونە بەر واتای زمانەوانی (بدعة) نەك واتای شەرعی وەك زیاتر ڕوونی دەکەینەوە -ان شاء ا الله-

لەپاشان دەڵێ: (بدعة) دوو بەشەو، ووتەیەکی ئیمامی (شافعی) دەهێنێتەوە و دەیکات بە بەڵگە بۆ ئەم دابەشکردنەی.

**منیش دەڵێم:** دابەشکردنی (بدعة) لە ئاییندا بۆ (حسنة) و (قبیحة) دابەشکردنێکە لە سەر هیچ بنەڕەتێکی شەرعی دانەمەزراوە، چوونکە ❋ خوای گەورە دەفەرموێ: ((الیوم اکملت لکم دینکم واتممت علیکم نعمتی ورضیت لکم الاسلام دینا))[١٠٨] واتە: ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواو کردن و (تشریع) یشم بەسەرتاندا تەواو کرد و ڕازی بووم بەوەی ئیسلام ئایینتان بێت.

❋ وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((ما ترکت شیئا مما امرکم ا الله به الا وقد أمرتکم به، ولا شیئاً مما نهاکم عنه الا وقد نهیتکم عنه))[١٠٩].

واتە: (هیچ شتێکم واز لێ نەهێناوە کە خوای گەورە فەرمانی پێتان کردبێت، ئیللا منیش فەرمانم پێ کردوون، وە هیچ شتێکیشم واز لێ نەهێناوە کە خوای گەورە لێتانی قەدەغە کردبێت، ئیللا منیش قەدەغەم لێ کردوون).

---

[١٠٧] الاعتصام للشاطبي (٣٧/١).

[١٠٨] المائدة -٣-

[١٠٩] حديث صحيح بمجموع طرقه ((بدائع المنى)) ل ١٤.



Scanned with ACE Scanner

❋ (جوو)ەکان بە سەلمانی فارسی‌یان ووت: ئەی سەلمان پێغەمبەرەکەتان فێری هەموو شتێکی کردوون تەنانەت پیسی کردنیش. ئەویش فەرمووی: بەڵێ!....))[110].

❋ هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((اذا حدثتكم حديثاً فلا تزيدُنَّ عليَّ))[111] واتە: ئەگەر قسەیەکم بۆ کردن لە سەرمی زیاد مەکەن.

❋ وە هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((وإياكم ومحدثات الامور فان كل بدعة ضلالة))[112]. واتە ووریای شتە تازەکان بن کە (لە ئایین) زیاد دەکرێت، چونکە هەموو شتێکی تازە (لە ئایین) دا گومڕایی‌یە. لە ریوایەتی تردا دەفەرموێ: ((وشر الامور محدثاتها وكل محدثة بدعة [وكل بدعة ضلالة] [وكل ضلالة في النار)) [113]. خراپ ترین کار (لە ئایین) دا شتی تازەیە وە هەموو شتێکی تازە داهێنراوە وە هەموو داهێنراوێکیش لە ئاگری دۆزەخ دایە.

❋ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد))([114]). وفي رواية ((من عمل عملاً ليس عليه امرنا فهو رد))([115]). واتە هەرکەسێک کارێک بکات (لە ئایین دا) فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە لێی وەرناگیرێ.

---

[110] رواه مسلم و أحمد و أصحاب السنن.

[111] اخرجه أحمد و صححه الألباني في الصحيحة (٣٤٦) عن العرباض بن سارية.

[112] رواه الترمذي و ابن ماجة و أحمد و صححه الألباني.

[113] أخرجه مسلم و البيهقي في الصفات و الأسماء و النسائي و الزيادة الأولى لمسلم و البيهقي و الزيادة الثانية للبيهقي عن جابر بن عبدا لله.

[114] متفق عليه عن عائشة -رضي ا لله عنها-

[115] رواها مسلم عنها أيضاً.



Scanned with ACE Scanner

❋ (ابن مسعود) -ڕەزای خوای لیٚ بێت- دەفەرموێ: ((اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كفيتم))([116]). واتە شوێنی پێغەمبەر (ﷺ) بکەون و شتی تازە مەخەنە سەر ئایین چونکە ئەوە بەستانە.

❋ (ابن عمر) -ڕەزای خوای لیٚ بێت- دەفەرموێ: ((كل بدعة ضلالة وان رآها الناس حسنة))([117]). واتە: هەموو (بدعة) یەک گومڕاییـیە با خەڵکیش بە باشی بزانن.

❋ (ئیمامی مالك) دەفەرموێ: هەرکەسێک (بدعه) یەک لە ئیسلام زیادبکات وا بزانێت کە (حسنه)یە ئەوە وا دەردەبڕێت کە ((محمد (ﷺ))) خیانەتی کردووە لە گەیاندنی ئیسلام دا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (اليوم اكملت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام ديناً) جا هەر شتێک لەو ڕۆژەدا ئایین نەبێت ئەوە ئەمڕۆ ئایین نی‌یە([118]).

❋ ئیمامی (شافعي) دەفەرموێ: (من استحسن فقد شرع)([119]) واتە هەرکەسێک شتێک بە باش بزانێت (لە ئاییندا نەبێت) ئەوە شەرعی داناوە. (وە ئاشکراشە کە هەر خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) (شارع)ن) واتە دانەری شەرعن.

❋ ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: ((بنچینەکانی (سوننەت) لای ئێمە ئەوەیە دەست بگرێت بەوەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوون و شوێنیان بکەوێت و واز لە (بدعة) بێنێت وە هەموو (بدعه)یەکیش گومڕاییـیە))([120]).

❋ هەروەها (حسن بن علي البربهاري) کە یەکێکە لە هاوەڵانی ئیمامی (احمد) دەفەرموێ: ((وورِیای وورده (بدعه)کان بە چونکە (بدعه)ی وورد

---

[116] أخرجه الطبراني و الدارمي بسند صحيح.
[117] أخرجه الدارمي باسناد صحيح.
[118] البدعة و أثرها السيئ على الأمة لسليم الهلالي ص٩.
[119] الأحكام للآمدي (٢٠٩/٤) و المصدر السابق.
[120] البدعة و أثرها السيئ لسليم الهلالي ص٩.



Scanned with ACE Scanner

دەگەڕێتەوە تا گەورە دەبێت وە هەموو (بدعە) یەک کە لەم ئوممەتەدا پەیدا بووە لە پێش دا بچووک بووە و، زۆربەی لە شێوەی حەقق دابووە، لەبەر ئەوە ئەوانەی پێ‌ی خەڵەتاوە کە تووشی بوون، لە پاشان نەیانتوانیوە لێ‌ی دەرچن جا گەورە بووەو بووەتە ئاینێک لەناو خەڵک دا[121]

* (شیخ الاسلام ابن تیمیه) دەفەرموێ :

((ئەوەی ئایین کۆدەکاتەوە تەنها دوو شتە ١- ئەوەیە کە جگە لە خوا هیچی تر نەپەرستین، ٢- ئەوەیە کە خوا پەرستی نەکەین بەو شێوە نەبێت کە خۆی بۆمانی داڕێژاوە، نەک بە (بدعە) بیپەرستین.))[122].

لێرەدا بە پێویستم زانی چەند هەڵوێستێکی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و پێشینە پیاوچاکەکان (السلف الصالح) بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی زیاتر خوێنەری بەڕێز دڵنیا ببێت (بدعە) لە ئاییندا بە گشتی (قبیحە) و (ضلالة) یە.

* لە قوتابی‌یەکانی (ابن مسعود)ەوە -ڕەزای خوای لێ بێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویانە: ئێمە پێش نوێژی بەیانی لە دەرگای ماڵی (عبدا لله ابن مسعود)دا دائەنیشتین هەرکاتێک دەریچوایە لەگەڵیدا دەچووین بۆ مزگەوت.. جا ڕۆژێکیان (ابو موسی الاشعري) هات بۆ لامان فەرمووی: ئایا (ابو عبدالرحمن) دەرچووە دەرەوە؟ گوتمان نەخێر! . جا دانیشت لەگەڵماندا تا (ابن مسعود) دەرچوو، کە دەرچوو هەمووومان هەستاین و چووین بۆ لای، (ابو موسی) فەرمووی: ئەی (ابو عبدالرحمن) من پێش تۆزێک لە مزگەوت شتێکم بینی پێ‌ی ڕازی نەبووم، وە سوپاس بۆ خوا بە چاکم نەبینی، فەرمووی: چی بوو؟ (ابو موسی)ش فەرمووی : ئەگەر بژیت دەیبینی، بینیم لە مزگەوت چەند کۆمەڵێک زنجیرەیان بەستووە، هەر کۆمەڵێکیان پیاوێک دانیشتووە،

---

[121] البدعة و أثرها السيئ عل الأمة لسليم الهلالي.

[122] العبودية لشيخ الأسلام ابن تيمية ص١٣٦.

بەردیان بەدەستەوەیە، پێیان دەڵێ: ١٠٠ جار (الله اكبر) بكەن ئەوانیش، ١٠٠ جار دەیكەن وە دەڵێ: ١٠٠ جار (لا اله الا الله) بكەن. ئەوانیش دەیكەن وە دەڵێ: ١٠٠ جار (سبحان الله) بكەن، ئەوانیش دەیكەن، جا (ابن مسعود) -ڕەزای خوای لێ بێت- پێی ووت: ئەی چیت پێیان ووت؟، (ابو موسى)ش ووتی: هیچم پێیان نەووت، چاوەڕوانی فەرمانی تۆ بووم. ئەویش فەرمووی: بۆ پێیانت نەووت تا وانەكانی خۆیان بژماردایە؟. وە (ضمان)ت بۆیان بكردایە، كە هیچ لە چاكەكانیان وون نەدەبوو.

لە پاشان ڕۆیشت و ئێمەش ڕۆیشتین تا گەیشتە یەكێك لەو زنجیرانە و، وەستا لە سەریان، فەرمووی :ئەمە چیە ئەتانبینم ئەیكەن!!؟ گرتیان ئەی (ابو عبدالرحمن) بەردەو (تكبیر و تهلیل و تسبیح)ی پێ دەژمێرین ئەویش فەرمووی: ((تاوانەكانی خۆتان بژمێرن من (ضمان)ی ئەوەتان بۆ دەكەم كە هیچ لە چاكەكانتان لەدەست ناچێ، ئەی هاوار بۆتان ئەی (ئوممەتی محمد) چ زوو وا تیاچوون!!؟ ئەوە هێشتا هاوەڵەكانی پێغەمبەرەكەتان تیاماوە، قاپ و قاچاغەكەشی نەشكاوە، سوێند بێ بەو كەسەی گیانی منی بە دەستە یان ئێوە لەسەر هیدایەتدراو ترین كۆمەڵن لە(ئوممەتی محمد) یان دەرگای گومڕایی دەكەنەوە، گوتیان : بەخوا ئەی (ابو عبدالرحمن) ئێمە مەبەستمان تەنها چاكە بوو، فەرمووی: چەند كەس مەبەستی چاكەیەو دەستی ناكەوێت!! بە ڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) بۆمانی باس كرد كە ((كۆمەڵێك قورئان دەخوێنن لە گەروویان ناچێتە خوارەوە))([123]). سوێند بە خوا دوور نیەزۆربەی لە ئێوە بن لە پاشا پشتی لێیان هەڵكردو ڕۆیشتن)) جا (عمرو بن سلمة) فەرمووی، : لە ڕۆژی (نهروان)

[123] ئەمە بەشێكە لەو حەدیسەی كە (بوخاری و موسلیم) ریوایەتی ئەكەن.



Scanned with ACE Scanner

بینیمان زۆربەی ئەوانەی کە لەو زنجیرانەدا بوون لەگەڵ (خوارج) دا شەڕیان لە گەڵماندا دەکرد[١٢٤].

❋ ڕۆژێک (عبدا الله بن عمر) بیستی پیاوێک پژمی و ووتی: ((الحمد لله والصلاة على رسول ا الله)) جا (ابن عمر) پێی فەرموو: بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی فێر نەدەکرد، بەڵکو فەرموویەتی: ئەگەر یەکێکتان پژمی ئەوە با سوپاسی خوا بکات، نەیفەرموو: (صلوات)م لەسەر بدەن[١٢٥].

❋ (سالم) فەرمووی: لەگەڵ (ابن عمر) ڕەزای خوای لێ بێت دانیشتبووم، لە مزگەوتدا پیاوێک هات بۆ لای لە خەڵکی ((الشام))، پرسیاری لێ کرد دەربارەی: (التمتع بالعمرة الى الحج)؟ (ابن عمر) یش فەرمووی: چاک و جوانە، ئەویش ووتی: جا خۆ باوکت (واتە: عومەری کوڕی خەتتاب) قەدەغەی لێ دەکرد! ئەویش فەرمووی: (ویل) بۆ تۆ، ئەگەر باوکم قەدەغەی کرد بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی و فەرمانی پێ کردووە، ئەوکاتە تۆ قسەی باوکم وەردەگریت یان فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟! ئەویش ووتی: فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا (ابن عمر) پێی فەرموو دە هەڵسە لە لام))[١٢٦].

❋ (هەروەها پیاوێک هات بۆ لای ئیمامی (مالك) -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ووتی: ئەی (ابو عبدا الله) لە چ شوێنێکەوە (احرام) ببەستم؟؟ ئیمامی (مالك) فەرمووی: لە (ذو الحليفة)ەوە لەو شوێنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) (احرام) ی بەست. جا ئەویش ووتی: من ئەمەوێت لە مزگەوتەوە لە لای گۆڕەکەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) (احرام) ببەستم، ئیمام (مالك)یش پێی فەرموو: وا مەکە چوونکە دەترسم تووشی (فیتنە) ببێت، پیاوەکەش ووتی: (فتنة)ی چی؟!! خۆی چەند

---

[١٢٤] رواه الدارمي و أبونعيم و صححه الشيخ سليم الهلالي في كتابه البدعة ص١٥.

[١٢٥] رواه الترمذي و الحاكم و صححه الألباني.

[١٢٦] أخرجه الطحاوي في (شرح معاني الآثار) باسناد صحيح.



Scanned with ACE Scanner

میلێکه زیادی دەکەم، ئەویش فەرمووی: چ (فتنة)یەك لەوە گەورەتر هەیە کەوا وابزانیت کە تۆ پێشی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتوویت لە چاکەیەك دا کە ئەو نەیکردووە؟!!. وە خوای گەورەش دەفەرموێ: ((فليحذر الذين يخالفون عن امره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب اليم))[127] [128].

خوێنەری بەڕێز... ئەمە هەڵوێستی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێشینە پیاو چاکەکانە بەرامبەر بە (بدعە)، وە نموونەی تریش لەم بارەیەوە زۆرە[129].

بەڵام ئەوانەی کە دەڵێن (بدعة) لە ئایین دا ئەبێتە (حسنة) و (سيئة) واتە: (بدعة)ی چاك و (بدعة)ی خراپ. دەستیان گرتوەتە چەند بەڵگەیەکەوە، لە ڕاستیدا وەکو (سراب)ە، چۆن مرۆڤی تینوو وا ئەزانێ ئاوە، بەڵام کە پێی ئەگات ئەبینێ هیچ نییە، جا ئەوانیش کە تینووی (بدعة)ن وا ئەزانن ئەو بەڵگانە بەڵگەن بۆ ئەوان بەڵام کاتێ بیری لێبکەیتەوە و بەبێ دەمارگیری ڕوونی بکەیتەوە، دەردەکەوێت کە ئەوانە نابنە بەڵگە لەسەر ئەوەی (بدعە)ی چاك هەیە لە ئایین دا، جا ئەو بەڵگانەش ئەمانەن:

※ **بەڵگەی یەکەم**: (ما رآه المسلمون حسناً فهو عند الله حسن، وما رآه المسلمون سيئاً فهو عند الله سيء)[130]. ((واتە: ئەوەی کە موسوڵمانان بە گشتی بە چاکی بزانن ئەوە لای خوای گەورەش چاکە

---

[127] النور: (٦٣)

[128] الاعتصام للشاطبي (١٣٢/١)

[129] بۆ زیاتر شارەزابوون بنوارە (الاعتصام) للامام الشاطبي و (البدع و النهي عنها) للامام محمد بن وضاح القرطبي الاندلسي.

[130] هذا الحديث لا يصح مرفوعاً بل من كلام ابن مسعود -رضي الله عنه- قال العجلوني في (كشف الخفاء) (٢٦٣/٢) نقلاً عن الحافظ ابن عبدالهادي: (اسناده ساقط و الأصح رفعه على ابن مسعود) و قال السخاوي في: (المقاصد الحسنة): (هو موقوف حسن) و قال العلامة الألباني في (السلسلة الضعيفة) (١٧/٢) لا أصل له مرفوعاً و انما ورد موقوفاً على ابن مسعود) أ هـ، نقلاً من كتاب البدعة لسليم الهلالي ص٢١.



Scanned with ACE Scanner

وه ئەوەشی بە خراپی بزانن ئەوە لای خواش خراپە)) ئەمە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) نی‌یە، بەڵکو قسەی (ابن مسعود)ە ڕەزای خوای لێ بێت، وە مەبەستی لەم فەرموودەیە ئەو یەکڕاییەیە (اجماع)ە بوو کە لەسەر (خلافة)ی ئیمامی (ابوبکر) -ڕەزای خوای لێ بێت-کرا - وەک لە پێشی فەرموودەکەدا بە درێژی باس کراوە – کەوابوو ئەوە بۆ (اجماع)ە نەک (بدعة)، ئەگەر واش بوایە ئەوە (ابن مسعود) - ڕەزای خوای لێ بێت - ئەوەندە توند و تیژ نەدەبوو لەسەر (بدعة) وەکو پێش تۆزێک باسمان کرد.

* **بەڵگەی دووەم**: قسەکەی ئیمامی (عمر) -ڕەزای خوای لێ بێت- دەکەنە بەڵگە، کە هەموو موسوڵمانانی کۆکردەوە لە شەوی ڕەمەزان دا کە (تراويح) بە جەماعەت لە دوای (ابی بن كعب) بکەن، لە پاشان فەرمووی: ((نعمت البدعة هذه)) واتە: ئەمە (بدعة) یەکی چاکە. ئەم بەڵگەیە جێی خۆی نی‌یە، چونکە ئێمە دەزانین پێغەمبەر (ﷺ) لە پێش دا شەو نوێژی بە جەماعەت بە خەڵکی کرد لە مانگی ڕەمەزاندا لە پاشان وازی لێ هێناو فەرمووی ترسم بوو خوای گەورە (فرض) ی بکات لە سەرتان جا نەتوانن بیکەن))([131]) کەوابوو ئەو کارەی ئیمامی (عمر) زیندوو کردنەوەی سوننەتێکی پێغەمبەرە (ﷺ) نەک زیاد کردنی (بدعة)یەک، وە کاتێک کە فەرمووی : (نعمت البدعة هذه) مەبەستی پێی (بدعة)یە لە زمان دا نەک لە (شەرع)دا ئەگینا ئەوە پێ ناوترێ (بدعة) بەڵکو پێ دەووترێ (سنة حسنة)([132]).

* **بەڵگەی سێیەم**: ئەوە دەکەنە بەڵگە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((من سن في الاسلام سنة حسنة فله اجرها واجر من عمل بها

---

[131] متفق عليه عن عائشة -رضي الله عنها-، لە فەرموودەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە هۆی وازلێهێنانی پێغەمبەر -ﷺ- لەو سوننەتە ئەوەیە کە دەترسا (فرض) ببێ بەڵام لە پاشا کە پێغەمبەر -ﷺ- وەفاتی کرد ئەو ترسە نەما چونکە (وحی) بڕا.

[132] بۆ زیاتر تێگەیشتن بنوارە (اقتضاء الصراط المستقيم) لشيخ الاسلام ابن تيمية (٢٧٥-٢٧٧).



Scanned with ACE Scanner

بعده.....))[١٣٣]. واتە: هەرکەسێ لە ئیسلامدا سوننەتێکی چاک بکات ئەوە پاداشتی خۆی بۆ هەیە (لای خوای گەورە) و پاداشتی ئەوەش کە کاری پێ دەکات لە پاش خۆی....)) ئەم فەرموودەیە ئەگەر بڕۆین بە دریژی تەماشای بکەین بزانین هۆکەی چی بووە، ئیتر بۆمان دەردەکەوێت کەوا هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەوانە تێدا نییە کە ئەڵێن: (بدعة حسنة) هەیە. بەڵام ئەگەر هەر ئەوەندە بڵێین کە نووسیومانە ئەوە وەک ئەوەتا یەکێک بڵێت: نزیکی نوێژ مەکەوەرەوە، ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرموێ: ((ولا تقربوا الصلاة....)) ئیتر ئایەتەکە تەواو نەکات، جا کە بنوارینە ئایەتەکە بە تەواوی بۆت دەردەکەوێت وانییە، چوونکە خوای گەورە ئەفەرموێ: ((ولا تقربوا الصلاة وانتم سكارى)) واتە: نزیکی نوێژ مەکەوونەوە کاتێ کە سەرخۆشن....، جا بۆ ئەوەی لەم فەرموودەیەش تێ بگەین و بۆت ڕوون ببێتەوە هەمووی بخوێنەرەوە[١٣٤] بۆت دەردەکەوێت کە مەبەست دەست پێشخستنە لە زیندوو کردنەوەی سوننەتێک دا.

❁ **بەڵگەی چوارەم:** کۆکردنەوەی قورئان و نووسینەوەی لە (مصحف) دا، ئەڵێن: (ئەمە (بدعة)یەک بوو هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کردیان، جا کەوابوو (بدعة حسنة) لە ئایین دا هەیە) جا منیش دەڵێم: ئەگەر یەکێک بە وردی قۆناغەکانی کۆکردنەوەی قورئان بخوێنێتەوە کە ئیمامی (بخاری) لە چەند شوێنێک لە (صحیح) ەکەیدا باسی دەکات و دەیگێڕێتەوە ئەوە ئەم شتانەی بۆ ڕوون دەبێتەوە:

أ- ئەوەی ئەوان کردیان دەگونجێت لەگەڵ مەبەستە شەرعییەکاندا و دژایەتی هیچ بنچینەیەک یا بەڵگەیەکی شەرعی ناکات.

ب- هاوەڵان لە خۆیانەوە ئەو کارەیان نەرکرد بەڵکو جێ بەجێی ئەو فەرمانەی خوای گەورەیان کرد کە ئەفەرموێ: (ان علينا جمعة

---

[١٣٣] أخرجه مسلم و النسائي و أحمد و الدارمي و غيرهم عن جرير بن عبدالله.
[١٣٤] البدعة لسليم الهلالي.



Scanned with ACE Scanner

وقرأنـه)[١٣٥] و (انـا نحن نزلنـا الذكـر وانـا لـه لحـافظون)[١٣٦] وه بـهو فهرمووده‌ی که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌فه‌رموێ: (بلغوا عنی ولو اية)[١٣٧]

ت- یه‌کڕایی (اجماع) هـاوه‌ڵانی پێغه‌مبـه‌ر (ﷺ) ی له‌سـه‌ر بـووه، وه (اجماع) یش به‌ڵگه‌یه‌کی (شه‌رعی) یه، وه‌ک ده‌زانین.

ث- ئه‌و کاره‌ی هاوه‌ڵانی پێغه‌مبـه‌ر (ﷺ) ئه‌که‌وێتـه بـه‌ر ((ما لا يتم الواجب الا بـه فهـو واجـب)) واتـه ئـه‌وه‌ی (واجـب) بـێ ئـه‌و ئـه‌نجام نه‌درێت خۆیشی ده‌بێته (واجب).

ج- له پاشان ئه‌و کاره له کاتی (الخلفاء الراشـدين)دا کـراوه بـه‌ڵکو بـه هه‌موویانـه‌وه هـه‌وڵی جێ‌بـه جێ‌کردنیـان داوه هـه‌موومان ده‌زانـین پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) حرمانی کردووه بـه ده‌سـت گرتـن بـه سـوننه‌تی ئه‌وانه‌وه، وه‌ک لـه پێشـدا فه‌رمووده‌کـه‌مان هێنایـه‌وه و باسمـان کـرد. که‌وابوو ئه‌مه خۆی له خۆی‌دا (تزكية)یه بۆ هه‌موو کاره‌کانیان، به‌ڵام بۆ که‌سانێکی دوای ئه‌وان وا نی‌یه، به‌ڵکو بۆ هیچ هـاوه‌ڵێکی تریـش ئـه‌وه نه‌بووه.

٥- ووته‌که‌ی ئیمامی (شافعی) ره‌حمه‌تی خـوای گـه‌وره‌ی لێ‌بێـت کـه‌وا ئیمامی (البیهقی) له (مناقب الشافعی)دا (١/٤٦٩) ده‌یگێڕێته‌وه.

جا ئه‌م ووتـه‌یه‌ی (شافعی) ئه‌گه‌ر ڕاستیش بێت[١٣٨] نابێته تایبه‌تی‌یـه‌ک (تخصيص) بۆ ئه‌م هه‌موو فه‌رموودانه‌ی که هه‌موو به (کل بدعـة ضلالـة) هاتوون، یا نابێته دژایه‌تی که‌رێک بۆ ئه‌و فه‌رموودانـه، چونکـه ئیمـامی شافعی خۆی ده‌فه‌رموێ(( ووتـه‌ی (صحابة) ئه‌گه‌ر بوو ئه‌وه به‌ڵگه نی‌یه

---

[١٣٥] القيامة (١٧).

[١٣٦] الحجر (٩)

[١٣٧] رواه البخاري.

[١٣٨] چونکه ئه‌م قسه‌یه ((البیهقي)) له ((الربيع بن سليمان))ه‌وه ئه‌یگێڕێته‌وه ((محمد بن موسى بن الفضل))ی تێدایه که ژیانی ڕوون نی‌یه، وه بێ‌گومان ((نووی))و ((هيتمي)يش له ((البیهقي))ه‌وه وه‌ریان گرتووه.



Scanned with ACE Scanner

کەس (تقلید)ی بکات لە پاش خۆی))[139] ئەمە لـە بـارەی هاوەڵانـەوە ئیتر چ جا ووتـەی (شافعی) خۆی چۆن دەبێتە بەڵگە.

وە هەروەها دەڵێم ئیمامی (شافعی) چۆن دەڵێت (بدعـة حسـنة) هەیـە، ئەی مەگەر ئـەو نافـەرموێت (مـن استحسـن فقـد شـرع)، وەک باسمـان کرد. وە هەروەها دەفەرموێ ((انما الاستحسان تلذذ))[140] وە لە کتێبی (الام)[141] بەشێک باسی ((ابطال الاستحسان)) دەکات.

جا لە بەر ئەوە پێویستە بزانین ئەمە ڕایەتی لە بارەی ((بدعة حسـنة)) وە کە لە ئایین دا بکرێت، بەڵام بۆ ئەو ووتەیەیش نابێت بـە ئارەزووی خۆمـان تەفسـیری بکـەین بـا پێکـەوە بچینـە خزمـەتی زانایـەکی پایـە بەرزی ئیسلام ئەم ووتەیەی ئیمامی ((شافعی)) مـان بـۆ ڕوون بکاتـەوە کە ((ابن رجب الحنبلي))یە، لە کتێبە بە نرخەکەی دا [142] دەفـەرموێ: ((مەبەستی (الشـافعي) ڕەزای خـوای لێبێت لـەوەی کـە لـە پێـش دا باسمان کرد کە (اصلی) ی بیدعەی (المذمومە) ئەوەیـە کـە لـە شـەرع دا (اصل) ێکی نەبێت بۆی بگەڕێتەوە ئەمەیە (البدعة) لە واتـای شـەرع دا بە گشتی بەڵام، بیدعەی (المحمودة) ئەوەیە کە گونجاوی سوننەت بێت، واتە : ئەوەیە (اصل) ێکی لە سوننەت دا هـەبێت بـۆی بگەڕێتـەوە، وە ئەمە بیدعەیە لە زمان دا نەک لە شەرع دا چونکە لە گەڵ سوننەت دا گونجاوە)).

لە پاشان هەرتەلی لـە ژێـر ناونیشـانی (بڕیارەکـانی شـەرع دەربـارەی (بدعـة) ڕای چـەند زانایـەک دەهێنێتـەوە کـە (بدعـة) ئەکـەن بـە پێنـج بەشەوە......).

**منیش دەڵێم**:- یەکـەم جـار دروست نی‌یـە ووشـەی (شـەرع) (حصـر) بکرێت لە هیچ کەسێک دا جگـە لـە خـواو پێغەمبـەری خـواو (اجماع)ی

---

[139] تخريج الفروع على الاصول، الزنجاني الشافعي ص ١٧٩.
[140] الرسالة للشافعي (ص ٥٠٧).
[141] الام (٧/٢٩٣-٣٠٤).
[142] جامع العلوم والحكم (ص ٢٥٣).



Scanned with ACE Scanner

زانایان، کەوابوو ئەو ناونیشانە زۆر هەڵەیە و بەڵگەیەکی ترە لەسەر تێ نەگەیشتن و نەفامی ((هەرتەلی)) چونکە (شەرع) تەنها ئەو چوار زانایە نی‌یە.

لە پاشان لە بارەی دابەش کردنی (بدعة) بۆ ئەو پێنج بەشە دەڵێم :هەندێک لە زانایان پێنج حوکمە شەرعی‌یەکە (واجب و سوننەت و حەلاڵ و مەکروە و حەرام) ئەدەن بە سەر (بدعة) داو ناڵێن تەنها (مذموم)ە واتە خراپە، (وەکو چۆن لە شەرع دا هاتووە).

ئەم بۆچوونەش بۆچونی (القرانـي) یە کە لە ((عز بن عبدالسلام)) ی مامۆستایەوە وەری گرتووە کە دەڵێ: ((بدعة)) کردنی ئەو شتەیە کە لە چەرخی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دا نەکراوەئەویش دەبێتە پێنج بەشەوە (بدعە)ی واجب و (بدعـة)ی حەرام و (بدعە)ی چاک ((مندوب))و (بدعە) ی حەلاڵ.....))[143].

بەلام ئەم دابەش کردنە باش نی‌یە لەبەر ئەم خاڵانە:-

١- چوونکە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نی‌یەبەڵکو هەر خۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە چوونکە بنەڕەتی (بدعە) ئەوەیە کە بەڵگەی لەسەر نەبێت جا ئەگەر بەڵگەی بوو لەسەر کە (واجبە) یان (سوننەتە) یان (حەلاڵە) یان (مەکروهە) یان (حەرامە) ئەوەو ئیتر پێ‌ی ناوترێ (بدعە) بەڵکو ئەو (حوکمە شەرعی)یەی بەسەردا دەدرێت کە بەری دەکەوێت.

٢- کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((کل بدعة ضلالة وکل ضلالة في النار)) بەڵگەیە لەسەر حەرام بوونی ((بدعة)) بە گشتی و هیچ بەڵگەیەک نی‌یە کە تایبەتی هەندێ بکات بە چاکە وەک باسکرا.

٣-بەشی واجب لەم دابەش کردنەی (عز بن عبدالسلام) دەکەوێتە بەر ئەو (القاعدة الاصولية) ی کە دەفەرموێ: ((ما لا یتم الواجب الا

---

[143] بنواڕە (قواعد الاحکام في مصالح الانام) عزالدین بن عبد السلام (١٧٢/٢)، دار الکتب العلمیة. بیروت.

به فهو واجب)) وەکو خۆشی بە ئاشکرا لە کتێبی ناوبراودا ڕوونی دەکاتەوە. وە ئەو (قاعیدە) یەش بۆ پاراستنی مەبەستە شەرعی‌یەکانە کەوابوو بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ (بدعە) دا ناگونجێت. بۆ نموونە: فێربوونی (زانستە شەرعی‌یەکان) بە گشتی بۆ پاراستنی ئایینە کە یەکێکە لە مەبەستە شەرعی‌یەکان (المقاصد الشرعية)، وە هیچ پەیوەندی‌یەکی لەگەڵ پێناسەی (بدعە) لە شەرع دا نی‌یە.

وە هەروەها بەشی (مندوب) لە دابەش کردنەکەیدا هیچ پەیوەندی‌یەکی بە (بدعە)وە نی‌یە، چوونکە دروست کردنی (پرد و قوتابخانە) ڕێگەن بۆ لادانی زیان و سوود گەیاندن بە ئوممەت بە گشتی.

بەڵام نوێژی (التراويح) بە جەماعەت کە ئیمامی عومەر کردی و فەرمووی: (نعمت البدعة هذه) ئەوە تەنها (بیدعە)ی (لغوي) یە نەک شەرعی وەکو باسمان کرد.

جا بەم شێوەیە هەموو ئەو نموونانەی کە هێناویەتەوە دەتوانرێت دەربکرێت لە (بدعة)[١٤٤].

کەوابوو ئێستا بۆمان دەرکەوت ئەو دابەشکردنەی (عز بن عبدالسلام) تەنها (بدعە)ی (لغوي) یە نەک (شەرعی).

جا لەبەر گرنگی ئەم باسە پێم خۆش بوو ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی پەیدا بوونی (بدعە) وە حاڵی (بدعە) کار (المبتدع) لە دونیاو دوا ڕۆژ بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز:-

---

[١٤٤] بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بارەیەوە بنواڕە (الاعتصام) للامام الشاطبي (١/١٨٨-٢٢٠) کە بە جوانی تار و تروێنی ئەم دابەش کردنەی کردوەو پووچەڵی کردۆتەوە.



Scanned with ACE Scanner

## هۆکارەکانی بیدعەکردن

١- نەفامی و نەشارەزایی لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زانیارەکانی فەرمووده ((علوم الحديث))، لەبەر ئەوە (حديث) ی (صحيح) و (حسن) و (ضعيف) و (موضوع) یان لێ تێکەڵ دەبێت.

٢- ئەگەر کۆمەڵێک نەزان و نەفام ببنە سەر گەورەو زانا و فتوادەر لەناو خەڵکیدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((ان من اشراط الساعة ان يلتمس العلم عند الاصاغر))[145] واتە لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە داوای زانیاری بکرێت لای (الاصاغر)، (ابن المبارك) فەرمووی : (اهل البدع)ە.

٣- دەست گرتن بە باوو عادەتی باوو باپیرانەوە کە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نییە.

٤- تەقلید کردن کوێرانەو بە پیرۆز دانانی ڕاو بۆچوونی پێشەوا (مجتهد)ەکان.

٥- شوێن کەوتنی (متشابهات القران والحديث) وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ((فاما الذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويله))[146]. واتە: ئەوانەی کە دڵەکانیان لادانی تێدایە لە حەق و ڕاستی شوێنی ئەو (ئایەتانە) دەکەون کە واتاکەی ڕوون و ئاشکرا نییە بە مەبەستی (فتنه) نانەوە و بە مەبەستی (تأويل) کردنی.

## [illegible]انی بیدعەکار[illegible]

١- کردەوەکانی لێ وەرناگیرێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد))[147] بە تایبەتی ئەوانەیان کە بیدعە بە چاک دەزانن خوای گەورە دەفەرموێ: ((قل

---

[145] سلسلة الاحاديث الصحيحة للعلامة الالباني (٦٩٥).

[146] (ال عمران: ٧).

[147] متفق عليه.



Scanned with ACE Scanner

هل ننبئكم بأخسرين اعمالاً، الذين ضل سعيهم في الحياة الدنيا وهم يحسبون انهم يحسنون صنعاً))[148] واتە: پێیان بڵێ (ئەی موحەمەد) ئایە پێتان بڵێین کێ خسارۆمەندترین کار کەرانە، ئەوانەی کە هەوڵ و کۆششیان بە زایەدا چووە لە ژیانی دونیادا وە خۆیانیش وا دەزانن کەوا خەریکی کارێکی چاکن.

٢- خوای گەورە دەرگای تەوبەو پەشیمانی لێ داخستوە تاوەکو بەردەوام بێت لەسەر ئەو بیدعەو تاوانە. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((بە ڕاستی خوای گەورە دەرگای تەوبەی داخستوە لەسەر هەموو بیدعە کارێک تاوەکو واز لە بیدعەکەی دەهێنێت))[149].

٣- ئایەڵن بێتە سەر (حوض) ی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە بەری شەفاعەتی پێغەمبەریش ناکەوێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((من پێشی هەمووتان دەکەوم بۆ سەر (حوض) - واتە (حوض الکوثر) - چەند پیاوێک لە ئێوە دێن تا دادەچەمم لە ئاوەکەیان پێ بدەم، لایان دەدەن و دەدرێنەبەر، منیش دەڵێم ئەی پەروەردگار هاوەڵەکانم ئەویش دەفەرموێ: تۆ نازانیت، لە پاشی تو چەند شتی تازەیان داهێنا)) لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە ((تۆ نازانیت چۆن ئایینیان گۆڕیوە لە پاش تۆ، جا منیش دەڵێم: بەدبەختی و خراپەبۆ کەسێک لە پاش من ئایینی گۆڕی بێت))[150].

٤- تاوانی هەموو ئەو کەسانەی کە کار بەو بیدعەیەی ئەو دەکەن لە سەرێتی تا ڕۆژی دوایی خوای گەورە دەفەرموێ: ((ليحملوا أوزارهم كاملة يوم القيامة ومن أوزار الذين يضلونهم بغير علم))[151]

---

[148] (الکهف: ١٠٣-١٠٤).

[149] صحيح اخرجه الطبراني والترمذي وحسنه.

[150] رواه البخاري وغيره.

[151] (النحل: ٢٥).



Scanned with ACE Scanner

واتە: تاوانەکانی خۆیان بە تەواوی هەڵدەگرن لە ڕۆژی دوایی‌دا و لە تاوانی ئەوانەیش کە گومڕایان دەکەن بە نەزانینەوە.

٥- خاوەن هەموو بیدعەیەک نەفرەتی لێ کراوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (هەر کەسێک لە (مدینە) دا بیدعەیەک بکات یان پەنای بیدعە کارێک بدات ئەوە نەفرەتی خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی لەسەرە)) [152]. ئەم فەرموودەیە هەموو شوێنێک دەگرێتەوە [153].

٦- بیدعە کار بەردەوام لە خوای گەورە دوور دەکەوێتەوە، ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) لە باسی (خوارج) دا دەفەرموێ: ((..... یمرقون من الدین کما یمرق السهم من الرمیة)) واتە ئەوان لە ئایین دوور دەکەونەوە.و دەردەچن وەک چۆن تیر لە وەشاندن دا دەردەچێت.

**پەردەی هەژدەیەم:-** لە ژێر ناونیشانی (پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ)) لە (ل[52-53]) دا لە پاش هێنانەوەی فەرموودەی ((لا تطرونی کما اطرت النصاری ابن مریم فانما أنا عبد فقولوا عبدا لله ورسوله)) [154].

دەڵێ: ئەی لاوی موسوڵمان لەم حەدیسانەدا بۆت ئاشکرا بوو خۆشویستن و ڕێز لێ نانی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی واجبەو تەواوکەری ئیمانە،بەڵام بەرز کردنەوەی بۆ پلەی خوایەتی شتێکی ترەو حەرامەو پێی کافر دەبێ بۆیە (البوصیری) لە (قصیدة البردة) دا ئاماژە بۆ ئەم حەدیسانەی ڕابوردوو دەکاو دەفەرموێ:-

دع ما ادعته النصاری في نبیهم ... واحکم بما شئت مدحا فیه واحتکم

فانسب الی ذاته ما شئت من شرف ... وانسب الی قدره ما شئت من عظم

فان فضل رسول الله لیس له ... حد فیعرب عنه ناطق بفم

---

[152] البخاري ومسلم وغيرهما.

[153] بڕوانە فتح الباری (٢٨١/١٣).

[154] رواه البخاري.

وە هەروەها (هەرتەلی) لە (ل[75]) یش دا دەڵێ: (.... کەوابوو تەنها بۆ پلەی خوایەتی بەرزی مەکەوە ئیتر هەرچی دەربارەی ئەم بەڕێزە دەڵێی بیڵێ)).

**جا منیش دەڵێم**:- (هەرتەلی) لێرەو لە (ل[76]) یش دا چەند دێرێك لە (قصیدە)کەی (البوصیري) دەهێنێتەوە، وە خەڵكێکی زۆریش لە کوردستانی خۆمان دا بە گەورەی دەزانن و (قصیدە)کەی لە (مولود)نامەو شوێنەکانی تردا دەخوێننەوە واش دەزانن ئەو کارەیان بەشێکە لە خواپەرستی و نزیك بوونەوە لە خوای گەورە وە بەڵگەیشە لەسەر خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی بڵێم: ئەو (بوصیری)یە کابرایەکی (صوفی) زیادەڕەوە وە (قصید)ەکەشی ووشەی (شرك)ی و زیادەڕەوی زۆری تێدایە لە (مدح) کردنی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، جا دەبینین لەم دێڕانەدا وا دەزانێت ئەو قەدەغە کردنەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەی ((لا تطروني....)) تەنها مەبەستی ئەوەیە پێی نەڵێیت (ابن ! الله) وەك گاورەکان، ئیتر هەرچی لە (مدح) کردنی‌دا دەڵێیت بیڵێ، ئەمەش لە ڕاستی‌دا هەڵەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە مەبەست لە فەرموودەکە لە دوو شت بەدەر نی‌یە:

**یەکەم**: قەدەغەکردنی (مدح)ە بە گشتی، جا لەوانەیشە زیاتر مەبەستی ئەمەیان بێت چونکە حەڵاڵ کردنی (مدح) بە گشتی سەر دەکێشێت بۆ شتی خراپ تر (من باب سد الذریعة)، وەك ئێستا دەبینین زۆر لە شێخی (طریقة)ە سۆفێکان پێیان ناخۆشە بڵێی (محمد) (ﷺ) (عبد) بێکە لە (عبد)ەکانی خوای گەورە ئیتر بیر لەوە ناکەنەوە کە خوای گەورە لە پیرۆزترین شوێن دا بە (عبد) ناوی بردووە. وەك دەفەرموێ : ((سبحان الذي اسرى بعبده ليلاً من المسجد الحرام الى المسجد الاقصى.....)) [155] وە هەروەها دەبینین (البوصیری)

---

[155] (الاسراء: ١).

خۆی له (قصیده) کەیدا حەقی پەرستن دەدات به پێغەمبەری (ﷺ) وەک دەڵێ:-

یا أكرم الخلق ما لی من ألوذ به    سواك عند حلول الحوادث العمم

واتە ئەی بەڕێزترین بەدیهێنراو هیچ کەسێکم نیيە پەنای پێ ببەم جگە لە توی کاتێ کە تووشی ڕووداوێکی ناڕەحەت دەبم. ئیتر بیری لەوە نەکردۆتەوە کە پەنا بردن جۆرێکە لە جۆرەکانی پەرستن و دروست نیيە بۆ غەیری خوا ببرێت، وەکو خوای گەورە فێری کردووین ڕۆژی (١٧) جار زیاتر لە نوێژەکانماندا بڵێین: ((ایاك نعبد وایاك نستعین))[١٥٦] واتە: خوایە ئێمە تەنها هەر تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتی هەر لە تۆ دەکەین، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ((ابن عباس)) دەفەرموێ: ((اذا سألت فأسأل ا لله واذا استعنت فاستعن با لله))[١٥٧] واتە: ئەگەر داوات کرد تەنها داوا لە خوا بکە، وە ئەگەر پەناتیش برد تەنها پەنا بۆ خوا بەرە، دەبینین فێری ئەوەی کردوە کە تەنها پەنا بە خوا ببات نەک کەسی تر.

**دووەم:** قەدەغەکردنی هەر (مدح) ێک لە سنور دەرچێت ئیتر مەرج نیيە تەنها ئەوەی کە (نصاری) دەیڵێت: ((ابن ا لله)) چونکە زۆر جار (مدح) کردنی لە سنوور بەدەر سەردەکێشێ بۆ ئەوەی لەو سیفاتانەی کە تایبەتن بە خوای پەروەردگارەوە بدرێت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەک (البوصیری) دەڵێ:

فان من جودك الدنيا وضرتها    ومن علومك علم اللوح والقلم

واتە: ئەی (محمد) بە ڕاستی درووست کردنی دونیاو زیانی دونیا بەشێکە لە میهرەبانی و بەخشندەیی تۆ کە خوا لەبەر خاتری تۆی دروستی کردووە و زانیاری (اللوح المحفوظ والقلم) بەشێکە لە زانیاریەکانت[١٥٨]. ئەوەتا دەبینین لێرەدا (البوصیری) یەکێک لە

---

[١٥٦] (الفاتحة: ٤).

[١٥٧] رواه الترمذي وصححه الألباني.

[١٥٨] کابرایەک بە نازناوی (سەلامی) هەستاوە بە ڕوونکردنەوەی قصیدەی (بردة المدیح)ی البوصیري) بە کوردی ئەوەندەی تر پڕ لە هەڵەی کردووە، جا ئەگەر یەکێک



Scanned with ACE Scanner

سیفەتەکانی خوا ((کە زانینی پەنهانی‌یە (علم الغیب) )) ئەداتە پالی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورەش ئەفەرموێ: (قل لا یعلم من في السموات والارض الغیب الا الله)[159]. واتە: ئەی محمد پێیان بلێ ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە پەنهانی نازانێ جگە خوا نەبێ.

وە هەروەها ڕۆژێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شایی‌یەکدا بیستی (جاریە) یەک سروودی دەووت ووتی: ((وفینا نبي یعلم ما في غد)) واتە: پێغەمبەرێکمان تێدایە ئەوەی لە سبەینێ‌دا ڕوو دەدات دەیزانێت، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو واز لەمە بێنە هەر ئەوەی خۆت بلێرەوە))[160] وە لە ڕیوایەتێکی تردا فەرمووی: ((هیچ کەسێک ئەوەی لە سبەینێ‌دا ڕوو دەدات نایزانێ جگە لە خوا))[161].

کەوابوو بۆمان دەرکەوت باشترین (مدح) بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) (مدح) کردنی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: ((وانك لعلى خلق عظیم))[162] وە کە ناوی دەبات بە (نبي و رسول و خلیل و عبد و حبیب و.... هتد). جا چ (مدح) ێک هەیە لە (مدح) ی خوا گەورە جوانتر و چاکتر بێت، چونکە ئەو لە ئێمە باشتر پێغەمبەرەکەی خۆی دەناسێ و پلەو پایەی دەزانێ و لە ئێمە زیاتر خۆشی دەوێت، لەبەر ئەوە:

لا تنسب الى ذاته ما شئنا من شرف ولا تنسب الى قدره ما شئنا من عظم
بل تنسب الى ذاته ما شاءا الله من شرف وتنسب الى قدر ه شاءا الله من عظم

هەر بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لە کۆتایی فەرموودەکەدا دەفەرموێ: ((انما انا عبد فقولوا عبدا الله ورسوله)).

---

ئەو کتێبە بخوێنێتەوە دەبینێ چەند پڕە لەحەدیسی دانراو (موضوع)و (ضعیف) وەکو (لولاك لولاك لما خلقت الافلاك)و (اطلبوا العلم ولو بالصین)و چیرۆکی درۆ و دەلەسە وەکو ئەو چیرۆکەی کە دەلێ: (کوێرێک سێ‌جار قصیدەی (بردەی) خوێندەوە چاوی چاک بووەوە ). کە بە تەواوی گومڕایی خۆی‌و (البوصیري) دەردەخات - ظلمات بعضها فوق بعض)) (النور - ٤٠).

[159] (النحل : ٦٥).

[160] رواه البخاري والبیهقي واحمد.

[161] رواه الطبراني وغیره، انظر (اداب الزفاف) ص ٩٥ للعلامة: الألباني.

[162] (القلم: ٤).



Scanned with ACE Scanner

**پەردەی نۆزدەیەم :-**

لە ژێر ناونیشانی (پیلانێکی پوچەڵ کراوە) لە (ل ٥٤-٥٧) د دەڵێ:
ئەی لاوی موسوڵمان جەنابت باش دەزانی کافرەکان بێ بەشن لە تام و بۆنی ئەم باغە پڕ لە گوڵ و میوە ئیمانیە، هەر هەوڵیش دەدەن چەند موسوڵمانێکی ساویلکە هەڵخەڵەتێنن تاوەکو دەهۆڵیان بۆ لێ بدەن و بڵێن زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) حەرامەو خۆش یان بێ بەش بکەن لە تام و بۆنی ئەم گوڵزارەی بەهەشت....
ئەم (صلاح الدین الایوبی) یە کوردێکی موسوڵمانە و باپیری من و تۆیە بە وردی بیر بکەوە چۆن کوردستانیان پارچە پارچە کرد، لە لایەکی تریش بیر بکەوە (خوارج) هیچ بایخ بە (صلاح الدین) نادەن و لە زیندانی مێژوودا دەیخنکێنن، چونکە (صلاح الدین) ی کافرکرد گۆڕی پێغەمبەری (ﷺ) لە پیلانی (صلیبی) یەکان ڕزگار کردووە، بەلام (محمد بن عبدالوهاب)ی موسوڵمان کوژ بە (شیخ الاسلام)و (رئیس الموحدین) ناو دەهێنن چونکە دژی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) بوو......

**منیش دەڵێم**:- (هەرتەلی) وەکو باوو عادەتێتی بەردەوام بەڵگەی ئایەت و حەدیس و مێژوو دەهێنێتەوە دەیکات بە بەڵگە بۆ ئەو درۆ و دەلەسانەی کە دەیەوێت مێشکی لاوانی موسوڵمانی پێ تێک بدات، بەلام ئەو کارەی بێ سوودە، چونکە هەر کەسێک ئەگەر تۆزێک خوێندەواری ببێت دەتوانێت لەو درۆ و دەلەسانەی تێبگات. ئەوەتا دەبینین لێرەدا فەرموودەی ((ما بین بیتی ومنبری روضة من ریاض الجنة ومنبری علی الحوض))[١٦٣] دەهێنێتەوە لەگەڵ چەند ڕووداوێکی مێژووی لەبارەی دژایەتی (گاورەکان) بۆ موسوڵمانان و پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) و پوچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانە لە لایەن موسوڵمانانەوە بە سەرکردایەتی (صلاح الدین الایوبی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت. ئەمان دەهێنێتەوەو دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئەم کۆمەڵەی ئەو

---

[١٦٣] رواه البخاري ومسلم.

بە (خوارج) ناویان دەبات و مامۆستاکانی بە (وەهابی)، دژ بە سەردانی گۆڕی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەن (ﷺ) وە هەوڵ دەدەن خۆشەویستی لە دڵی موسوڵمانان دا نەهێڵن وەلە هەمان کات دا دژ بە سەرکردەی سوپای موسوڵمانان (صلاح الدين) کە جەنگی لەگەڵ (گاورەکان) دا کرد، وە ناوی بە باشە ناهێنن.... جا لە ڕاستیدا ئەگەر یەکێک تێکەڵاوی ئەو کۆمەڵەی کردبێت، یاوەکو خوێندەواری بێت و چەند کتێبێکی ئەوانی خوێندبێتەوە لەو بارەوە، ئەوە بۆی دەردەکەوێت ئەم قسانە هەمووی درۆ و دەلەسەیەو قسەی کابرایەکی بە کرێ گیراوی دژ بە (منهج) ی (اهل السنة والجماعة) یە. چونکە ئەو کۆمەڵە هەرگیز نەیانووتوە کەس سەردانی گۆڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکات بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەڵام بەو مەرجەی لەو سەردانەدا شتی ناشەرعی نەکرێت وەک هاوار پێ کردنی و سووڕانەوە بە دەوری گۆڕەکەدا و ماچ کردنی و... هتد، بۆ دڵنیا بوونیش لەمە ئێستا وڵاتی حیجاز لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دایە و خەڵکیش سەردانی گۆڕی پێغەمبەر دەکەن (ﷺ) وە کەسیش قەدەغەیان ناکات. وە بۆ زیاتر دڵنیا بوون بڕوانە فتواکانی شیخ الاسلام (ابن تيمية) و کتێبەکانی (محمد بن عبدالوهاب) و (ابن باز) و هەموو زانایانی تری (اهل السنة والجماعة) لەم سەردەمەدا. وە دەربارەی ڕێز لێنان لە سەرکردەی پایە بەرزی ئیسلام (صلاح الدين) ئەتوانیت پرسیار لە هەر کوردێکی موسوڵمان بکەی کە سەری لە یەکێک لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دابێت بە تایبەتی (سعودیه) بزانێت چەند ڕێزی لێ دەنرێت تەنها لەبەر ئەوەی لە نەوەی ئەو (صلاح الدين)ەیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، جا ئیتر پێم خۆش نییە زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە بدوێم چونکە زۆر ئاشکرا و ڕوونە.

**پەردەی بیستەم:-**

لە ژێر ناونیشانی (زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) موسوڵمانانی تر) لە (ل٥٧) دا دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((قد كنت نهيتكم عن



Scanned with ACE Scanner

متابعات - له سه‌نه‌ده. شواهد :- له مه‌تن.
له‌ده‌رسی (١٤) تعليق ني بازاد
باه‌کراپه فتح

زيارة القبور فقد أذن لمحمد في زيارة قبر أمه فزوروها فانها تذكركم الاخرة))[١٦٤]... ئه‌ى لاوى موسولمان ووشه‌ى (فزوروها) فه‌رمانى (أمر)ى پێغه‌مبه‌ره (ﷺ) جا ئه‌گه‌ر ئه‌م فه‌رمانه (واجب) يش نه‌بێت گومان نى‌يه كه (سنة)ه كه‌وابوو زيارةتى گۆڕى گشت موسوڵمانێك سوننه‌ته...).

**منيش ده‌ڵێم** :- به پى‌ى (قاعده) ى (اصولى) هه‌موو (أمر) ێك له پاش (نهى) حوكمى ئه‌و مه‌سه‌له‌يه ده‌گێڕێته‌وه بۆ پێش (نهى) يه‌كه ئه‌گه‌ر (مباح) بوو ئه‌وه (مباح)ه ئه‌گه‌ر (واجب) يش بوو ئه‌وه (واجب)ه ئه‌گه‌ر له پێش (نهى) يه‌كه‌يش (سنة) بوو ئه‌وه هه‌ر (سنه) يه. وه‌ك ابن كثير له (تفسير) ه‌كه‌ى‌دا له باره‌ى ئايه‌تى ((**فاذا تطهرن فائتوهن من حيث امركم الله**))[١٦٥] وا ده‌فه‌رمێت... وه هه‌روه‌ها ده‌فه‌رمێ: (وه له‌سه‌ر ئه‌مه به‌ڵگه‌كان كۆده‌بنه‌وه‌و (**حكاه الغزالى وغيره واختاره بعض أئمة المتأخرين وهو الصحيح**). كه‌وابوو فه‌رمانى (فزوروها) بۆ (واجب) نى‌يه به‌ڵكو له‌به‌ر ئه‌وه‌ى له پێش (نهى) يه‌كه سه‌ردانى گۆڕستان (مباح) بووه بۆيه هه‌ر ده‌ڵێين (مباح) ه واته حه‌ڵاڵه سه‌ردانى گۆڕى موسوڵمانان و كافرانيش بۆ بير كردنه‌وه له دوا ڕۆژ.

**په‌ڕه‌ى بيست و يه‌كه‌م** :- له ژێر ناونيشانى (خێرى ((فاتحه)) بۆ مردوو) له (ل ٦١،٦٢)دا ده‌ڵێ: ئه‌ى لاوى موسوڵمان، كه ته‌ماشاى گۆڕستانه‌كانى كوردستان ده‌كه‌ى ده‌بينى پڕه له دار به‌ڕو دار مازو، دره‌ختى تر هه‌روه‌ها ده‌بينين موسوڵمانان خێرى ((فاتحه)) بۆ مردوو ده‌نێرن جا بۆ ئه‌وه‌ى بزانى دره‌ختى گۆڕستان و خوێندنى ((فاتحه)) له چى وه‌رگيراوه فه‌رموو با به يه‌كه‌وه بچينه خزمه‌تى ئه‌م فه‌رمووده‌نه : (**عن ابن عباس رضى الله عنه : مر رسول الله (ﷺ) على قبرين فقال:**

---

[١٦٤] رواه مسلم و الترمذي واللفظ له.

[١٦٥] رواه مسلم و الترمذي واللفظ له.



Scanned with ACE Scanner

انهما ليعذبان وما يعذبان في كبير، بلى : أما أحدهما فكان يمشي بالنميمه وأما الاخر فكان لا يستتر من بوله فدعا بعسيب رطب فشقه باثنين ثم غرس على هذا واحدا وعلى هذا واحدا ثم قال : لعله أن يخفف عنهما ما لم ييبسا) رواه البخاري ومسلم..... ئيمامی (نواوی) له شەرحی ئەم حەدیسەدا دەفەرموێ: چونکە لە کاتی تەڕیدا تەسبیحات دەکەن و داری وشکیش تەسبیحاتی نی‌یە خوای گەورە دەفەرموێ: (وان من شئ الا يسبح بحمده)... ئیجا دەفەرموێ زانایان بە خێری دەزانن قورئان لە لای گۆڕ بخوێندرێ بە بەڵگەی ئەم حەدیسە چونکە بە هۆی تەسبیحاتی لقە درەخت تکای سزا سوک بوونی هەیە کەوابوو : بە خوێندنی قورئان زیاتر تکا هەیە (واستحب ابن عمر رضي الله عنه: ان يقرأ على القبر بعد الدفن أول سورة البقرة وخاتمتها) رواه البيهقي باسناد حسن... هروەها ئیمامی (الشافعي دەیف...و: خێرە نەختێک قورئان لە لای گۆڕ بخوێندرێ وە ئەگەر گشت قورئان ختم بکەن باشە.... ئیمام (احمد بن حنبل) دەفەرموێ: هەر کاتێک چونە گۆڕستان، سورەتی (الفاتحه) و (قل هو الله احد) و هەردوو (قل أعوذ...) بخوێنن و خێرەکەشی بدەنە مردووەکان چونکە خێرەکەیان پێ دەکات.

**منیش دەڵێم**:- سوننەت نی‌یە دار بەڕو یا هەر دارێکی‌تر بنێژرێت لەسەر گۆڕ بە مەبەستی ئەوەی کەوا سزا لەسەر سووک کاتەوە چونکە ئەو فەرمودەیەی (ابن عباس) رضي الله عنه کە پێغەمبەر لقی دارخورمایەکی کردە دوو لەتەوەو لەسەر ئەو دوو گۆڕە داینا، ئەو کارە تایبەتە بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بە بەڵگەی ئەوەی پێشینە پیاو چاکەکان ئەم کارەیان نەکردوە، بۆیە ئیمامی (الخطابي) دەفەرموێ : ((ئەم فەرموودەیە لە تەبەرووک کردنە بە ئاساواری پێغەمبەری خواوە (ﷺ) و دوعا کردنی بۆ سووک کردنەوەی ئەو سزایە لە سەریان، وەکو ئەوەی ماوەی تەڕی ئەو دوو لەتە دار خورمایە سنورێک بێت بۆ ئاواکردنی ئەو سووک کردنەوە لە سەریان، وە ئەوە بۆ ئەوە نەبوە



Scanned with ACE Scanner

کەوا ئەو دار خورما تەڕە شتێکی تێدایە کە لە داری ووشک دا نی یە، وە زۆرێک لە خەڵکی تێ نەگەیشتوو لە ولاتان دا دار دەنێن لەسەر گۆڕی مردوەکانیان دا، وا دەزانم بەو مەبەستەوە دەیکەن، وە ئەو کارەیانە هیچ ڕوویەکی (شەرعی) تی یە. (واتە بێ بەڵگەیە)[166]

وە هەروەها زانای فرمووده ناس (أحمد شاكر) لە پاش ئەم فەرموودەیەی (الخطابي) دەفەرموێ: [ (الخطابي) ڕاستی فەرمووە دەبینین خەڵکی تێ نەگەیشتو زۆر سورن لەسەر ئەم کارە کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی یە بە تایبەتی لە (مصر) دا.... لەپاشان دەفەرموێ: ئەمە هەمووی لەو بیدعە و کارە خراپانەیە کە هیچ (أصل)ێکی (شرعی) لەسەر نیەو هیچ پاڵپشتێکی نی یە لە قورئان و سوننەت دا وە پێویستە لەسەر زانایان قەدەغەی بکەن و، ئەم باو و عادەتانە بەتاڵ بکەنەوە چەندێک توانایان لەسەر بێت][167]

وە بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە خراپەی ئەم کارە بڕوانە (أحكام الجنائز) کە بە جوانی (ردّ) ی ئەم کارە دەداتەوە.[168] وە لە بارەی ناردنی خێری (فاتحە) بۆ مردوو دەڵێم:

خوای گەورە قورئانی بۆ زیندوان دابەزاندوە نەک بۆ مردوان وەکو دەفەرموێ: ((لينذر من كان حيا)).[169] واتە: ئەم قورئانەمان بۆ موحەمەد ڕەوانە کردوە بۆ ئەوەی زیندوانی پێ بترسێنێت. جا ئەگەر قورئان خوێندن سوودی ببوایە بۆ مردوان ئەوە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پێش هەموو کەس دەیانخوێند بۆ مردوکانیان بەلام دەبینین ئەوان کەسیان وایان نەکردوە، بەڵکو کاریان بە قورئان کردوە لە ژیانیاندا بۆیە خوای گەورە دەسەلات دارو سەربەرزی کردن، بەلام کاتێک کە قورئان بوو بە بەشی مردوان مردوان وە تانها خوێندنی

---

[166] (معالم السنن) (٢٧/١) للخطابي.

[167] احمد شاكر في تعليقه على الترمذي (١٠٣/١).

[168] احكام الجنائز (ص ٢٠٠-٢٠٣) للالباني.

[169] (سورة يس: ٧٠).



Scanned with ACE Scanner

تایبەت کرا بە تەعزێ و دەست پێ کردنی ئاهەنگەکانەوە دەبینین خوای گەورە زەلیل و سەر شۆڕی کردین، بۆیە پێویستە بزانین قورئان بۆ کار کردن هاتوە وە مردو تازە ماوەی کار کردنی نەماوە لەبەر ئەوە بە خوێندەنەوەی هیچ پاداشتێکی پێ ناگات مەگەر لە کوڕ و کچی خۆیەوە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی بۆ ئەو بخوێنن بەڵکو لەبەر ئەوەی بە خوێندنەوەی قورئان خۆیان پاداشتیان دەست دەکەوێت وە باوک و دایکیش بەش دارن لەو پاداشتەدا بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ((اذا مات الانسان انقطع عمله الا من ثلاث :...... أو ولد صالح يدعو له))[170] واتە: ئەگەر مرۆڤ مرد ئەوە پاداشتی کارەکانی دەبڕێت تەنها لە سێ ڕێگەوە نەبێت.... یا کوڕێکی چاک دوعای خێری بۆ بکات.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ((وأن ليس للأنسان الا ما سعى))[171] ((ابن كثير)) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ : هەروەک چۆن هیچ کەسێک تاوانی هیچ کەسێکی تر هەڵناگرێت هەروەها هیچ کەسێکیش پاداشتی هیچ کەسێکی تری دەست ناکەوێت مەگەر ئەوەی خۆی کۆشش و هەوڵی بۆ دابێت، وە هەر لەم ئایەتەوە ئیمامی (شافعی) هەڵیگۆزازیوە کەوا بەخشینی قورئان خوێندن ناگات بە مردوو چونکە نە کردەوەی خۆیەتی و نە لە کەسی ئەویشە، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی نەکردووە بە سوننەت بۆ ئوممەتەکەی وە لە هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەریشەوە شتی وا نەگێڕراوەتەوە جا ئەگەر کارێکی چاک بوایە ئەوە بێ گومان ئەوان پێشی ئێمە دەکەوتن لە کردنی ئەو خێرەدا.[172]

---

[170] رواه مسلم

[171] (سورة النجم: ٣٩).

[172] (تفسير ابن كثير /٤/ ٢٦٠) لەدوای ئەوە ئەفەرموێ: وباب القربات يقتصر فيها على النصوص ولا يتصرف فيها بانواع الأقيسة والآراء.



Scanned with ACE Scanner

هەروەها دەبێ بزانین کەوا لە بەشی عیبادەت و خێر و چاکەو نزیک بوونەوە لە خواوە (أصل) تیایدا بەتاڵ بوونەوەیە مەگەر بەڵگەی شەرعی (قورئان و سوننەت) ی لەسەر بێت جا لەبارەی گەیشتنی خێری قورئان خوێندن بە مردوو و قورئان خوێندن بۆی ئێمە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستمان نی‌یە بۆ گەیشتنی و دروست بوونی، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەمان هەیە لەسەر نەگەیشتنی وە دروست نەبوونی ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەفەرموێ: ((لا تجعلوا بيوتكم مقابر فان الشيطان يفر من البيت الذي يقرأ فيه سورة البقرة))[١٧٣] واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان چونکە شەیتان ڕادەکات لەو ماڵەی کە سورەتی (البقرة)ەی تێدا دەخوێنرێت. کەوابوو دیارە گۆڕستان جێ‌ی قورئان خوێندن نی‌یە بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەفەرموێ: ماڵەکانتان وەک گۆڕستان لێ مەکەن بەوەی قورئانی تێدا نەخوێنن بەڵکو ئێوە قورئانی تێدا بخوێنن. ئەم فەرموودەیە هەروەکو ئەو فەرموودەیەیە کە دەفەرموێ: ((صلوا في بيوتكم ولا تتخذوها قبوراً))[١٧٤] واتە: نوێژ لە ماڵەکانتان بکەن -واتە نوێژە سوننەتەکان- و مەیکەن بە گۆڕستان ئیمامی بوخاری لە (ترجمة) ی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ: ((باب كراهية الصلاة في المقابر)).

دەبینین ئیمامی (البخاري) لەم فەرموودەوە ئەوە هەڵئەگۆزێ کەوا (مكروه)ە نوێژ لەسەر گۆڕستان بکرێت چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ((ماڵەکانتان وەکو گۆڕستان پێ مەکەن)). دەی کەوابوو ئەو فەرموودەیەی (ابو هريرە)ش ئەوە ئەگەیەنێت کە (قورئان خوێندن) لەسەر گۆڕستان (مكروه)ە. چونکە لێرەشدا هەروەها دەفەرموێ :کەوا ماڵەکانمان وەکو گۆڕستان لێ نەکەین بەوەی قورئانی تیا نەخوێنین.

---

[١٧٣] اخرجه مسلم (١٨٨/٢) والترمذي (٤٢/٤) وصححه واحمد (٢٨٤/٢) عن ابي هريرة.

[١٧٤] اخرجه البخاري ومسلم.



Scanned with ACE Scanner

جا کەوابوو لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە پاداشتی قورئان خوێندن بە مردوەکان ناگات چونکە ئەگەر پێیان بگەیشتایە ئەوە دەیفەرموو بیخوێنن.

جا هەر لەبەر ئەوەیە (مذهب)ی جەماوەری زانایان (وەکو ابو حنیفە و مالك و کەسانی تریش)[١٧٥] لەسەر ئەوەن قورئان بۆ مردوو ناڕوات.

وە بۆچونی ئیمامی ئەحمەدیش هەروابووە بۆیە (ابو داود) ئەفەرموێ: (بیستم پرسیار کرا لە ئیمامی ئەحمەد لەبارەی خوێندنی قورئان لەسەر گۆڕ؟ ئەویش فەرمووی: نەء)[١٧٦]

بەلام ئەوەی کە (هەرتەلی) لە ئیمامی (احمد بن حنبل)ەوە دەیگێڕێتەوە سەنەدەکەی (ضعیف)ە[١٧٧]. وە هەروەها ئەوەش کە لە (ابن عباس) - رضي الله عنه -ەوە دەیگێڕێتەوە بە هەمان شێوە سەنەدەکەی (ضعیف)ە چونکە لە سەنەدەکەی دا (عبدالرحمن بن العلاء بن اللجلاج) هەیە کە نەناسراوە (مجهول)ە وەکو لە کتێبەکانی (الرجال) دا هاتووە.[١٧٨]

جا ئەو پرسیارە لە (هەرتەلی) دەکەم کە خۆی دەیکات: (ئایا تۆ لەم پێشەوایانە چاکتری لێ دەزانی کە ئەوان لە پێغەمبەرەوە نزیک تر بوون و لێشیان بووە (قورەیشی) بووە، وەك ئیمامی (شافعی) رەحمەتی خوای لێ بێت..؟- . خۆ تۆ بووی دەتووت من (الشافعي) مەزهەبم جا بۆ لێرەدا بە قسەی ئەو ناکەیت..؟- خۆ لێرەدا بەلگەی ئەو زۆر بەهێزە ئەگەر چی تۆ بەدوای بەلگەش دا ناگەڕێیت. چوونکە

---

١٧٥ وەکو: (ابن تیمیه) لە (أقتضاء الصراط المستقیم)دا (ل ١٨٢) دەفەرموێ: وقال مالك: (ما علمت احداً یفعل ذلك، فعلم أن الصحابة والتابعین ما کانوا یفعلونه). هەروەها ئیمامی (النووی) ئەفەرموێ: (المشهور من مذهب الشافعي انه لا یصل). فقه السنة (١/٤٨٠).

١٧٦ ابو داود (المسائل) ص ١٥٨.

١٧٧ احکام الجنائز للعلامة الالباني ص ١٩٢.

١٧٨ المصدر السابق.



Scanned with ACE Scanner

تۆ (مقلد) ی وەک خۆت دەڵێی. وە ئەگەر بڵێیتیش: زانای تـر هـەن وا ناڵێن. ئەو کاتە منیش پێت دەڵێم : کەوابوو مەرج نی‌یە شوێنی تـەنها کەسێک یـان مەزهـەبێک بکەویت بـەڵکو ئـەبێ شـوێنی ڕای ئـەوەیان بکەویت کـە بەڵگەکەی بـەهێزترە ئەگـەر بـە دەمیـش (اعـتراف) بەمـە نەکـەیت ئـەوە بـە کـردەوە سـەلماندت وەک دیـارە یـا لەوانەیــە ئــەم هەڵبژاردنەت لەبەر ئەوە نەبێت کە ئەو ڕایـە بـەهێزترە لای تـۆ بـەڵکو لەبەر ئەوەیـە ئێستا بـاو و عـادەتی خـەڵک وایـە،جا بـۆ ڕازی کردنـی خەڵکی ئەم ڕایەت هەڵبژاردبێت، واش دەزانم ئەمەی دواییـان زیـاتر لـە تـۆدا جـێ بـەجێ دەبێتــەوە. چونکـە بـە ڕا و بـۆ چوونـەکانت دا وا دەردەکەوێت کە بەردەوام شوێنی هەواو نارەزووی خـەڵکی دەکـەویت، وە کـاتێک دەڵـێی : ((مـن شـافعی مەزهـەبم))- تـەنها لەبـەر ئەوەیـە خەڵکی کوردستان بە زۆری دەڵێن : ((شافعی مەزهەبین)).

**پەڕەی بیست و دووەم**:- (هەرتەلی) لە ژێر ناونیشانی ((گـۆڕ لـە نـاو مزگـەوت دا)) لـە ([٦٢،٦١]) دا دەڵـێ: ((ئـەی لاوی موسـوڵمان چـەند گەنجێک وا تێ گەیەندراون ئەگـەر گۆڕ لـە مزگـەوتێک دا هـەبێت نوێـژ کردنی تێـدا دروست نی‌یـە، جا ئـەم تـێ گەیشـتنە هەڵەیـە مزگـەوتی پێغەمبەریش (ﷺ) دەگرتێوە...)).

ئینجا منیـش لـە ڕوون کردنـەوەی ئـەم باسـەدا دەڵێم : گـۆڕ لـە نـاو مزگەوتدا دوو شێوەی هەیە:-

**یەکەم**: گۆڕەکە لـە دەوری حـەرەمی مزگـەوت بێـت.... کـەوابوو گۆڕەکانی ئێستای مزگەوتەکانی کوردستان لەم بابەتەیـە شـوێنەکەیان هەرچەندە سەر بە مزگەوت بێت بەڵام بە حەرەمی مزگەوت دانانرێت.

**دووەم**: خودی گۆڕەکە بکەوێتە مزگەوت.... ئەمە حەرامە بەڵکو ئەگەر بە مەبەستی پەرستنی بێت پێی کافر دەبێت... لـە پاشـان ووتەکـەی ئیمامی (نـووی) و (الهیتمی) دەهێنێتـەوە کـە شـەرحی فەرموودەکـەی



Scanned with ACE Scanner

پێغەمبەری خوا دەکەن (لعن الله اليهود والنصارى...) کە (نابێ بە هیچ جۆرێک نوێژ لەسەر گۆڕی پێغەمبەر و پێغەمبەرانیش بکرێت)، لە پاشان دەڵێ: (هەروەها لە شەرحی ئەم حەدیسەدا ئیمامی نەوەوی دەفەرمووێ: زانایان فەرموویان: بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کردووە گۆڕی ئەوو، گۆڕی خەڵکی تر بکرێتە مزگەوت لە ترسی زۆر بە گەورە زانینی بێ شەرعی‌یە، چونکە زۆر جار ئەم بێ‌شەرعی‌یە سەر دەکێشێ بۆ کافر بوون، هەروەک ئوممەتەکانی ڕابوردوو بە سەریان هاتووە.....) هەروەها دەڵێ: (کەوابوو ئەی لاوی موسوڵمان ئێمەی (اهل السنة)! وەکو جووەکان و گاوورەکان (عباد القبور) گۆڕ پەرست نین، وەکو خەوارج یش (اعداء القبور) دوژمنی گۆڕەکان نین، بەڵکو بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) (زوار القبور) زیارتکاری گۆڕەکانین......)

**منیش دەڵێم** :- پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە کە خانوو و دیوار لەسەر گۆڕ دروست بکرێت وەک جابری کوڕی عبدا لله دەیگێڕێتەوەو ئەفەرموێ (نهى رسول الله (ﷺ) ان يجصص القبر وان يقعد عليه وان يبنى عليه))[179] وە لە ڕیوایەتی تردا هاتووە ((وان يكتب عليه))[180] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەوەی گۆڕ گەچ کاری بکرێت و لەسەری دابنیشرێت و خانووی لەسەر دروست بکرێت، وە نووسینیشی لەسەر بکرێت.

جا ئەو گۆڕانەی کوردستانیش کە هەرتەلی باسی دەکات و بە شەرعی دادەنێ زۆربەی چیمەنتۆکاری کراوەو دیوار و خانووی لەسەر دروست کراوەو گومەزی بۆ کراوەو دار و دارستانی تیا نێژراوە، تاوەکو وای پێ هاتووە ئەو گۆڕستانانە دەڵێی شاری زیندووانە، بۆ نموونە ئێستا کە دەچیتە شاری سولەیمانی دەبینیت لە گۆڕستانەکەی گردی سەیوان دا گۆڕی موسوڵمانان لە گۆڕی جووەکان جوانتر ڕازاوەتەوەو بووەتە

---

[179] رواه مسلم.
[180] رواه الترمذي.



Scanned with ACE Scanner

شوێنی سـەیران و ئاهەنگ گێـڕان و تێکەڵاو بوونـی کچـان و کـوڕان و شوێنی مەی خواردنەوە، هەروەها حاڵی گۆڕستانەکانی تری کوردستان لەوە کەمتر نی‌یەو جگە لەوەیش زۆر لە خەڵکی کوردستان تاکو ئێستا هەر هاوار بەو گۆڕانە دەکـەن و نـەزری بـۆ دەکـەن و جۆرەکانی تـری پەرستنیان بۆ دەکەن. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە زۆر لـە بانگەوازکـەرانی ئیسلام لە کوردستان دا تا ئێستاش ئەمـە بـە ئاسـایی دەزانـن یـان لـە ترسی لۆمەی خەڵک دا (هەرتەلی) ئاسا ناوێرن بدەن لـە بـیرو بـاوەڕی (شرك)ی ئـەو خەڵکـە، کـە چەندەها ساڵە بـاو و باپیرانیـان لەسـەری دەڕۆن جا ئەگەر پێشیان بڵێ‌ی: بۆ باسی ئەم ڕاستـی‌یانە بـۆ خـەڵکی ناکەن و بۆیان ڕوون ناکەنەوە و کەم تەرخەمی تێدا دەکـەن؟ لـە وەڵام یت ئەڵێن: ((بەخوا ڕاست دەکەیت بەڵام تازە ئەمە بە ئێمـە چـارە ناکرێت چونکە هەروا بووەو هەروایش دەبێ))! ئیتر وەکو ئـەوەی ئـەو ئایەتەی خوای گەورەیان نەبیستبێ: ((ان الذيـن يكتمـون مـا انزلنـا مـن البينـات والهـدى مـن بعـد مـا بينـاه للنـاس في الكتـاب اولئـك يلعنهـم ا لله ويلعنهم اللاعنون))[181].

جـا ئەمـە حـاڵی گۆڕسـتانەکانی کوردسـتانە کـە هەرتـەلی بـەرگری لێ دەکـاو دەترسێت شـوێنکەوتووەکانی (اهـل السـنة والجماعـة) ئەگـەر دەسـتیان بچێـت بیڕوخێنـن، چونکـە وا دیـارە (هەرتـەلی) بـاش تێگەیشتووە لەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کـە بـە ئیمـامی (علي) دەفـەرموێ: ((ولا تـدع تمثـالا الا طمسـته ولا قـبرا مشـرفا الا سويته))[182] واتە ئەی (عەلی) هیچ پەیکەرێک مەهێڵـە تـا دەیڕوخێنـی وە هـەروەها هیـچ گۆڕێکـی بـەرز مەهێڵـە تـا تـەختی دەکـەیت لەگـەڵ زەوی‌دا.

کەوابوو نـابێت گـۆڕ لـە بستێک زیـاتر بـەرز بکرێتـەوە وەك ئیمـامی (نەوەوی) لە شەرحی ئـەم فەرموودەیـەدا باسـی دەکـات.[183] چونکـە

[181] (البقرة: ١٥٩).
[182] رواه مسلم.
[183] شرح صحيح مسلم (٣٧/٧).



Scanned with ACE Scanner

ئەو زیادە بەرزکردنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی موسوڵمانان تووشی فیتنە ببن و دەست کەن بە پەرستنی ئەو گۆرانە وەک ئێستا گۆرکەی(شیخ عبدالقادری گەیلانی- رەحمەتی خوای لێ بێت)لە بەغداو (ئیمامی حسێن)ڕەزای خوای لێ بێت لەکەربەلاو ئەو گۆڕەی کە بەناوی ئیمامی (علی)یەوە ڕەزای خوای لێ بێت لە نەجەف[١٨٤]

وەچەندەها گۆڕی تریش لە کوردستان وولاتانی تری ئیسلام یش دا ئێستا خەڵکی جۆرەها پەرستنیان بۆ دەکەن. تاوای لێ هاتووە بە شێخ عبدالقادری گەیلانی دەڵێن: ( الغوث) واتە فریاد رەس. کە یەکێکە لە سیفەتەکانی خواو دروست نییە بۆ هیچ بەندیەکی بەکار بهێنرێت ئیتر پەنا بە خوا و دروست نییە بۆهیچ بەندەیەکی بەکار بهێنرێت ئیتر پەنا بە خوا نزیکە وەکو قەومەکەی (نوح) بگەڕێینەوە بۆ پەرستنی (أولیاء) و پیاوچاکان ، وەک ابن عباس لەتەفسیری ئایەتی (وقالوا لا تذرن آلهتكم ولا تذرن ودا ولا سوعا ولايغوث ويعوق ونسرا).[١٨٥]

دەفەرمووی: (ئەوانە چەند پیاو چاکێک بوون لەپاش خۆیان بوڕێزلێ نانیان شێوەیان بۆ دروست کردن ، پاش ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا دەستیان بە پەرەستنیان کرد....)

وەئەمەی کەباسمان کرد مەزهەبی ئیمامی (شافعی)شە کە فەرموویەتی: بینیم پێشەواکان لە (مكة)دا فەرمانیان دەکرد بە روخاندنی ئەو خانوو دیوارانەی کەلەسەر گۆڕەکان دەکرا[١٨٦] جاکەوابوو ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێ ی دەترسا

موسوڵمانان توشی بێن (کە گۆڕ پەرستن بوو) (وەکوئیمامی (نووی) دەفەرموێ) هاتە دی، ئەوەتا بەچاوی خۆمان دەبینین چۆن خەڵکی ئەو گۆڕانەیان کردوەتە جێی هاوار لێ کردن وداوایان لێ دەکەن

---

١٨٤ کە لە ڕاستیدا گۆڕی ئەو نییە و گۆڕی (مغيرة بن شعبة)یە ڕەزای خوای لێ بێت.

١٨٥ (نوح: ٢٣).

١٨٦ بنوارە شرح صحيح مسلم ب ٧/ ل ٣٧.

فریایان بکەون لە کـاتی تەنگانـەو ناخۆشـێکان داو شـیفایان بـدەن لـە نەخۆشێکانیان و چەندەها جۆری تر لە جۆرەکانی پەرستن، ئـا لـێرەدا بە (هەرتەلی) دەڵێم: ئەی باشە کاکەگیان ئیتر (عباد القبور)چۆنە، ئایا رەشە یا سپی ؟ باشە ئیتر چی بە پەرستن دا دەنێیت ئەگـەر ئەمانـە پەرستن نەبێت؟ ! !

**پـەردەی بیست و سێ یـەم**:- لـە ژێـر ناونیشـانی ((دایـک و بـاوکی پێغەمبـەر (ﷺ) )) لـە (ل ٦٢-٦٧)دا دەڵـێ (ئـەی لاوی موسـوڵمان زۆر چاک دەزانم بـاس کردنـی ئـەم مەسـەلەیە خزمـەتی ئیسـلام ناکـا وە چارەسەری کێشەی موسوڵمانان ناکا، بەلام ناچـار بـووم باسـی بکـە ، چونکە چەند کەسێک بە شانازی یەوە ووتار دەدەن و دەڵێـن، دایـک و بـاوکی پێغەمبـەر (ﷺ) کـافرن و لـە دۆزەخ دان، ئـەم گۆتـە ناشـرینە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام...جا هاوارم بۆ لای خوای گەورە متـاڵێک لـە منالیەوە فێر بکرێ: کە پێغەمبەر (ﷺ) کـوڕی کافرانـە- **نعوذ بـا لله**- نـاخۆ چـۆن بـیر لـە پێغەمبـەر (ﷺ) بکاتـــەوە وچـۆن خۆشەویسـتی پێغەمبەری لە ناو دڵ دا جێگیر دەبێ؟... پرسیار لە قازی (ابو بکرَ بن العربی المالکی )کرا: دەربارەی پیاوێک کـە گوتـی: ((بـاوکی پێغەمبـەر (ﷺ) لە دۆزەخ دایە؟)) لە وەلامـدا فـەرمووی: ئـەم پیـاوە (ملعون)ە، واتـە لەعنـەت لێ کـراوە،چونکـە خـوای گـەورە دەفـەرموێ ((ان الذیـن یؤذون الله و رسـوله لعنهـم الله في الدنیـا والآخـرة..))[187] .. ئینجـا فـەرمووی هیـچ ئـازارێک لـەوە گـە ورەتـر نـی یـە کـەدەربارەی بـاوکی پێغەمبـەر(ﷺ) بگوتـرێ (بـاوکی پێغەمبـەر لـە دۆزەخ دایـە) ... بـە پێویســـتی دەزانم: ئـــەوە روون بکەمـــەوە :-کـــەدایک وبـــاوکی پێغەمبەر(ﷺ) کافر نـین وە دۆزەخیـش نـین..)) لـە پاشـان هەرتـەلی

---

[187] الأحزاب ٥٧



Scanned with ACE Scanner

ووتەیەکی ( بیجوری) دەهێنێتەوە و چەند فەرموودەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێ ئەمەی بەڵگەی (الرازی) و(السیوطی)یە لەسەر ئەوەی کە باوک و دایکی پێغەمبەر(ﷺ) دۆزەخی نین.لەپاشان لە بابەتی پرسیار و وەڵام دا چەند پرسیارێکی کردوە وخۆیشی وەڵامی داوەتەوە.جا پرسیاری یەکەمیان فەرمودەکەی (ابو هریرە ) دەهێنێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) داوای لە خوای گەورە کرد کەوا ڕوخسەتی بدات داوای لێ بووردن بۆ دایکی بکات، خوای گەورە ڕوخسەتی نەدا بەڵام کە داوای سەردانی گۆڕەکەی کرد ڕوخسەتی دا. (رواه مسلم) جالە وەڵامی دا دەڵێ:-ئیزن نەدان نابێتە بەڵگە، کەبڵێین : تاوانی نەبووە چونکە نەگیشتۆتە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)...

هەروەها فەرمودەکەی (انس) یش دەهێنێتەوە کەوا پیاوێک پرسیاری کرد لە بارەی باوکێوە پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: باوکی من و باوکی تۆیش لەدۆزەخ دان(رواه مسلم) جا لەوەڵامیدا دەڵێ:- ڕاستە ئەم حەدیسە و حەدیسەکەی تر هەردووکیان (صحیح)ن بەڵام واتای ئاشکرایان مەبەست نی یە، هەر وەک ئیمامی(نووي) دەفەرموێ (متی خالف خبر الآحاد نص القرآن او اجماعا وجب ترك ظاهره).. کەوابو.. هەردووکیان حەدیسێکی ڕاستن بەڵام دژایەتیان هەیە لەگەڵ ئایەتی (وما کنا معذبي حتی نبعث رسولا )[188]

**جا منیش دەڵێم**:- ئەگەر دەزانیت باس کردنی ئەم مەسەلەیە خزمەت بە ئیسلام ناکات ئیتر بۆ دەیکەیت و خزمەتی کوفری پێ دەکەیت؟!

---

[188] الاسراء: ١٥



Scanned with ACE Scanner

لەپاشان دەڵێم ئەوەی هەرتەلی بە کوفری دا دەنێت و بکەرانیشی بەزمان درژ و (ملعون) دەزانێت. بەڵگەی سوننەت ویەکرای زانایانی (سلف) ی لەسەرە وەک ڕوونی دەکەینەوە.

یەکەم:- (بەڵگەی سوننەت) ١- پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد: باوکم لەکوێ یە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ((لەدۆزەخ دایە)) جا کەپشتی هەڵکرد بانگی کردەوەو فەرمووی: بە ڕاستی باوکی من و باوکی تۆیش لە دۆزەخ دان[189].

٢- پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هەردوو کوڕەکەی (ملیکە) ی فەرمووی ((دایکتان لە دۆزەخ دایە)) جا ئەوە زۆر لە سەر دڵیان گران بوو، جا پێغەمبەر(ﷺ) لە پاشان بانگی کردن و فەرمووی: ((بە ڕاستی دایکی منیش لەگەڵ دایکی ئێوەدایە))[190].

٣- (ابي رزين العقيلي) ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد: دایکم لە کوێیە؟ فەرمووی دایکت لە دۆزەخ دایە، جا ووتم ئەی ئەو کەسوکارانەی تۆ کە لە پێشدا مردوون لە کوێن؟ پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: ئایە ڕازی نابێت دایکت لەگەڵ دایکی من دابێت؟![191].

٤-پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە چووەوە بۆ (مكة) لەساڵی (فتح)دا، چووە سەر شێوە گۆڕێک دانیشت... ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا چاومان لێبوو چیت کرد، ئەویش فەرمووی: من داوام لە پەروەردگارم کرد سەردانی گۆڕی دایکم بکەم، ئەویش ڕوخسەتی دام، بەڵام داوام لێکرد ڕوخسەتم بدات داوای لێبووردنی بۆ بکەم، ڕوخسەتی نەدام. لە هەندێ

---

[189] رواه مسلم (١٩١/١ رقم ٢٠٣) باب (بيان أن من مات على الكفر فهو في النار) وابو داود (٢٣٠/٤ رقم ٤٧١٨) والبيهقي في السنن الكبرى (١٩٠/٧).

[190] رواه احمد (٣٩٨/١) والطبراني في (الكبير) (٩٨/١٠) رقم ١٠٠١٧ والبزار (١٧٥/٤).

[191] رواه احمد (١٤،١١/٤).



Scanned with ACE Scanner

ریوایەت دا ((جا پێغەمبەری (ﷺ) ئەوەندە گریا هەرگیز لەوەو پێش نەبینرا بوو ئەوەندە بگرێت))[١٩٢]

٥-باوکی (سالم) فەرمووی ((پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ووتی:- ئەی پێغەمبەری خوا باوکم سەردانی خزم و کەسوکاری دەکرد و..و.. جا ئێستا لە کوێیە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ((لە دۆزەخدایە)) پیاوەکە وەکو وەلامەکەی بەدڵ نەبێت ووتی: ئەی باوکی تۆ لە کوێیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ((هەر کاتێک دات بەلای گۆڕی (مشرك)ێک دا مژدەی دۆزەخی بدەرێ)).

ئەو کابرایە لە پاشان موسڵمان بوو و دەیووت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەرکێکی زۆر گرانی بەسەرمدا داوە، بەلای گۆڕی هیچ (مشرك)ێکدا تێناپەڕم ئیللا مژدەی دۆزەخی پێدەدەم[١٩٣]

**دووەم: ((بەڵگەی یەکڕایی زانایانی (سلف)):** زانای پایە بەرزی ئیسلام (علی بن سلطان محمد القاري)[١٩٤] دەفەرموێ: پێشینان و دواییینان لە هاوەڵان و شوێن کەوتووان و چوار ئیمامەکە و (مجتهد)ەکانی تریش هەموو یەکڕان لە سەر ئەوە (کە باوک و دایکی پێغەمبەر(ﷺ)لە دۆزەخ دان) بە بێ دەرخستنی جیاوازی لەوەدا، وە جیاوازی دواینانی پاش ئەوان لەکە لە یەکڕایی ئەوان نادات...)[١٩٥]

وە ئەم قسەیەش هیچ ئازارێک بە پێغەمبەری خوا ناگەیەنێت وە بێ ئەدەبیش نییە بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە هیچ لەخۆشەویستی ئەو لەدڵان دا کەم ناکاتەوە. چونکە ئەگەر وابوایە ئەوە خۆی وای نەدەفەرموو و ئەو هەموو (صحابه) و (تابعین) و زانایان و پیاوچاکانی ئوممەتی ئیسلامە وایان نەدەفەرموو بەڵکو بێ ئەدەبی

---

[١٩٢] رواه مسلم والترمزي واحمد والحاكم وابن جرير.

[١٩٣] ابن ماجه (١/٥٠١) رقم ١٥٧٣ والسلسلة الصحيحة رقم (١٨).

[١٩٤] لە ساڵی (١٠١٤) ك دا ڕەفاتی کردوە.

[١٩٥] بنوارە: تێبینی (ادلة معتقد ابی حنیفه الاعظم في ابوی الرسول ﷺ) کە بە جوانی (رد)ی ئیمامی (السیوطي). دەداتەوە (بتحقیق مشهور بن حسن).



Scanned with ACE Scanner

و ئازار ئەوەیە کە دژ بە فەرموودە (صحیح)ەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوەستێتەوە ووتە و رای ئەو هەموو (صحابة) و (تابعین) زانا (مجتهد)انە بە هەڵە بدرێت لە قەڵەم و هەموویان بە (ملعون) دابنرێن، وە ئەوان هەموو قوتابی و شوێن کەوتووانیان لەسەرە خۆشی ، ەویستنی پێغەمبەر(ﷺ) پەروەردەکردوە بەلام تەنها زانای ئاخرزەمان (کە هەرتەلی یە ) بە ئەدەبە و ئازاری پێغەمبەر(ﷺ) نادات و خەڵکی لە سەر خۆشەویستی ئەو پەروەردە دەکات ! !

بەلام زۆر بە پێچەوانەوە ئەوان ئەو کۆمەڵەبوون کە خوای گەورە خۆی و پێغەمبەریش(ﷺ) شایەتی چاکێتی بۆ داوون وەک باس کرا.

هەروەها بۆ زیاتر روونکردنەوە دەڵێم ئەگەر ئەو قسەیەی هەرتەلی راست بێت، ئەبوایە ئێستا نە رێز و نە خۆشەویستی پێغەمبەر ئیبراهیم و هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة و السلام) لە دڵماندا نەبووایە چونکە زۆربەیان باوکانیان (مشرك) بوون. بەلام وەک زانراوە زۆر بە پێچەوانەوە. بەڵکو ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە دڵانماندا خۆشەویست بوون.

جا کەوا بوو ئێستا بۆمان روون بویەوە کەوا (هەرتەلی) بێئەدەبترین کەسە بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئازاری دەدات و هەوڵ دەدات خۆشەویستی لە دڵی موسوڵمانان‌دا نەهێڵێت بەوەی گومان دەخاتە دڵی موسوڵمانان بەرانبەر بە فەرموودە راستەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە (مسلم) و کتێبەکانی تردایە کە هەموو زانایانی (حدیث) فەرموویانە (صحیح)ن، بە بیانوویەکی پوچەڵ کەوا گوایە (مخالفة)ی ئایەتی قورئان دەکات جا بۆ ئەو نیازە گڵاوەیشی ئایەتی (و ما کنا معذبین حتی نبعث رسولا) و چەند فەرموودەیەک دەکاتە بەڵگە کە هیچیان نابنە بەڵگە چونکە واتای ئایەتەکە (عام)ە و ئەوان بەری ناکەوون وەک لە ووتەکەی (البیهقي و نووي)یدا روون‌دەبێتەوە کە

و ئازار ئەوەیە کە دژ بە فەرموودە (صحیح)ەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوەستێتەوە ووتە و رای ئەو هەموو (صحابة) و (تابعین) زانا (مجتهد)انە بە هەڵە بدرێت لە قەڵەم و هەموویان بە (ملعون) دابنرێن، وە ئەوان هەموو قوتابی و شوێن کەوتووانیان لەسەر خۆشی و خۆشەویستنی پێغەمبەر(ﷺ) پەروەردەکردوە بەڵام تەنها زانای ئاخرزەمان (کە هەرتەلی‌یە) بە ئەدەبە و ئازاری پێغەمبەر(ﷺ) نادات و خەڵکی لە سەر خۆشەویستی ئەو پەروەردە دەکات!!

بەڵام زۆر بە پێچەوانەوە ئەوان ئەو کۆمەڵەبوون کە خوای گەورە خۆی و پێغەمبەریش(ﷺ) شایەتی چاکێتی بۆ داوون وەک باس‌کرا.

هەروەها بۆ زیاتر روونکردنەوە دەڵێم ئەگەر ئەو قسەیەی هەرتەلی راست بێت، ئەبوایە ئێستا نە رێز و نە خۆشەویستی پێغەمبەر ئیبراهیم و هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة و السلام) لە دڵماندا نەبووایە چونکە زۆربەیان باوکانیان (مشرك) بوون. بەڵام وەک زانراوە زۆر بە پێچەوانەوە. بەڵکو ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە دڵانماندا خۆشەویست بوون.

جا کەوا بوو ئێستا بۆمان روون بویەوە کەوا (هەرتەلی) بێ‌ئەدەبترین کەسە بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئازاری دەدات و هەوڵ دەدات خۆشەویستی لە دڵی موسوڵماناندا نەهێڵێت بەوەی گومان دەخاتە دڵی موسوڵمانان بەرانبەر بە فەرموودە راستەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە (مسلم) و کتێبەکانی تردایە کە هەموو زانایانی (حدیث) فەرموویانە (صحیح)ن، بە بیانوویەکی پوچەڵ کەوا گوایە (مخالفة)ی ئایەتی قورئان دەکات جا بۆ ئەو نیازە گلاوەیشی ئایەتی (و ما کنا معذبین حتی نبعث رسولا) و چەند فەرموودەیەک دەکاتە بەڵگە کە هیچیان نابنە بەڵگە چونکە واتای ئایەتەکە (عام)ە و ئەوان بەری ناکەوون وەک لە ووتەکەی (البیهقي و نووي)ی‌دا روون‌دەبێتەوە کە



Scanned with ACE Scanner

باسـی دەکـەین[١٩٦] وە فـەرموودەکانیش زانایـانی فـەرموودەناس هـەموویان (رد) داوەتـەوە، لەبەرئـەوە یـان لاوازە، وە یـان ئـەو واتایـە ناگەیەنێت[١٩٧] هەروەها بۆ زیاتر متمانەدان بەو کارەی ئیمامی (نووي) دەکاتـە قـەڵغان بـۆ خـۆی و ووتەکەی دەکاتـە بەڵگـە. جـا بـۆ زیـاتر روونکردنەوەی ئەو پیلانە ترسناکە پێم خۆشە ووتەی چـەند زانایـەکی (أهل السنة) لەم بارەیەوە بێنمەوە:

**یەکەم**: ئیمامی (نووي): لە ژێر ناونیشانی (باب بيان أن من مات علـى الكفر فهو في النار و لا تناله شفاعة و لا تنفعه قرابة المقربـين) لـە شـەرحی فەرموودەی (إن أبي و أباك في النار)دا دەفەرموێ ((فيه أن من مات على الكفر فهو في النار و لا تنفعه قرابة المقربين و فيه أن من مات في الفترة على ما كانت عليه العرب من عبادة الأوثـان فهـو مـن أهـل النـار و لـيس هـذا مؤاخذة قبل بلوغ الدعوة فإن هؤلاء كانت قد بلغتهم دعوة ابراهيم وغـيره من الانبياء صلوات الله تعالى وسلامه عليهم))[١٩٨] هـەروەها لـە شـەرحی فەرموودەی (استاذنت ربي ان استغفر لامي...)دا دەفەرموێ ((فيه جـواز زيارة المشركين في الحياة وقبورهم بعد الوفاة لانه اذا اجازت زيـارتهم بعـد الوفاة ففي الحياة اولى وقد قـال الله تعـالى: وصـاحبهمـا في الدنيـا معروفـا)) وفيه النهي عن الاستغفار للكفار)[١٩٩]. کەوابوو وا دیارە ئیمامی (نووي) خـۆی ئـەوەندەی (مجتهـد)ی ئـاخر زەمـان لـە قسـەکەی خـۆی تێنەگەیشـتووە و نـەیزانیوە کـەوا ئـەم هـەموو فەرموودانـە دژایـەتی ئایەتی (و ما كنا معذبين حتى نبعث رسولاً) دەکات!!!

**دووەم**: ئیمامی (بیهقـی):- لـە پـاش هێنانـەوەی ئـەو هـەموو بەڵگانـە دەفەرموێ: ((وكيف لا يكون ابواه و جده بهذه الصفة في الاخرة، وكانوا يعبدون الوثن حتى ماتوا ولم يدينوا بدين عيسى ابن مريم عليه السلام – لا

---

[١٩٦] هەروەها بنوارە تفسیری ئەم ئایەتە لە (تفسير القرآن العظيم)ی ابن كثير (٢٩/٣).

[١٩٧] بنوارە کتێبی (معتقد ابی حنيفه الاعظم) للقاري.

[١٩٨] شرح صحيح مسلم (٧٩/٣).

[١٩٩] هەمان سەرچاوە (٤٥/٧)



Scanned with ACE Scanner

يقدم في نسب رسول الله (ﷺ) ، لان انكحة الكفار صحيحة، الا تراهم يسلمون مع زوجاتهم فلا يلزمهم تجديد العقد ولا مفارقتهن اذا كان مثله يجوز في الاسلام، وبالله التوفيق))[٢٠٠] هەروەها دەفەرموێ (وابواه كانا مشركين)[٢٠١].

کەوابوو دیارە ئیمامی (بەیهەقی) ئەوەندەی هەرتەلی لەو (حدیث) انه تێ نەگەیشتووە (کە خۆی دەیگێڕێتەوە) تاوەکو بیکردایەتە بەڵگە لەسەر ئەوەی دایك و باوکی پێغەمبەر (ﷺ) موسوڵمان بوون.!!

**سێیەم:** ئیمامی (طبري): لە تەفسیر کردنی ئایەتی (ولا تسأل عن اصحاب الجحيم)[٢٠٢] دا دەفەرموێ ((بناء على هذا استحالة الشك من الرسول عليه الصلاة والسلام – في ان اهل الشرك من اهل الجحيم وان ابويه كانا منهم))[٢٠٣]

**چوارەم:** ئیمامی (ابو حنيفه):- دەفەرموێ ((ووالدا الرسول (ﷺ) ماتا على الكفر))[٢٠٤]

**پێنجەم:** (ابن تيمية):- بنواڕە (مجموع الفتاوى)[٢٠٥] [٢٠٦]

**پەردەی بیست و چوارەم:** لە ژێر ناونیشانی (باسی (توسل) پاڕانەوە لە خوا بە خاتری پێغەمبەران (عليهم الصلاة و السلام) لە (ل٦٧-٧٣)دا دەڵێ: ئەی لاوی موسڵمان، دەربارەی (توسل) واتە: پاڕانەوە لە خوا، بەخاتری پێغەمبەران عليهم الصلاة و السلام یان بەخاتری پیاو چاکانی ئەم خەڵکە سێ بەشە:-

---

[٢٠٠] دلائل النبوة (١/١٩٢-١٩٣)

[٢٠١] السنن الكبرى (٧/١٩٠)

[٢٠٢] [البقرة: ١١٩]

[٢٠٣] تفسير الطبري (١/٥١٦)

[٢٠٤] الفقه الأكبر (ل٦٨)

[٢٠٥] مجموع الفتاوى (٤/٣٢٤).

[٢٠٦] بۆ (رد)ی ووتەکەی (بیجوری) کە هەرتەلی دەیکاتە بەڵگە بنواڕە (الرد الأثري المفيد على البيجوري في شرح جوهرة التوحيد) ل٨٩.



Scanned with ACE Scanner

**یەکەم:-** لەسنوور دەردەچن باوەڕیان وایە پێغەمبەر (ﷺ) یان پیاو چاك دەسەڵاتیان هەیە....

**دووەم:-** لە گەورەیی و ڕێزی پێغەمبەران وپیاو چاکان کەم دەکەنەوە و دەڵێن دروست نی یە لە بە خاتری پێغەمبەرو نە بە خاتری پیاو چاك لە خوا بپاڕێتەوە..

**سێیەم:** سنورێك بۆ ئەم خاترانەیە دادەنێن و دەڵێن: دروستە موسلمان (توسل) بکا... بەو مەرجەی باوەڕی وابێ: نە پێغەمبەر (ﷺ) و نە پیاوچاك دەسەڵاتی ئەم کارەیان نییە... بەم جۆرە دروستە و سوننەتە و ڕێبازە (أهل السنة و الجماعة)یە ئەمەش بەڵگەکانە:

١- (توسل) پاڕانەوە لە خوا بە خاتری پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی زیندوویی‌دا. (عن عثمان بن حنيف (رض) أن رجلاً ضرير البصر أتى النبي (ﷺ) فقال ادع الله أن يعافيني، تا:- ((إن شئت دعوت و إن شئت صبرت فهو خير لك، قال: فأدعه، فأمره: أن يتوضأ فيحسن وضوءه و يدعو بهذا الدعاء: (اللهم أني أسألك و أتوجه اليك بنبيك محمد (ﷺ) نبي الهمة يا محمد أني توجهت بك الى ربي في حاجتي هذه لتقضي لي، اللهم شفعه فيّ) رواه الترمذي... و رواه البيهقي في الدعوات و زاد (ففعل الرجل فبرأ)... واتە:... (خوایە لێت دەپاڕێمەوە روو دەکەمە لای تۆ بە خاتری پێغەمبەرت محمد (ﷺ)...

٢-(توسل) پاڕانەوە لە خوا بە خاتری پیاوچاکان، عن أنس (رض): أنّ عمر استسقى بالعباس (رض) فقال: اللهم أنا كنا نتوسل اليك بنبينا (ﷺ) فتسقنا، و أنا نتوسل اليك بعم نبينا فاسقنا، قال: فيسقون....

ئاگاداری:.... ئینجا کە (خوارج) و (معتزلة)ی ئەم سەردەمە بەرانبەر ئەم بەڵگە بەهێزانە خۆیان ڕاناگرن دەست بە گۆتەگۆتی پوچەڵ دەکەن و دەڵێن: (لە بەرئەوە ئیمامی [عومەر] (رض) [توسل]ی بە

حەزرەتی[207] [عباس]ی مامی پێغەمبەر (ﷺ) کردوە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردبوو [توسل]یش بە مردوو دروست نییە هەرچەند پێغەمبەریش بێت!! ئێمەش لە وەڵام دا دەڵێین: ئێمەی (أهل السنة) باوەرمان وایە: نەمرۆڤی زیندوو نە مرۆڤی مردوو توانای (خلق)ی هیچ شتێکیان نیە کە وابوو نە زیندوو و نەمردوو هیچیان نابنە (شریك)ی خوا، بەڵام مرۆڤی وا هەیە: بە زیندوویی و بە مردوویی (دۆست و خۆشەویستی خوایە و خاتری هەیە) ئەمەش نابێتە (شرك). کەوابوو: گۆتەی ئێوە گۆتەیەکی بێبەڵگەیە و بوختانێکە بە ئیمامی (عمر) ئەیکەن و بیر و هۆش مردووە ناتێکەیشتووەکانتان ئەیانەوێ بە هەوەسی خۆیان حەدیسێکی (صحیح) بمرێنن و لە کاری بخەن، ئەگینا: ووشەی (عم نبينا) لەم حەدیسەدا روون و ئاشکرایە کە حەزرەتی (عباس)ە لە بەرئەوە خاترمەندە چونکە مامی پێغەمبەرە (ﷺ) هەروەک حەزرەتی عەباس بە خۆشی لە دوعاکەیدا فەرمووی (و قد توجهت بي القوم اليك لمكاني من نبيك (ﷺ)) أخرجه الزبير بن بكار في الأنساب....

٣-[توسل] بە پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای وەفاتکردنی (كان رجل يختلف الى عثمان بن عفان (رض) في حاجة له، و كان عثمان لا يلتفت اليه فلقي الرجل عثمان بن حنيف فشكا اليه ذلك فقال له عثمان بن حنيف: إئت الميضأة فتوضأ ثم أئت المسجد فصل فيه ركعتين ثم قل (اللهم إني أسألك و أتوجه اليك بنبيك محمد (ﷺ)) الى آخر الدعاء فأنطلق الرجل و صنع ما قال له، ثم أتى باب عثمان فجاء البواب فأدخله على عثمان فأجلسه معه، و قال ما حاجتك؟ فذكر حاجته فقضاها له ثم إن الرجل لقي عثمان بن حنيف و قال له: جزاك الله خيراً ما كان ينظر لي حاجتي حتى كلمته فيّ فقال عثمان بن حنيف: و الله ما كلمته و لكن شهدت رسول الله(ﷺ) و

---

[207] ووشەی حەزرەت دروست نییە بۆ مردو بەکار بهێنرێت ئەم وشەیە لە سۆفییەکانەوە وەرگیراوە کە باوەڕیان وایە پێغەمبەر نەمردووە.



Scanned with ACE Scanner

أتاه رجل ضرير البصر فشكى اليه ذهاب بصره...) الى آخر الحديث السابق، رواه الطبراني و قال الحديث صحيح و رواه البيهقي بسند جيد و نقله المنذري...

٤-[توسل] به پێغەمبەر (ﷺ) لە سەردەمی (السلف الصالح)دا، لە کاتێک دا خەلیفە (المنصور العباسي) چووە حەج و زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری کرد (ﷺ) پرسیاری لە ئیمامی (مالك) کرد، ئایا رووبکەمە قیبلە و دوعا بکەم، یا روو بکەمە پێغەمبەر (ﷺ)؟ ئیمامی (مالك) فەرمووی (و لم تصرف وجهك عنه؟ فهو وسيلتك و وسيلة أبيك آدم عليه السلام الى الله تعالى بل أستقبله و استشفع به فيشفعه الله فيك) نقله القاضي عياض المالكي في الشفاء باسناد صحيح: رجاله ثقات...

٥-[توسل] به پێغەمبەر (ﷺ) پێش لە دایک بوونی: ئەی لاوی موسولمان کە ئیمامی (مالك) دەفەرموێ (هو وسيلتك و وسيلة أبيك آدم) عليه السلام...مەبەستی ئەم حەدیسەیە (عن عمر (رض) قال رسول الله (ﷺ): لما اقترف آدم الخطيئة قال يا رب أسألك بحق محمد لما غفرت لي، فقال الله: يا آدم و كيف عرفت محمد و لم أخلقه؟ قال يا رب لانك لما خلقتني بيدك و نفخت فيّ من روحك رفعت رأسي فرأيت على قوائم العرش مكتوباً (لا اله الا الله محمد رسول الله) فعلمت انك لم تضف الى اسمك الا احب الخلق اليك فقال الله: (صدقت يا آدم انه لأحب الخلق الى ادعنى بحقه فقد غفرت لك ولولا محمد ماخلقتك اخرجه الحاكم فى المستدرك باسناد صحيح وابن عساكر فى التاريخ........ وجاء من طريق آخر عن ابن عبّاس (رض) بلفظ (فلو لا محمد ما خلقت آدم ولا الجنة ولا النار ) رواه الحاكم باسناد صحيح وصححه الامام البلقينى فى فتاويه والطبرانى فى الاوسط قال الهيثمي: فيه من لم اعرفه..

٦-(تبرك ، واتە: بەرەکەت وەرگرتن بە ئاسەواری پێغەمبەر (ﷺ): (تبرك) بەشێکە لە(توسل) چونکە مەبەست ئەوەیە: خوای گەورە بە بەرەکەتی ئاسەواری پێغەمبەر (ﷺ) یان پیاو چاک: چاکەیەک بدا



Scanned with ACE Scanner

یان خراپەیەک لاببا هیچ جیاوازی کاتی زیندوویی و دوای وەفاتکردنی نی‌یە بە بەڵگەی ئەم حەدیسانە:-

**یەکەم:** لە کاتی زیندوویی‌دا (عن عروة بن مسعود في صلح الحديبية: فوا لله ما تنخم رسول ا لله (ﷺ) نخامة إلا وقعت في كف رجل منهم فدلك بها وجهه) رواه البخاري.... (عن أنس في حجة الوداع: أن النبي (ﷺ) حلق رأسه فأعطى شعره لأبي طلحة فوزعه الشعرة و الشعرتين بين الناس) رواه مسلم.

**دووەم:** لە دوای وەفاتکردنی (عن أسماء (رضي ا لله عنها): هذه جبة رسول ا لله(ﷺ)، كان يلبسها فنحن نغسلها للمرض يستشفى بها) رواه مسلم.

(و عن عثمان أرسلني أهلي الى أم سلمة زوج النبي (ﷺ) بقدح ماء فيه شعر من شعر النبي (ﷺ) و كان اذا أصاب الانسان عين أو شيء بعث اليها مخضبة) رواه البخاري.

٧-[تبرك] بەرەکەت وەرگرتن لە شوێنەواری پێغەمبەران عليهم الصلاة و السلام و پیاوچاکان خوای گەورە دەفەرموێ (كلما دخل عليها زكريا المحراب وجد عندها رزقاً قال يا مريم أنى لك هذا قالت هو من عند ا لله ان ا لله يرزق من يشاء بغير حساب هنالك دعا زكريا ربه...) ... واتە حەزرەتی (زکریا)عليه السلام هەرچەند بە خۆی پێغەمبەر بوو بەڵام کە دیتی حەزرەتی (مریم) ئەوەندە ئافرەتێکی چاکە و ئەو (كرامة)ی هەیە زانی (محراب) شوێنی خواپەرستنەکەش پیرۆزە یەکسەر لەم شوێنە پیرۆزەدا دوعای کرد تاکو زووتر قبووڵ ببێ (عن عبدا لله بن عمر (رضي ا لله عنه): ان الناس نزلوا مع رسول ا لله (ﷺ) على الحجر أرض ثمود فاستقوا من آبارها و عجنوا بها العجين فأمرهم (ﷺ) أن يهريقوا ما استقوا و يعلفوا الابل العجين و أمرهم أن يستقوا من البئر التي تردها الناقة) رواه البخاري و مسلم)).



Scanned with ACE Scanner

ئەمە بە کورتی هەموو بەڵگەکانی (هەرتەلی) بوو لە سەر (توسل) و (تبرك).

**جا منیش دەڵێم**:- (وسيلة) لە زمانەوانی عەرەبدا بەو شتە ئەووترێت کە پێی ئەگەیتە مەبەست. لە شەرعیشدا گرتنەبەری ڕێگایەکە بۆ نزیک بوونەوە لە خوای گەورە تا وەکو وەڵامی داوا و پاڕانەوەکان بداتەوە، کەوابوو (وسيلة) بەشێکە لە بەشەکانی پەرستن، بۆیە خوای گەورە فەرمان بە موسوڵمانان دەکات کەوا بیگرنەبەر بۆ خۆنزیک کردنەوە لە ئەو. وەک دەفەرموێ (يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله و ابتغوا اليه الوسيلة...)[208] هەروەها بە یەکێک لە سیفەتەکانی باوەڕدار باسی دەکات وەک دەفەرموێ (أولئك الذين يدعون يبتغون الى ربهم الوسيلة أيهم أقرب..)[209] کەوابوو (توسل) کردن دەکەوێتە بەر (القاعدة الأصولية)، الأصل في العبادات البطلان.. کەوابوو هەر جۆرە (توسل)ێک بەڵگەی شەرعی لەسەر نەبێت دروست نییە، هەر لەبەرئەوە زانا (محققە)کانی (أهل السنة و الجماعة) (توسل) دەکەن بە دوو بەشەوە:- (التوسل المشروع) واتە دروست و (التوسل الممنوع) واتە نادروست.

جا ئەوەیان کە دروستە تەنها سێ جۆرە:-

**یەکەم**: (توسل)کردن بە ناوێک لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە یا بە سیفەتێک لە سیفەتە بەرز و پیرۆزەکانی.

**دووەم**: (توسل) کردن بە کردەوە چاکەکان.

**سێیەم**: (توسل)کردن بە دوعای پیاوچاکان.

جا جگە لەم سێ جۆرە کە بەڵگەی شەرعی قورئان و سوننەتی لەسەرە هیچ جۆرێکی تر دروست نییە، چونکە بەڵگەی (صحيح)ی لەسەر نییە.

---

208 (المائدة: ٣٥).

209 (الاسراء: ٥٧).



Scanned with ACE Scanner

له پاشان دەڵێم: ئەو دابەش کردنەی هەرتەلی بۆ (توسل) بێ بەڵگەیە و بە پێی هەوا و ئارەزووی خۆی دابەشی کردووە، وە ئەو بە ڵگانەی کە دەیهێنێتەوە بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونە هەڵەکانی یا (صحیح) نین وە یا نەک هەر بەڵگە نین بۆ ئەو بەڵکو بەڵگەن لە سەری جا با پێکەوە دانەدانە تاوتویەکی بەڵگەکانی بکەین:-

**بەڵگەی یەکەم:** فەرموودەکەی (عثمان بن حنیف) دەهێنێتەوە جا تەفسیری دەکات و دەڵێ (خوایە لێت دەپاڕێمەوە و رووت دەکەمە لای تۆ بە خاتری پێغەمبەرت (محمد) (ﷺ)....) دەبینین لە خۆیەوە و بە بێ هیچ بەڵگەیەکی (شەرع)ی تقدیری (بنبیك)ی کردوە بە (حق نبیك)، ئێمە ی هەرتەلیش لامان وایە کە لە پاش (ب)ی (بنبیك) ووشەیەکی (مقدر) هەیە بەڵام ئەو هاووێنەکانی دەڵێن ئەو (مقدر)ە (حق) یا (جاه) یا (قدر)ە واتە پلە و پایە و خاتر، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەو محذوفە (دعاء)ە واتە مانای ئەوەیە:- ئەی خوایە ئێمە داوات لێ دەکەین بە دوعای پێغەمبەر (ﷺ) داواکەمان وەربگرە... جا ئەم (تقدیر) دانانەش هەر لە خۆمانەوە نیە بەڵکو لە کاتی پێغەمبەر و هاوەڵانی و شوێن کەوتووانیشاندا هەر بەو شێوەیە (توسل)یان کردوە، چونکە لە کاتی نەهاتی و ناخۆشیدا کەسیان لە ماڵی خۆیاندا دانەئەنیشتن بە بێ ئەوەی پێغەمبەریان (ﷺ) لەگەڵ بوایە و دوعایان بکردایە و بیانووتایە (ئەی خوایە لە بەر خاتری پێغەمبەر (ﷺ).. ئەمەمان بۆ بکە) بەڵکو دەهاتنە خزمەتی خۆی و داوایان لێ دەکرد کەوا داوایان بۆ بکات، ئەویش دەپاڕایەوە و داوای بۆ دەکردن. ئەوەتا خوای گەورە لە قورئاندا رێنموییان دەکات بۆ ئەوە و دەفەرموێ (ولو أنهم اذ ظلموا أنفسهم جاؤوك فأستغفروا الله و استغفر لهم الرسول لوجدوا الله توابا رحيماً)[٢١٠] هەروەها لە سوننەتیشدا ئەمە زۆر بە روونی دیارە ئەوەتا (أنس) رەزای خوای لێ بێت دەیگێڕێتەوە کە کابرایەکی (أعرابي) لە

[٢١٠] (النساء: ٦٤).

رۆژی (جمعة)دا هاتە ژووری مزگەوتەوە لەو کاتەی کە پێغەمبەر(ﷺ) ووتاری دەدا، جا باسی حاڵی خۆیانی کرد و داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد (دعاء)یان بۆ بکات بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لەو حاڵە جا پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای بۆ کردن و خوای گەورەیش وەڵامی دایەوە...[٢١١] هەروەها (عائشة) رەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کەوا خەڵکی سکاڵای کەم بارانیان لای پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئەویش فەرمانی دا مینبەری بۆ دابنرێت لە شوێنی نوێژدا (المصلى) وە بە خەڵکی ووت لە رۆژێکدا دەرچن... جا نوێژی پێکردن و دوعای بۆ کردن تا باران باری )[٢١٢].

وە چەندەها بەڵگە و رووداوی تر لەم وێنانە، کە هەموو بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە لە کاتی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی و پێشینانندا (توسل) بەو شێوەیە بووە نەک بەو شێوەیەی هەرتەلی باسی دەکات جا واتای زمانەوانی (وسیلة) لە لای عەرەب هەر ئەوە دەگەیەنێت[٢١٣].

**بەڵگەی دووەم:** (أثر)ی (توسل) کردنەکەی ئیمامی (عمر) بە (عباس) رەزای خوا لە هەموویان بێت، جا لێرەیشدا هەرتەلی بە هەمان شێوە (تقدیر)ی (مقدر)ەکە دەکات بە خاتر. جا لێرەدا زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە باسمان کرد، چونکە ئەوەتا ئیمامی (عمر) دەفەرموێ (و إنا كنا نتوسل اليك بنينا و أنا نتوسل اليك بعم نبينا فأسقنا..) واتە: ئێمە لە پاش وەفاتکردنی پێغەمبەر (ﷺ) عەبباسی مامیمان هێنا وە داوامان لێکرد دوعامان بۆ بکات)) ئەگینا بۆچی ئیمامی (عمر) (توسل) بە پێغەمبەر (ﷺ) ناکات لەو ساڵە ناخۆش و زۆر نەهاتیەدا دەچێت (توسل) بە (عباس) دەکات کەوا هەرچەندە پلە و پایەی لای خوا بەرز بێت هەرباس ناکرێت لە چاو پلەو پایەی

---

[٢١١] فەرموودەکە بەدرێژی لە (بخاری)دا هەیە بنوارە مختصر صحيح البخاري (٢٢٤/١).

[٢١٢] صحيح ابي داود (١٠٦٤).

[٢١٣] بنوارە کتێبەکانی (اللغة).



Scanned with ACE Scanner

پێغەمبەر (ﷺ)دا؟ خۆ ئەگەر دروست بوایەئەوە زۆر ئاسان تر بوو.
بەلام ئەوەی راستە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک (توسل) ناتوانرێت بە پێغەمبەر(ﷺ) بکرێت پاش وەفاتکردنی، چونکە ئەوان تازە ناتوانن وەکو پێش وەفاتکردنی بچنە خزمەتی و حالی خۆیانیان بۆ بگێرنەوە و ئەویش داوایان بۆ بکات لە خوای گەورە، چونکە حالی پاش وەفاتکردنی وەکو حالی پێش وەفاتکردنی نی یە، هەر لەبەرئەوە ئیمامی (عمر) و هاوەلانی تریش کە عەرەبی (أصل) بوون و (شرع) بە زمانی ئەوان هاتووە باش لەم مەسەلەیە تێگەیشتبوون بۆیە پەنایان بردە بەر ئەو (توسل)ەی کە دەتوانرێت بکرێت، جا (عباس)یان هەلبژارد بۆ ئەو مەبەستە لەبەر خزمایەتی و نزیکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە لایەکەوە وە لەبەر پیاو چاکێتی و (تقوی)ی لەلایەکی ترەوە، بۆیە (عمر) داوای لی‌کرد کە لە خوای گەورە بپارێتەوە بۆیان بارانیان بۆ بباریێنێت، ئەویش پاڕایەوە بۆیان وەک (الحافظ ابن حجر) دەفەرموێ:- (زبیر بن بکار) لە (الأنساب)دا شێوەی پاڕانەوەکەی (عباس)ی روونکردۆتەوە... جا (عباس) ووتی (اللهم أنه لم ينزل بلاء الا بذنب و لم يكشف الا بتوبة، و قد توجه القوم بي اليك لمكاني من نبيك و هذه أيدينا اليك بالذنوب و نواصينا اليك بالتوبة فاسقنا الغيث)[214] [215] جا ئەگەر بتوانرایە ئەو (توسل)ە بە

---

[214] فتح الباري (٣/١٥٠).

[215] هەرتەلی دەیەوێت ئەم (زیادة)یەی (زبیر بن بکار) بکاتە بەلگە بۆ خۆی، بەلام نازانێت کەوا دەشکێتەوە بەسەر خۆیدا، چونکە ئەو پاڕانەوەی (عباس)ە بەجوانی ئەوە دەردەخات کە (توسل) کردنەکە بە (دعاء)ی ئەو کەسەیە نەک بە (خاتر) وەک هەرتەلی دەلێ، چونکە ئەگەر بەوە بوایە ئیتر چی پێویستی دەکرد (عباس) لەپاش ئیمامی (عمر) ئەم دوعایە بکات و، هەروەها لە دوعاکەی ئیمامی (عمر)ەوە دەردەکەوێت کەوا (توسل) کردنەکەیش بە پێغەمبەر (ﷺ) هەر بەو شێوەیە بووە. واتە بە (دعاء) بووە نەک بە (حق). چونکە دەفەرموێ ((انا كنا نترسل بنبينا... ونترسل بعم نبينا)) وە بۆ زیاتر دلنیابونیش لەم قسەیەمان ئیمامی ابن حجر لە (فتح الباري)دا (٢/٣٩٩) لە ریوایەتی (اسماعیل) بۆ ئەم فەرموودەیە دەفەرموێ ((کانوا



Scanned with ACE Scanner

پێغەمبەر (ﷺ) بکرێت ئەوە بۆ ئیمامی (عمر) نەبوو لەوە لابدات و هاوەڵانیشی بە گشتی و (عباس)یش خۆی بە تایبەتی هەرگیز بەوە رازی نەدەبوون رەزای خوا لە هەموویان بێت، هەروەها لە فەرموودەکەدا شتێک بەدی دەکرێت جێ‌ی سەرنجە، بەڵام هەرتەلی باسی نەکردوە و خۆی لێ‌کردوە بە کەر ئەوەیش ئەوەیە (انس) دەفەرموێ: (إن عمر بن الخطاب كان اذا قطعوا استسقى بالعباس بن عبدالمطلب)[٢١٦] واتە: (عمر بن الخطاب) ئەگەر تووشی نەهاتی بهاتایەن داوای لە (عباس بن عبدالمطلب) دەکرد بپارێتەوە لە خوای گەورە بارانیان بۆ ببارێنێت، دەبینین (أنس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا ئەم داواکردنەی (عمر) لە (عباس) چەند جارێک دووبارەبۆتەوە ئەمەش بەڵگەیەکی تری بەهێزە دژ بەوانەی کە دەڵێن: ئەم داواکردنەی (عمر) لە (عباس) بۆ روونکردنەوەی ئەوەیە کە دروستە داوا لە کەسێکی باش بکەی لەگەڵ بوونی باشتریشدا (لجواز التوسل بالمفضول مع وجود الفاضل) بەوەی کە ئەگەر وابوایە ئەوە ئیمامی (عمر) یەک جار دەیکرد نەک بە بەردەوام، یا (نقل) دەکرا کەوا جارێکیش بە پێغەمبەر (ﷺ)یش کردوویەتی یا هاوەڵانی تر یەکێکیان کردویانە لە پاش وەفاتکردن[٢١٧]. بەڵام شتی وا (نقل) نەکراوە لە رێگایەکی (صحیح)ەوە ئەمەش ئەرروونە (لقوم يفقهون).

---

اذا قحطوا على عهد النبي (ﷺ) استسقوا به فيستسقى لهم فلما كان في امارة عمر...)) لێرەدا هیچ گومانی تێدا نامێنێت کە بە (دعاء)ی ئەو (توسل)یان کردوە نەک بە خاتری.

[٢١٦] رواه البخاري (٢/٣٩٨) و (٧/٦٢).

[٢١٧] بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبینین ئیمامی (معاويه) رەزای خوای لێ‌بێت (توسل)ی بە (دعاء)ی (يزيد بن الاسود)ەوە کرد. رواه ابن عساكر في تأريخه (١٨/١٥١/٢) بسند صحيح، وە هەروەها (ضحاك بن قيس)یش هەر بە (یزید) کردوویەتی و پێ‌ی فەرموو: (قم يا بكاء اسق لنا) ئەویش هەستا داوای بۆ کردن (بنوارە هەمان سەرچاوە).

**بەڵگەی سێیەم:** بۆ ئەوەی گوایە (توسل)کردن بە پێغەمبەر (ﷺ) دروستە لە پاش وەفاتکردنیشی چیرۆکی ئەو کابرایە دەکاتە بەڵگە کە دەچێتە لای ئیمامی (عثمان) رەزای خوای لێبێت، ئەم بەڵگەیە سێ خاڵی لەسەرە:-

ا- هەرتەلی هەڵەی کردووە کە دەڵێ: (و قال الطبراني: الحديث صحيح) (ئیتر لە زانینەوە بێت یا بە نەزانینەوە، چونکە ئەو (مقلد)ە و هیچ شارەزاییەکی نییە لە زانیاریەکانی (الحديث)دا). چونکە (طبراني) لە (معجم الصغير)دا دەفەرموێ (لم يروه عن روح بن القاسم الا شبيب بن سعيد (أبو سعيد المكي) و هو ثقة و هو الذي يحدث عنه أحمد بن شبيب عن أبيه عن يونس بن يزيد الا يلي، و قد روى هذا الحديث شعبه عن أبي جعفر الخطمي و هو ثقة تفرد به عمر بن فارس عن شعبة و الحديث صحيح).

دەبینین (طبراني) (حديث)ەکە (تصحيح) دەکات نەک چیرۆکەکە وەک روون و ئاشکرایە لە (تخريج) کردنەکەی ئیمامی (طبراني) کە دەفەرموێ (.... و قد روي هذا الحديث شعبة... و الحديث صحيح) ئێمەش دەڵێین بێگومان (حديث)ەکە (صحيح)ە بەڵام ئایا چیرۆکەکە (صحيح)ە؟!

چیرۆکەکە (صحيح) نییە چونکە (شبيب) زانایان قسەیان لە بارەوە کردوە وە دەڵێین لە لەبەرکردندا لاوازە[٢١٨]، هەروەها (أبن سنی)[٢١٩] و (الحاكم)[٢٢٠] لە سێ رێگاوە لە (أحمد بن شبيب)ەوە دەیگێرنەوە، هیچیان چیرۆکەکەی لەگەڵدا نییە وە (شبيب) بە تەنها لە ریوایەتی ئەم (حديث)ەوە ئەم چیرۆکە دەهێنێتەوە، بەڵام ئەوانی تر باسی ناکەن وە ئەوان لە (شبيب) (أوثق) ترن.

---

[٢١٨] بنوارە (ميزان الاعتدال للذهبي) و الجرح و التعديل لابن ابي حاتم (٣٥٩/١/٢).

[٢١٩] (عمل اليوم و الليلة) (ل٢٠٢)

[٢٢٠] المستدرك (٥٢٦/١).



Scanned with ACE Scanner

ب- ئەگەر هەتا بڵێین ئەو چیرۆکەش (صحیح)ە وەک هەرتەلی دەڵێت هەر ئەو مەبەستەیە نادات بە دەستە چونکە (عثمان بن حنیف) هەموو (دعاء)ەکەی فێرنەکرد.... [221]

ت- لەم چیرۆکەدا رستەیەک هەیە ئەگەر کەسێکی ژیر و زانا بە ژیانی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە گشتی و هەر چوار (خلیفە)ە کە بە تایبەتی بیبیستێ یەکسەر دەزانێت وانیە ئەویش ئەوەیە کەوا ئیمامی (عثمان بن عفان) رەزای خوای لێبێت گوێی نەداوە بەو پیاوە و لای لێ نەکردۆتەوە لە کاتێکیشدا کە (خلیفة) بووە، بێگومان ئەمە لەگەڵ رەوشتی هاوەڵاندا ناگونجێت بە گشتی چی جا ئیمامی (عثمان) کە فریشتەی خوا شەرمی لێکردوە وە ناسراویشە بە رەوشت جوانی و نەرم و نیانی لەگەڵ خەڵکیدا.

**بەڵگەی چوارەم:** چیرۆکەکەی ئیمامی (مالك)ە کە لەگەڵ خلیفة (المنصور)دا رووی‌دا... (شیخ الاسلام ابن تیمیة) لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەفەرموێ[222] (... الحكاية التي تذكر عن مالك أنه قال للمنصور لما سأله عن استقبال الحجرة فامره بذلك و قال (هو وسيلتك و وسيلة أبيك آدم) كذب على مالك ليس لها اسناد معروف و هو خلاف الثابت المنقول عنه باسانيد الثقات في كتب أصحابه...).

کەوابوو ئەم (حكاية)ە درۆیە و بە دەمی ئیمامی (مالك)ەوە هەڵبەستراوە، وە ئیمامی مالک رای زۆر بە پێچەوانەی ئەوەوەیە.

**بەڵگەی پێنجەم:-** فەرموودەکەی ئیمامی (عمر) رەزای خوای لێبێت، کەوا گوایە ئادەم علیه الصلاة والسلام کە تاوانەکەی کرد پێغەمبەری خۆمانی (ﷺ) کردە (وسیلة) بۆیە خوای گەورە لێی خۆش بوو.

ئەم (حدیث)ە ئیمامی (الحاكم) دەیگێڕێتەوە[223] و لە کۆتایەکەیدا دەڵێ - (صحيح الاسناد، وهو أول حديث ذكرته لعبدالرحمن بن زيد بن

---

[221] القاعدة الجليلة في التوسل والوسيلة لشيخ الاسلام ابن تيمية (ل ١٠٤).

[222] بنوارە هەمان سەرچاوە (ل ٦٠-٨٧ ، ل١٤٦).

[223] المستدرك (٢/٦١٥).



Scanned with ACE Scanner

أسلم في هذا الكتاب) جا ئیمامی (الذهبي) کە (معلق)ە لە سەر (مستدرك) دەفەرموێ (بل موضوع ، و عبدالرحمن واهٍ، و عبدالله بن أسلم الفهري، لا أدري من ذا) وە لە (میزان)یشدا پاش ئەم (حدیث)ە دەفەرموێ (خبر باطل) وە (الحافظ ابن حجر العسقلاني) لە (اللسان)دا[٢٢٤] هەر وای فەرمووە و (شیخ الاسلام) لە (القاعدة الجلیلة)دا[٢٢٥] دەفەرموێ:- عبدالرحمن بن زید بن أسلم روى عن أبیه أحادیث موضوعة لا تخفى على أهل الصنعة (مەبەست علم الرجال) إن الحمل فیها علیه...)[٢٢٦] کەوابوو ئێستا بە جوانی بۆ خوێنەری بەڕێز روون بوویەوە کەوا (توسل)ی درووست هەر ئەو سێ جۆرەیە کە لە پێشدا باسمان کرد وە جگە لەوەیش هەموو (بدعة)یە و دروست نییە.

و ئەمەیش رای پێشینە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتەیە لە هاوەڵان و شوێن کەوتووان ئەوانیش و هەموو ئیمامە (مجتهد)ەکان وەك (أبو حنیفة) وە هاوەڵەکانی رەحمەتی خوایان لێبێت[٢٢٧]، جا ئیتر نازانم ئەوانیش (معتزلة) و (خوارج) و .... هتد (ئەوانەی هەرتەلی دەڵێ) بوون!!!.

**پەردەی بیست و پێنجەم**:- هەر لە بەڵگەی شەشەم و حەوتەم دا باسی (تبرك) دەکات و، دەڵێ (( (تبرك) بەشێکە لە (توسل)... ))

**منیش دەڵێم**: (توسل) و(تبرك) دوو شتی زۆر جیاوازن ئیتر نازانم هەرتەلی چۆن کردویەتی بە یەك.دیارە لێرەش دا (تقلید)ی (د. بوطي) کردووە، بۆیە ئەمیش تورشی هەمان هەڵەی ئەو بووە.

(تبرك)و (توسل) لە دوو شت دا جیا دەکرێتەوە لە یەك:-

---

[٢٢٤] اللسان (٣/٣٦٠).

[٢٢٥] القاعدة الجلیلة (ل ٨٩).

[٢٢٦] بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم (حدیث)ە بنواڕە (التوسل انواعه واحكامه) لمحدث الالباني.

[٢٢٧] بنواڕە الدر المختار (٢/٦٣٠) والفتاوى الهندیة (٥/٢٨٠) وشرح الاحیاء (٢/٢٨٥).



Scanned with ACE Scanner

١- (تبرك) هیوای خێرێکی دونیای لێ دەکرێت و بەس بەڵام (توسل) هیوای خێری دونیاو دوارۆژیشی لێ دەکرێت.
٢- (تبرك) بۆ بە دەست هێنانی خێرێکی دونیایی پەلەیە بەبێ (دعاء) کردن بەڵام (توسل) وەک باسکرا بۆ دونیا و دوا رۆژیشە وناشکرێت بەبێ (دعاء) کردن و پاڕانەوە. بۆ زیاتر ڕوون کردنە دەڵێم: دروستە بۆ موسوڵمان ((توسل)) بکات لە پاڕانەوەکەی دا بە ناوێک لەناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە بۆ نموونە داوای ڕۆزی لێ بکات یا هەر پێویستیەکی تری دونیایی و دوا ڕۆژی، بەڵام درووست نی یە موسوڵمانێک داوای ئەو شتانە بکات کاتێک کە (تبرك) دەکات بە ئاسەوارێک لە ئاسەوارەکانی پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) بۆ نموونە: نابێت بڵێت ((خوایە داوات لێ دەکەم بە جل و بەرگی پێغەمبەری خوا(ﷺ) (یا بە هەر ئاسەوارێکی تر ) )) ئەوەم بۆ بکە...
لە پاشان دەڵێم : دروستە ((تبرك)) بکرێت بە ئاسەوار پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) بەڵام ئێستا ئەو ئاسەوارانە نەماوون وە هیچ کەسێکیش بە(تأکید) ی ناتوانێت بڵێت ئەوە ئاساواری پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) بۆیە باس کردنی ئەم مەسەلەیە پەیوەندیەکی زۆری بەئێستای خۆمانەوە نی یە. هەروەها لە بەڵگەی حەوتەمیشی دا کەباسی(تبرك) کردن بەئاسەواری پێغەمبەران و پیاو چاکان دەکات...
**منیش دەڵێم**: لە پێشا باسی ئەوەمان کرد کە (تبرك)کردن بە ئاسەواری پێغەمبەر (ﷺ) دروستە لەبەر ئەو بەڵگانەی کە لەو بارەوە هاتوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان نی یە لەسەر ئەوەی دروست بیت بۆ ئوممەتی (محمد) (ﷺ) کە (تبرك) بکەن بە ئاسەواری پیاوچاکان.
(تبرك)یش جۆرێکە لە جۆرەکانی پەرستنی (العبادات) کە(اصل)تێیدا بەتاڵ بوونەوەیە، بۆیە نابێت بەبێ بەڵگەی (شەرع) ی بکرێت، وە ئەو بەڵگانەی هەرتەلی هێناویەتی یەوە بەڵگەی ئەوە نین چونکە بلگەی یەکەمی کە ئایەتی (٣٧-٣٨)ی (آل عمران)ە ئەوە دەگەیەنێت کاتێ کە پێغەمبەر (زکریا) علیە السلام بینی خوای گەورە ڕۆزی (مریم) دەدات بەشتێک کە کاتی خۆی نی یە بۆنموونە لە زستان دا میوەی



Scanned with ACE Scanner

هاوینی پێ دەبەخشی، ئا لەو کاتە دا بیری لەوە کردەوە کە ئەمیش نابێت بێ ئومێد بێت لە ڕەحمی خوا لەوەی داوا لە خوای گەورە بکات کوڕێکی پێ ببەخشێت ، ئەگەر چی خۆی و خێزانەکەیشی لە تەمەنی منداڵ بوون دا نەمابێتن چونکە خوا کە ئەوەی بە (مریم) بەخشی دوورنی‌یە کوڕیکیش بە ئەمان ببەخشێت ، کەوا بوو ئەم ئایەتە بەڵگە نی‌یە لەسەر (تبرك) کردنی (زکریا) بە (مریم) وەك (مجتهد) ی ئاخر زەمان دەڵێ .

هەروەها بەڵگەی دووەمیشی ئەو واتایە ناگەیەنێت بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کەوا دروست نی‌یە سوود لە شت وەکی خەڵکانێك وەربگیرێت کە خوای گەورە بە غەزەبی خۆی لەناوی بردوون .

**پەردەی بیست و شەشەم:** لە ژێر ناونیشانی (ژیانی پێغەمبەران علیهم الصلاة و السلام لە ناو گۆڕدا) لە (ل٧٣-٧٦)دا لە پاش باس‌کردنی ئەوەی کە مردوو موسوڵمان بێت یا کافر ژیانێکی بەرزەخی هەیە دەڵێ: چەند حەدیسێکی (صحیح)یش هەیە: کە پێغەمبەران (ﷺ) لە دوای وەفاتیان هەر زیندوون: بە ژیانێکی (بەرزەخی)دا کە لەگەڵ ژیانی دنیادا جیایە، بەڵام ئاگاداری ڕووداوەکانی دنیایە بۆ نموونە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (الأنبياء أحياء في قبورهم يصلون) رواه أبو يعلي.... ئەی لاوی موسڵمان: ئەوەش بزانە: پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) ژیانێکی (بەرزەخ)ی تەواوەتی هەیە، بە جۆرێکی وەها: بەردەوام ئاگاداری کردارو گوفتاری ئوممەتی خۆیەتی، هەروەك لە حەدیسەکانی سەڵاواتی ڕۆژی (جمعة)و زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە... هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (حياتي خير لكم تحدثون و يحدث لكم و مماتي خير لكم تعرض علي أعمالكم فما رأيت لكم من خير حمدت الله تعالى و ما رأيت من شر استغفرت الله لكم) رواه البزار ... کەواتە: ئەم حەدیسە ڕاستە بەڵگەیە: کە پێغەمبەر (ﷺ) کردەوەمان دەزانێ و بۆمان لە خوا



Scanned with ACE Scanner

دەپاڕێتەوە: تا لە خراپەکانمان خۆش ببێ، کەوابوو: (توسل) پاڕانـەوە لە خوا بە خاتری پێغەمبـەر (ﷺ) دروستە و ئاگاداریشـە و لـە خـوای گەورەش دەپاڕێتەوە : کارەکەمان بۆ بکات ... ئەی لاوی موسـوڵمان: تکات لێ دەکەم هیچی تـر گـوێ مـەدە قوتابیـان (همغـر)ی ئینگلـیز و (ریجنالد) ی فەرەنسی، کە دەڵێن: (توسل) و(زیارەتی پێغەمبـەر (ﷺ) سەڵاوات لێ دان )(بدعـه) یـە ، لـەم گۆتـە ناشـرینانە بـە ئاشـکرایی دیارە:...... دوژمنایـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) خۆشەویسـتانی پێغەمبـەر (ﷺ) لەناو دڵیان داجێگیر بووە . گومانت نەبێ: کـە پێغەمبـەر (ﷺ) بە زیندوویی و بە مردوویی هەر پێغەمبەرە و هەر بـەڕێزە و هـەر خـاتر مەندە و هەر ئاگادارە کەوابوو تەنها بۆ پلەی خوایەتی بەرزی مەکـەوە ئیتر هەرچی دەربارەی ئەم بەڕێزە دەیڵێی بیڵێ...

ئیتر شەمشەمەکوێرەکانی (خوارج)لەڕووناکی ئەم حەدیسە بێ بەشن و دەڵێـن: دروسـت نیـە: ووشـەی (سـید) بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) بگوتـرێ.......ئیتر خوارەحم بە (البوصيري) بکا کـە لـە مـەرجی پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە بۆ ئەم حەدیسانە دەکا و دەفەرموێ:

محمـد سـيد الكونـين و الثقليـن و الفريقين مـن عـرب و مـن عجـم
فمبلـغ العلـم فيـه أنـه بشـرٌ و أنـه خـير خلـق الله كلهـم

**منیش دەڵێم:** گومـانی تێـدا نیـیە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و پێغەمبـەرانی تریش هـەموو زینـدوون لـە گۆڕەکانیـان لەبەرئـەو فەرموودانەی کە لەوبارەوە هاتوون وەک فەرموودەی (الأنبيـاء أحيـاء في قبورهم يصلون)[٢٢٨] وە هەروەها کە دەفەرموێ (مررت ليلة أسـرى بـي علي موسى قائماً يصلي في قـبره)[٢٢٩] وە چـەندەها فـەرموودەی تریش، بەڵام ئەو ژینە بەرزەخیەی پێغەمبەران جیاوازە لەگەڵ ژیانی دونیـادا،

---

[٢٢٨] رواه ابو يعلى والبزار وغيرهما عن انس بن مالك وصححه الالباني في الصحيحة.
[٢٢٩] رواه احمد و مسلم والنسائي عن انس ايضاً.



Scanned with ACE Scanner

چونکە ژیانی بەرزەخ پەنهانیەکە (غیب) لە پەنهانی یەکان چۆنیەتیەکەی خوای گەورە نەبێ کەس نایزانێت، بەلام ئەوەی کە جێگیر و زانراوە ئەوەیە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ژیانی دونیادا، وە یاساکانی ژیانی دونیای بەسەردا ناچەسپێ، چونکە مرۆڤ لە دونیادا دەخوات و دەخواتەوە و هەناسەدەدات و ژن و مێردایەتی دەکات و دەجولێ و پیسی دەکات و نەخۆش دەکەوێ و... بەلام هیچ کەسێک ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کەوا هیچ کەسێک پاش مردنی ئەوانە دەکات یا بەسەریا دێت ئەگەر چی پێغەمبەرانیش بێت صلوات الله علیهم و سلامە، جا بۆیە نابێت (قیاس)ی هیچ شتێکی ژیانی دونیا بکرێتە سەر ژیانی بەرزەخدا مەگەر بە بەڵگەی قورئان و سوننەت بۆ نموونە: گەیشتنی سەلاوات و وەلامدانەوەی سەلام کردن بەڵگەی لە سەرە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (إن من أفضل أيامكم يوم الجمعة، فيه خلق آدم، و فيه قبض فيه، و فيه النفخة و فيه الصعقة فأكثروا علي الصلاة فيه فان صلاتكم معروضة عليّ، قالوا: يا رسول الله و كيف تعرض صلاتنا عليك و قد أرمت؟ (قال يقولون: و قد بليت) قال (ان الله حرم على الأرض أجساد الأنبياء) [230] واتە: باشترین رۆژانتان رۆژی (جمعة)یە، لەو رۆژەدا (آدم) دروست کرا، وە لەو رۆژەدا رۆحی کێشرا وەلەو رۆژەدا فوو دەکرێت بە (صور)دا، وە لەو رۆژەیشدا دەنگەگەورەکەی رۆژی دوایی دێت جا لەو رۆژەدا زۆر (سەلاوات) بدەن لە سەرم، چونکە سەلاواتەکانم پێ رادەگەیەنن) ووتیان: ئەوی پێغەمبەری خوا چۆن سەلاواتەکانمانت پێ رادەگەیەنن کە تۆ بوویتە خۆڵ.... فەرمووی: بە راستی خوای گەورە لاشەی پێغەمبەرانی لەسەر زەوی حەرام کردووە. هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ (ان لله ملائكة سياحين يبلغوني عن أمتي السلام) [231] واتە: خوای گەورە

---

[230] رواه ابو داود والنسائي وغيرهما عن اوس بن اوس واسناده صحيح راجع ((المشكاة)) رقم (١٣٦١).

[231] رواه النسائي والدارمي وابن حبان والحاكم (٢/٤٢١) عن ابن مسعود وصححه ووافقه الذهبي وابن حبان انظر (المشكاة) رقم ١٩٢٤.



Scanned with ACE Scanner

چەند فریشتەیەکی هەیە دەگەڕێن بەسەر زەویدا سەلامی ئوممەتەکەم پێ رادەگەیەنن، بەلام ئاگادار بوون لە هەموو کردەوەکانی ئوممەتەکەی ئەمە پێویستی بە بەلگە هەیە، وە ئەو (حدیث)ەی کە هەرتەلی هێنایەتەوە و دەیکاتە بەلگە بۆ ئەوەی پیغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو کردەوەکانمان دەزانێت و داوای لێخۆشبوونمان بۆ دەکات لە خراپەکان و سوپاسی خوا دەکات لە سەر چاکەکان، ئەوە وانی‌یە چونکە فەرموودەکە (ضعیف)ە[232] جا ئەگەر (صحیح)یش بێت، هەر ئەو واتایە ناگەیەنێت، چونکە دژایەتی فەرموودەکەی (أنس) ئەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (لیردن علی ناس من أصحابي حتی اذا عرفتهم اختلجوا دوني فاقول: أصحابي، فيقول: لا تدري ما احدثوا بعدك)[233].

واتە:- لە رۆژی دوایی‌دا کۆمەڵێک لە هاوەڵەکانم دێنە سەر حەوزەکەم تا دەیانناسمەوە، دووردەخرێنەوە، جا منیش دەڵێم: هاوەڵەکانم مەیانبەن، جا پێم دەوترێت: تۆ نازانیت لە پاش تۆ چی‌یان داهێنا کەوابوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری لە هەموو کردەوەی ئوممەتەکەی نی‌یە کە لە پاش وەفاتی کردویانە جگە لەوەی بەلگەی لە سەر هاتووە وەکو: (سەلاوات).

وە هەروەها ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژیانی لە گۆڕدا وەکو ژیانی دونیا بوایە ئەوە هاوەڵەکانی پێغەمبەر بە پێویستیان نەدەزانی (توسل) بە کەسێکی ترەوە بکەن بەڵکو یەکسەر (توسل)یان بە (دعاء)ی ئەو دەکرد ئەویش داوای بۆ دەکردن لە خوای گەورە، بەلام ئەمە رووی نەداوە وە لە هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەگێڕاوەتەوە کە شتی وای کردبێ. وە هەروەها پێشینە

---

[232] انظر ( سلسلة الاحاديث الضعيفة) (رقم ٩٧٩) وفضل الصلاة على النبي ﷺ للامام اسماعيل بن اسحاق الجهضمي القاضي المالكي (١٩٩هـ-٢٨٢) بتحقيق محمد ناصر الدين الالباني.

[233] رواه البخاري ( ١٤٩/٧).

پیاوچاکەکانی ئیسلام کەسیان نەیانکردوە، بەڵکو ڕای هەموویان بە تایبەتی چوارئیمامەکە ئەوەیە کە لە کاتی سەردانی گۆڕی پێغەمبەردا (ﷺ) لە سەلام کردن و دوعا بۆکردنی زیاتر باش نیە زۆر بووەستی لە نزیکی گۆڕەکەدا[234].

وە هەروەها دەڵێم ئەوە (بهتان) و درۆیە کەوا دەڵێ ئەوانە (مەبەست شوێنکەوتوانی (أهل السنة)یە) دەڵێن: (توسل) و زیارەتی پێغەمبەر(ﷺ) و سڵاوات لێدان (بدعة)یە، چونکە ئەوان هەرگیز نەیانووتوە (توسل) بە گشتی (بدعة)یە وەک باسمان کرد، بەڵکو دەڵێن باشتی نا(شرعي) نەکرێت وەک ماچ کردنی گۆڕەکە و (طواف) بە دەوریا و داوالێکردنی و ...هتد، بەڵام زیارەتی (شرعي) ئەوە دروستە و کەسیش نەیووتووە (بدعة)یە، وە سەڵاوات لێدان نەک هەر نەیانووتووە (بدعة)یە بەڵکو دەڵێن (واجب)ە بە فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە خۆیانیش لە هەموو کەس زیاتر سەڵاوات دەدەن چونکە ئەوان (أهل الحديث)ن و لە هەموو کەس زیاتر ناوی پێغەمبەر(ﷺ) دێنن، کەوابوو لە هەموو کەسێک زیاتریش سەڵاواتی لەسەر دەدەن، بەڵام سەڵاواتیش وەکو (ذكر) و پەرستنەکانی تر شێوەی دیاری کراوی هەیە لە سوننەتدا، جا ئەگەر لە شێوەی سەڵاوات دانەکەیدا (مخالفة)ی سوننەت بیکەیت ئەوە شێوەی کردنەکەی دەبێتە (بدعة)[235].

هەروەها دەربارەی ووشەی (سيد) دەڵێم: ئەوان ناڵێن دروست نیە بە پێغەمبەر (ﷺ) بووترێت (سيد) بەڵکو (سيد) سیفەتێکی (ثابت)ە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێی ئەو فەرموودە (صحيح)انەوە کە لەو بارەیەوە هاتووە، بەڵام ئایا ووشەی (سيد) دروستە بخرێتە سەڵاواتەوە لە نوێژدا، ئەمە زانایانی (سلف) نەیانکردوە بەڵام لە (متأخرين)

---

[234] بنوارە القاعدة الجليلة لابن تيمية.

[235] بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بنوارە ((الاعتصام)) للشاطبي.



Scanned with ACE Scanner

... دەڵێن دروستە، وە هەندێکی تریانیش ...باش وایە لەوە زیاتر نەووترێت کە لە سوننەتدا ...ەوە شتێک زیاد نەکەین کە پێشینان نەیانکردبێ، ... رای دووەمیان هەیە (الحافظ ابن حجر العسقلاني)[236] و ... سووي)[237] کەوابوو ئەوان لە خۆیانەوە قسە ناکەن، بەڵکو ووتەو ڕای زانا (محقق)ەکانی ئیسلام (نقل) ئەکەن، هەرتەلی خۆیشی ئەم ڕاستی‌یە باش دەزانێت بەڵام خۆی لێ گێل دەکات بۆ ئەوەی سەر لە خەڵکی نەخوێندەوار بشێوێنێ (وجحدوا بها و استيقنتها أنفسهم ظلماً و علواً)[238].

**پەردەی بیست و حەوتەم:** لە ژێر ناونیشانی (باسی مولود)یادی لە دایک بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لە (ل ٧٦-٧٨)دا دەڵێ:- ئەی لاوی موسولمان ئیمام (ابن حجر الهيتمي) دەگێڕێتەوە: ئیمامی (ابوشامة)ی ماموستا ئیمامی (نواوی) فەرمویەتی (لەجوانترین بیدعەکانی ئێستامان، ئەو کردارەیە: کە هەموو ساڵێک، لەڕۆژی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەر (ﷺ) دەکرێ: لە خێر و چاکە و دەربڕینی خۆشی و ڕازاندنەوە.......) هەروەها ئیمامی (جلال الدين السيوطى ) ئەفەرموێ: (مەولودکردن ئەوەیە: خەڵک کۆدەبێتەوە و هەندێک قورئان بخوێنێ.... ئەم شێوەیە بدعه حسنه)یە و ئەو کەسە ئەیکا پاداشت ئەدرێتەوە.... یەکەم کەس کە مولودکردنی پەیداکرد سولتان (مظفر الدين)ی گەورەی (اربيل) هەولێر بوو... ئینجا هەر ئیمامی (جلال الدين السيوطى) لە ئیمامی (ابن حجر العسقلانى ) ئەگێڕێتەوە: کە فەرموویەتی: (مولودکردن بیدعەیە و لە سەردەمی (السلف الصلح)دا

---

[236] بنواره (الفضل المبين على عقد الجوهر الثمين) للشيخ محمد جمال الدين القاسمي (ل ٧٠)و (صفة صلاة النبي ﷺ للعلامة الالباني) (ل ١٣٥) (ط ١٥).

[237] الروضة (١/٢٦٥).

[238] (النمل: ١٤).

نەکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا -شتیباش و خراپی تێدایە:- جا هەر کەسێک شتە باشەکانی مولود بکا و خۆی لە خراپەکانی بپارێزێت ئەوە دەبێتە (بدعة حسنة) ) ئەگەر نا باش نیە، جا فەرمووی: بەڕاستی من ئەم (مولود) کردنەم لە بنچینەی حەدیسی (صحیحین) وە دەرهێناوە کە ئەمەیە (قدم النبي (ﷺ) المدينة فوجد اليهود صياما يوم عاشوراء فقال (ﷺ) لهم:- ما هذا اليوم الذى تصومونه ؟ قالوا: هذا يوم انجى الله فيه موسى (عليه السلام) وقومه وغرق فرعون وقومه، فصامه موسى شكرا فنحن نصومه فقال النبى (ﷺ): فنحن احق واولى بموسى منكم فصامه وامر بصيامه )رواه البخاري ومسلم. ئینجا دەفەرموێ: لەم حەدیسە وەردەگیرێ: کە شوکری خوای گەورە بکرێ لەسەر ئەوەی لە ڕۆژێکی دیارکراودا خۆشیەکی داوە یا ناخۆشیەکی لابردوە لە هەمان ڕۆژیشدا هەموو ساڵێک ئەم شوکرە دووبارە بکرێتەوە... ئایە کام (نعمة) و خۆشی گەورەترە لە خۆشی هاتنە دنیا پێغەمبەری ڕەحمەت (ﷺ) لەم ڕۆژەدا؟ ئەی لاوی موسوڵمان، ئەم فەرموودەی ڕابردوو : کە مولود (بدعة حسنه) یە فەرموودەی ئیمامی (ابن حجر العسقلاني) دانەری (فتح الباري شرح البخاري) بوو لە حەدیسی (بوخاری و مسلمی) وەرگرتووە. ئیتر لەمە زیاتر چی ترت ئەوێ؟!... کەوابوو : دەبێ ئێمەش بە هاتنە دنیای پێغەمبەرمان (ﷺ) هەموو دڵخۆش ببین و شوکری لەسەر بکەین چونکە پێغەمبەری خۆشەویستمان گەورەی هەموو پێغەمبەرانە عليهم الصلاة والسلام...

**منیش دەڵێم**:- دیاری کردنی ڕۆژێکی تایبەت لە ساڵێک دا بۆ ئەوەی خەڵکی تێدا کۆببێتەوە وخێرو چاکە بکەن و خۆیان برازێننەوە و ....هتد زیاد کردنی شتێکە لە ئایین کە نابێت بکرێت مەگەر بەڵگەی (شرع)ی لەسەر بێت ، چونکە وەک باسمان کرد لەباسی (البدعة ) بۆ هیچ کەسێک نییە لەخۆیەوە شتێک زیاد بکات لە ئایین دا و ناوی بنێ (بدعة حسنة).



Scanned with ACE Scanner

هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بە دونیاوە لەڕاستی دا هاتنی خێر و بەرەکەت و ڕووناکی و ڕەحمەت و هیدایەت بوو بۆ هەموو خەڵکی ، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێک بەردەوام سوپاسی خوا بکات لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەیە ئەویش بەگوێ ڕایەڵی‌کردنی خوا و پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) دەبێت ، نەک بەزیاد کردنی شتێک لە ئایینەکەی ، کە نەخوا و نە پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) وەکو لەباسی بیدعە دا بە درێژی باسمان کرد ، کەوا بوو ئەی خوێنەری بەڕێز باپێکەوە تاو توێ‌یەکی ئەم مەسەلەیە بکەین بۆئەوەی دەرکەوێت تا چ ئەندازەیەک شەرعی‌یە .

لای هەمووان زانراوە کەوا خەڵکی کاتێ یادی لە دایک بوونی پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) دەکەن و ئاهەنگی تێدا دەگێڕن بۆ ئەوەیە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە و ، نزیک ببنەوە لە خوای گەورە بەو کارە ، کەوا بوو خەڵکی بەم (مولد) گێڕانە مەبەستیان (عبادة)ە، وە(اصل)یش لە(عبادات) دا وەک باسمان کرد بەتاڵ بوونەوەیە. تاوەکو بەڵگەی شەرعی دەست دەکەوێت، بۆیە دەبێ بۆ ئەوەی بلێین (مولد) گێڕان دروستە یان نەء، پێویستە بزانین ئایا هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەرە؟!! .

لە راستی‌دا (مولد) گێڕان هیچ بەڵگە و بنچینەیەکی شەرعی لە سەرنی‌یە، نە لە قورئان و نە لە سوننەت و نە لە (اجماع)دا، وە ئەو قیاسەی (الحافظ ابن حجر العسقلاني) کە دەیکاتە سەر (عاشوراء) قیاسێکە جیگەی خۆی نی‌یە، چونکە (عاشوراء) بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەرع کرا، وە بۆ ئێمە دروست نی‌یە لە خۆمانەوە بە بێ هیچ بەڵگە و بنچینەیەکی شەرعی قیاسی لە سەر بکەین، چوونکە ئەگەر ئەو جۆرە قیاسانە درووست بێت ئەوە دەبێت هەموو ڕۆژەکانمان جەژن و شادی بێت یان (تعزية) و ماتەمینی بێت، چونکە لەوە ناچێت ڕۆژێک بوو بێت ڕووداوێکی تێدا ڕوونەدراوبێت. بۆ ئەم جۆرە قیاسکردنە لە بەشی (عبادات)دا بەتاڵە، تەنانەت ئەگەر

بشووتریَ: (ئەو قیاسە جیَی خۆیەتی) ئەوە دەبیَت لەو ڕۆژەدا ڕۆژوو بگیریَت نەک شتی تر وەک ڕوونە بۆ کەسانیَک کە لە (قیاس) تیَ بگەن.

هەروەها دەڵیَم: ئەگەر (مولد) گیَڕان شتیَکی باش بووایە و خیَروپاداشتی تیَدا ببوایە، ئەوە بیَگومان پیَغەمبەری خوا (ﷺ) دەیکرد و هاوەڵانیشی لیَئاگادار دەکردەوە، چوونکە پیَغەمبەری خوا(ﷺ) فیَری هەموو خیَر و چاکەیەکی کردووین و هیچ پەرستنیَک نەماوە ئەو هاوەڵانی لیَئاگادار نەکردبیَتەوە. وەک خۆی دەفەرمویَ: (و ماترکت شیئاً یقربکم الی الله -تبارك و تعالی- الا و امرتکم به.....)[239] واتە هیچ شتیَکم واز لیَنەهیَناوە کە لە خوای گەورە نزیکیان کاتەوە ئیللا فەرمانم پیَکردوون..)

کەوابوو یادەبیَت بڵیَین: پیَغەمبەری خوا (ﷺ) باسی نەکردووە (ئیتر لەبەرهەرهۆیەک) ئەویش-پەنا بە خوا- خیانەت دانەپاڵی پیَغەمبەری خوایە (ﷺ) لە گەیاندنی ئیسلامدا، کە بیَگومان وانییە، ئەوەتا پیَغەمبەری خوا (ﷺ) گەورە و بچووکی ئەم شەرعەی بۆ باسکردووین ئیتر نە شەرم و نە (تواضع) و نە....هتد، وای پیَکردووە کە حەق بشاریَتەوە، وە یان دەبیَت بڵیَین: (لەیادی چووە) کە ئەمیشیان هەر ڕاست نییە، ئەوە تا خوای گەورە دەفەرمویت: (سنقرئك فلا تنسی)[240]، کەوابوو نەکردنی پیَغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمان [illegible]نەکردنیشی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شتیَکی چاک نییە، بەڵکو شتیَکی زیادە و داهیَنراوە (ما أنزل الله بها من سلطان) هەروەها هاوەڵە خۆشەویستەکانی پیَغەمبەری خوا (ﷺ) کە بەوەفاترین و دڵسۆزترین کەسان بوون بۆی نەیانکردووە، وە هەروەها شویَنکەوتوانیشیان و شویَنکەوتووانی ئەوانیش نەیانکردووە، وە کەسیش لە پیَشینە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتە نەیانکردووە، بە تایبەتی پیَشەوایانی

---

[239] حدیث صحیح اخرجه الامام الشافعي في (الرسالة).

[240] الأعلی-٦

(چوار) مەزهەبەکە، کەوابوو ئەم کارە کاری پێشینان نەبووە،
وشاعیریش دەفەرموێ:

و كل خير في اتباع من سلف و كل شر في ابتداع من خلف (٢٤١)

واتە: هەموو خێروچاکەیەک لە شوێنکەوتنی پێشیناندایە هەموو خراپەیەکیش لە داهێنراوەکانی (خلف)دایە.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە چەندەها شوێندا فرمانی پێکردووین کەوا (مخالفة)ی جوولەکە و گاورەکان بکەین لەو شتانەدا کە دروشم و باووعادەتی ئەوانە، جا ئەمە وەکو یادکردنەوەی گاوورەکانە، چوونکە ئەوانیش لە هەموو ساڵێکدا یادی لە دایک بوونی (عیسی)(علیه السلام) دەکەنەوە و ئاهەنگ و جەژنی بۆ دەگێڕن.

وا ئێستاش موسوڵمانان دەبینیت یادی لە دایک بوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگێڕنەوە و بە (لافتە)ی گەورە لە دەرگای مزگەوت و شوێنەگشتییەکاندا پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە دەکەن و بە جەژن ناوی دەبەن، جا -توخوا- ئەگەر ئەمە لاسایی‌کردنەوە نەبێت چی لاسایی کردنەوە بێت.

**پەردەی بیست و هەشتەم:** لە ژێر ناوونیشانی (سەلاوات لێدان لە دوای بانگ و ئیقامەت) لە (ل٧٨-٨٠)دا، پاش ئەوەی ئەو فەرموودەیەی کە (بوخاری و مسلم) ریوایەتی دەکەن لە بارەی خوێندنی (دعاء الوسيلة) لە دوای بانگ؛ هەرتەلی دەڵێ: (٢- سلاوات و دوعای (وسيلة) ذوای ئیقامەت: (عن أبي هريرة رضي ا لله عنه أنه كان اذا سمع المؤذن يقيم الصلاة يقول: اللهم رب هذه الدعوة التامة و الصلاة القائمة صل على محمد و آته سؤله يوم القيامة) رواه ابن السني...هەر لە

---

٢٤١ ئەم بەیتە شیعرە (هەرتەلی) بۆ چەواشەکردنی خەڵکی لە بەرگی (ڕوونکردنەوەی العقيدة الطحاوية)کەیدا وەکو پەردەیەکی شەیتانی داویە بە سەر را بێ سەرویەرەکانیدا.

بەڵگەی ئەم سێ حەدیسە ئیمامی (نووي) و (ابن حجر الهيثمي) دەفەرموون: سووننەتە بانگدەر و ئیقامەت کەر و ئەوەی گوێی لەوانیشە: گشتیان لە دوای بانگ و ئیقامەت سڵاوات لێبدەن و ئینجا دوعای (وسیلة) بکەن.... ئەی لاوی موسوڵمان کاتێک (خوارج) گوێیان لەم فەرموودە بەهێزانە دەبێ هەرئەوەندەیان پێدەمێنێ بڵێن: (خۆ پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرمووە: بە دەنگ سەڵاوات لێبدەن) تۆیش لە وەڵامیدا بڵێ: (خۆ نەیفەرموو دەنگ بەرزمەکەنەوە و بە دەنگ لێیمەدەن) کەوابوو (هیچی من و هیچی تۆ) ئینجا بزانە: ئیمامی (ابن حجر الهيثمي) دەفەرموێ: ئەم شێوە سڵاوات لێدانەی دوای بانگ (صلاح‌الدین) داینەوە و کارێکی باشە و خوا پاداشتی چاکەی بداتەوە.... مامۆستایانی ئێمە فتوایان داوە:- سڵاواتی دوای بانگ سووننەتە و شێوەکەشی (بدعة)یە... واتە (بدعة حسنة)یە... بە تایبەتی پێشەوای گومڕابوویان (محمد بن عبدالوهاب) کە دەیگوت: (ان الربابة في البيت الخاطئة يعني الزانية أقل اثماً ممن ينادي بالصلاة على النبي (ﷺ) على المنائر) بڕوانە (الدرر السنية) ل(٤١) و (روضة المحتاجين) ل(٣٨٤)، کەوابوو: بە گوێرەی چاوی ناحەزانی پێغەمبەر (ﷺ) با بە یەکەوە شێوەی سەڵاواتەکە (صلاح‌الدین) بڵێین: (ألف صلاة و سلام عليك، عليك و على آلك و أصحابك يا سيدنا و يا رسول الله).

**منیش دەڵێم:** ئەو (اثر)ەی (ابوهريرة) کە هەرتەلی دەیهێنێتەوە ئەگەر (صحیح)یش بوایە[٢٤٢] نەدەبووە بەڵگەی (شرعي) چونکە (موقوف)ە[٢٤٣] بە تایبەتی (لفظ)ەکەی جیاوازە لەگەڵ (لفظ)ی ئەو فەرموودە (صحیح)انەی کە لە دوای بانگ دەووترێت، کەوابوو هیچ

---

[٢٤٢] ئەم (أثر)ە (ضعيف)ە/ وەکو حافظ ابن حجر العسقلاني لە (نتائج الأفكار في تخريج أحاديث الاذكار)دا دەفەرموێ.

[٢٤٣] (الحديث الموقوف): ئەو فەرموودەیەیە کە لە (صحابە) وە بەرزنەکرێتەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە بەشێکە لە بەشەکانی (ضعيف) وەک زانایانی فەرموودەناس دەفەرموون.



Scanned with ACE Scanner

بەڵگەیەکمان نی‌یە لە سەر ئەوەی کە سوننەت بێت لە دوای قامەت کردن (دعاء الوسیلة) بکرێت.

وە ئەوەی کە هەرتەلی دەڵێ: (هیچی من و هیچی تۆ) بەڵگەیەکی ترە لە سەر نەفامێتی و نەشارەزایی ئەو لە زانستە شەرعی‌یەکان بە گشتی و زانستی (الاصول) بە تایبەتی، چونکە وەک چەند جارێک دووبارەمان کردۆتەوە: (الاصل في العبادات البطلان) کەوابوو کەس بۆی نی‌یە لە خۆیەوە شتێک زیاد بکات لە هیچ پەرستنێکدا، جا وەک زانراوە سوننەتە (سلاوات) دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای بانگ بۆ کەسێک کە دەنگی بانگ دەبیستێت، بەڵام ئایا ئەو (سلاوات) دانە بانگدەرەش دەگرێتەوە یان نەء؟ وە ئەگەر ئەویش بگرێتەوە ئەوە بە دەنگی بەرز دەیدات یان بە دەنگی نزم؟

لە وەڵام دا دەڵێم:

زانایان جیاوازن لەوەدی ئایا بانگدەر دەگرێتەوە یان نەء؟ وە ڕاستی‌یەکەش ئەوەیە کە بانگدەر ناگرێتەوە بەڵکو ئەوانە دەگرێتەوە کە گوێیان لە بانگەکەیە وە ئەگەر بانگدەرەکەش بیدات دروستە بەڵام دەبێت بە دەنگی نزم بیدات، چونکە لە کاتی هیچ چینێک لە چینەکانی (سلف)دا بە دەنگی بەرز نەدراوە وە لە کاتی پێشەواوانی چوار مەزهەبەکەیشدا هەر بە دەنگی بەرز نەدراوە، ئەم ڕاستی‌یە هەرتەلی خۆیشتی دانی پێدا ناوە کاتێ کە قسەکەی (هیتمی) دەهێنێتەوە کەوا دەڵێ: (ئەم شێوە سلاوات دانە (صلاح الدین) داینـاوە...) کەوا بوو ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە (ابتداع من خلف)ە.

وە ئەوەی کە دەڵێ: (صلاح الدین) دایناوە ئەگەر ڕاستیش بێت هەر نابێتە بەڵگە چونکە هیچ کەسێک (معصوم) نی‌یە لە هەڵەکردن وە ئێمەش فەرمانمان پێکراوە شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەوین ((خير الهدي هدي محمد (ﷺ))).



Scanned with ACE Scanner

وه لـه بـارەی ئـەو قسـەيەی کـه دەڵـێ: (شـيخ محمـد بـن عبدالوهـاب) ووتويـەتی، دەڵێـم: ئەگـەر راسـت دەكـات بۆچـی لـە سـەرچاوەی (سۆفی)يەكان كە دوژمنی بانگەوازەكەی (شيخ محمد بن عبدالوهـاب)ن -رحمه الله- زيـاتر هيـچ سـەرچاوەيەكی تـر ناهێنێتـەوە؟!!. (يـا أيهـا الذين آمنوا ان جاءكم فاسق بنبأ فتبينوا أن تصيبـوا قومـاً بجهالـة فتصبحـوا علی ما فعلتم نادمين)[244].

**پەردەی بيست و نۆيەم:** لـە ژێـر ناوونيشـانی (قەزاكردنـەوەی نوێـژ) (ل٨٠-٨٢) دەڵێ: ئەی لاوی موسوڵمان بە (اجماع) يەكدەنگی زانايانی ئيسلام، چينی (سلف) و (خلف) واجبە: نوێژ قەزا بكرێتەوە، جيـاوازی نی‌يە: ئەم نوێژە بە قەستی نەكرابێ يا بە هۆی لە بيرچوون يا بە هۆی رێگەنەدانی كەسێكی تـر، بەڵگـەش ئـەم حەديسـەيە، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموێ: (من نسـي صلاة فليصل اذا ذكرهـا لا كفـارة لهـا الا ذلـك) رواه البخـاري و مسلم.... لـەم حەديسـەی (بخاري و مسـلم)دا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لاكفـارة لهـا الا ذلـك) هيـچ شـتێك تـاوانی نوێـژە نەكراوەكـە لانابـا تـەنها كردنـی نوێژێكـی وەك خـۆی تاوانەكـە لادەبا له حەديسەكەی تريشدا دەفەرموێ (يقول ربنا عزوجل لملائكته - يوم القيامة- أتموا لعبدي فريضته من تطوعه) رواه أبو داود و الـترمذي... جـا لەبەرئـەوەی دژايـەتی لـە نێـوان ئـەم دوو حەديسـەدا هەيـە و حەديسـەكەی يەكـەم: كـە لـە (بخاري و مسـلم)دايـە و بەهێزتريشـە لـە حەديسەكەی دووەم، زانايان بۆ لابردنی دژايەتی دەفەرموون: مەبەسـت بە ناتەواوی لە حەديسی دووەمدا ئەوەيە كە لە دونيادا لـە بـيری چـوو (واتـە نـەيزانيوە نوێژەكـە ناتـەواوە.... ئـەی لاوی موسـوڵمان چـەند فەريكە خوێندەوارێكی لە خوانەترس لە (اجماع) دەردەچن و حەديسـی (بخاري و مسلم) لە كاردێنن و بە هەواو ئـارەزووی خۆيـان فـەرموودەی

---

[244] الحجرات-٦

ئیمامی (البیهقي) ڕەد دەکەنەوە و دەڵێن: پێویست نیە نوێژ قەزابکرێتەوە ئەگەر بە قەستی نەیکردبێ. ئەی لاوی موسوڵمان: لە چەند حەدیسی (بخاري و مسلم)دا هاتووە: کە پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای (خندق)دا نوێژی عەسری قەزا کردۆتەوە و لە غەزای (خیبر)دا لەگەڵ (صحابة)کان نوێژی سبەینێ قەزا کردۆتەوە، لە غەزای (بنوقریظة)دا (صحابة) نوێژی عەسریان قەزاکردۆتەوە جگە لەمەش هەر لە حەدیسی (بخاري و مسلم)دا پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی قەزاکردنەوەی ڕۆژوو، حەج دەفەرموێ (فدین ا لله أحق أن یقضی) و (اقضوا لله فا لله أحق بالقضاء)... ئەی لاوی موسوڵمان: ئەگەر کێشەکە تەنها لە سەر (نیة) هێنانە ئەوە فەرموودەی بەهێزتری زۆرترین زانایان ئەوەیە (کە نیەت هێنانی قەزاکردنەوە واجب نی‌یە بەڵکو سوننەتە) واتە تەنها نیەتی نوێژکردن واجبە (نیەت هێنانیش تەنها بە دڵ واجبە، واتە: نیەت هێنان بە زمان سوننەتە، تاوەکو زوبان یارمەتی دڵ بدات).

**منیش دەڵێم:** پێش ئەوەی بچینە ناو قووڵی باسەکەوە مەسەلەیەکی گرنگ هەیە پێویستە بیزانین، ئەویش ئەوەیە ئایە قەزاکردنەوە پێویستی بە (نص)ێکی تازە هەیە جگە لەو (امر)ەی کە یەکەم جار جێبەجێ نەکرا؟... لەوەڵامدا خاوەنی کتێبی (فواتح الرحموت شرح مسلم الثبوت) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە باسی (الواجب)دا دەفەرموێ: (بە ڕاستی (واجب) کردنی قەزا دەبێ بە (امر)ێکی تازەبێت، ئەمە ڕای زۆربەی (شافعی) و (مالك)یەکانە و هەندێکیش لە (حنفی)یەکان دەبینین ئافرەت ئەگەر لە حەیزدا بوو ڕۆژوو قەزا دەکاتەوە بە (نص) بەڵام نوێژ قەزا ناکاتەوە چونکە (نص)ی لەسەر نی‌یە، هەروەها نەخۆش و ڕێبوار ڕۆژووی (رمضان) قەزادەکەنەوە چونکە (نص)ی لەسەرە (فعدة من أیام أخر..)[٢٤٥] هەروەها ئەو کەسەی نوێژی لەیادچوو بێت یا خەوتوو بێت و بە خەبەردا نەهات

---

[٢٤٥] البقرة: ١٨٥

قەزایان لە سەرە لەبەر (نص)ی فەرموودەی (إنه ليس في النوم تفريط إنما التفريط في اليقظة، فاذا نسي أحد صلاةً أو نام عنها فليصلها اذا ذكرها) واتە: ئەوە لە سنووورلادان نی‌یە کەوا یەکێک خەوتوو بێت و بە خەبەردا نەیەت بەڵکو لە سنوور دەرچوون ئەوەیە بە خەبەربێت و نەیکەیت، جا ئەگەر یەکێک نوێژی لە بیرچوو یا خەوتوو بوو لەو کاتەدا ئەوە هەر کاتێک یادی کەوتەوە با نوێژەکەی بکات، بەڵام جگە لە یادچوون، خەوتن (نص) لە سەر هیچ تر نەهاتووە بۆ نموونە یەکێک لە هۆش خۆی بچێت بە قەزا نایکاتەوە چونکە (نص)ی لەسەرنی‌یە وەک (ابن عمر و طاوس و زهري و حسن البصري و ابن سيرين) و کەسانی تریش وایان فەرمووە هەروەها کەسێکیش بە ئەنقەستەوە نەیکات قەزای بۆ نی‌یە و تاوانباریش دەبێت، چونکە ئەو کەسە شتێکی لە دەست چووە هەرگیز ناتوانێت بە دەستی بینێتەوە، بەڵام سوننەتی زۆر دەکات بۆ ئەوەی جێگەی پڕکاتەوە چونکە (نص) فەرموودەی (ابو داود) و (ترمذي) لە سەرە کە (أبو هريرة) رەزای خوای لی‌بێت دەیگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:- (یەکەم کردەوە لە کردەوەکانی مرۆڤ کە لێی دەپرسرێتەوە لە رۆژی دوایی‌دا نوێژە، خوای گەورە بە فریشتەکانی دەفەرموێ -خۆیشی زاناترە- تەماشای نوێژی بەندەکەم بکەن ئایە بە تەواوی کردویەتی یا کەم و کوڕی تیاکردوە؟ جا ئەگەر بە تەواوی کردبووی ئەوزە بە تەواو بۆی دەنوسرێت، بەڵام ئەگەر شتێکی لێ ناتەواو بێت ئەوە دەفەرموێ: تەماشای بکەن بزانن ئایا هیچ سوننەتی هەیە؟ جا ئەگەر سوننەتی هەبێت، ئەوە دەفەرموێ: فەرزەکانی بەندەکەم پێ‌تەواو بکەن....) جا بۆیە زانایان هەموویان یەکڕان لە سەر ئەوەی (واجب)ە قەزاکردنەوەی نوێژێک لە بیرچوو بێت یا خەوتوو بێت تێیدا، چونکە (نص)ی لە سەر هاتووە، بەڵام قەزا کردنەوە بۆ جگە لەو دوو حاڵەتە زانایان جیاوازن تێیدا، جا هەندێکیان دەڵێن دەبێ قەزای هەموو نوێژێکی فەوتاو

بكرێتەوە ئیتر بە قەستەوە فەوتاو بێت بە بێ قەست، وە هەندێکی تریش دەڵێن:- تەنها لەو دوو حاڵەتە نەبێت کە (نص) ی لەسەر هاتووە قەزا کردنەوە نییە چونکە (نص) ی لەسەر نەهاتووە، وە ئەو بەڵگانەی هەرتەلی دەیهێنێتەوە هیچی نابێتە بەڵگە بۆ قەزا کردنەوە - بەگشتی- چونکە فەرموودەی قەزا کردنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ نوێژی (عصر) لەغەزای (خندق) دا پێش دابەزینی نوێژی ترس (صلاة الخوف) بوو، وە قەزا کردنەوەی هاوەڵانیش لە غەزای (بنوقریظة) لەبەر بەجێ هێنانی فەرمانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە فەرمووی (لایصلین أحدکم العصر الا فی بنی قریظة) وەک باسمان کرد، وە قەزا کردنەوەیشیان بۆ نوێژی بەیانی لەبەر ئەوە بوو لە کاتی خۆی دا خەوتوو بوون، وەخەویش وەک زانیمان (عذر)ێکە بۆ قەزاکردنەوە، وە فەرموودەی (فدین الله أحق ان یقضی) و(اقضوا الله فالله احق بالقضاء ) تایبەتە بەو قەزایانەی کە (نص)ی لەسەرە وەک ڕۆژووی (نذر) و حەج و..هتد، لە خۆمانەوە و بەبێ بەڵگە ناتوانین بۆ نوێژی فەوتاو بە قەستەوە بەکاری بێنین . کەوا بوو هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر قەزا کردنەوەی نوێژ تەنها لەو دوو حاڵەتە نەبێ کە باسمان کرد (ابن حزم ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت (بحث)ێکی زۆر گرنگی هەیە لەم مەسەلەدا جا دەفەرمووی:- (..بەڵام ئەو کەسەی کە بە ئەنقەستەوە نوێژی نەکردوە تا کاتی تێپەر بووە ، ئەوە بەهیچ جۆرێک ناتوانێت قەزای بکاتەوە... بەڵگەی ڕاستی ئەم قسەیەمان ئەوەیە:- خوای گەورە دەفەرموێ: ( فویل للمصلین الذین هم عن صلاتهم ساهون)([۲٤٦]) هەروەها دەفەرموێ: ( فخلف من بعدهم خلف اضاعوا الصلاة واتبعوا الشهوات فسوف یلقون غیا)([۲٤۷]) جا ئەگەر بڵێی دەتوانێت قەزاکردنەوەی ببێت ئیتر نە(ویل)ی بۆ هەیە و

---

[۲٤٦] الماعون: (٥،٤)

[۲٤۷] مریم ٥٦.



Scanned with ACE Scanner

نەتووشـی (غـي) دەبێـت... هـەروەها ئەگـەر بلـێ‌ی دەتوانێـت قـەزای بکاتەوە ئەوە دیاری کردنی کاتی نوێژ بێ کـەڵک و بـێ سـوودە... وە قـەزا کردنیـش (شـرع) دانانـە کـە بۆ جگـە لـە خـواو پێغەمبـەر (ﷺ) دروست نی‌یە جا کەوابوو پرسیار دەکەین لەوەی قەزا (واجب) دەکـات لەسـەر ئـەو کەسـەی بەقەوستـەوە نـەیکردون ئایـە ئـەو نوێـژی تـۆ (واجـب)ی دەکـەی هـەر ئەوەیـە کـەخوای گـەورە فـەرزی کـردوە یـا ئەوەنی‌یە؟ جا ئەگەر بلێت خۆیـەتی پـێ دەڵێـین: کـەوابو دیـارە کـە نوێژەکە نەکردوە تاوان بار نەبووە چونکە بەقسەی تۆ ئـەو (واجـب)ی بەجێ‌هێناوە... ئـەم قسـەیەش هیـچ موسـوڵمانێک نایکات، وە ئەگـەر بلێت ئەمە ئەو نوێژ نی‌یـە کـە خـوا فـەرزی کـردوە، لـەو کاتـە ئێمـەش دەڵێین: راست دەکەیت ئەمە بەسـە بـە دەمـی خۆیـان دانـی پیـابنێین کەوا نوێژێکیان فەرزکردوە کـە خـوای گـەورە فـەرزی نـەکردوە.... وە لەوانەی ئەم قسـەیەی ئێمـە دەکـەن (عمـر بـن الخطـاب) و (عبـدا الله)ی کوڕی و (سعد بن أبي وقاص) و (سلمان) و (ابن مســعود) و (القاسـم بـن محمد بن أبي بكر) و (بديل العقيلي) و (محمـد بـن سـيرين) و (مطرف بـن عبدا الله) و (عمر بن عبدالعزيز) و کەسانی تریش. وەخوای گـەورە هیـچ (عذر)ێک (قبول) ناکات لە کەسێک نوێژی لـە سـەر (واجـب) بـوو دوای بخات و لە کاتی خۆی‌دا نەیکات با چەند حاڵیشی ناخۆشی بێت، ئەگەر هەتا لە جەنگ و تێ‌کشان و ترس و نەخۆشی و ڕێبواریش‌دا بێت....)

هەروەها (شيخ الاسلام) دەفەرموێ:- (ئەو کەسەی بە قەستەوە نوێژی نـەکردبێ دروسـت نی‌یـە قـەزای بکاتــەوە، وە ئەگـەر بیشـــکاتەوە لێ‌یوەرناگیرێت، بەڵام سوننەتی زۆر دەکات.

کەوا بوو ئێستا روون بویەوە کەوا رای ئەو زانایانە بـەهێزە کـە دەڵێـن قەزاکردنـەوە نی‌یـە بـۆ کەسـێک بـە قەسـتەوە نوێـژی فـەوتاوبێت، وە هەروەها دەرکەوت کەوا هیچ دژایەتیەک لە نێوان فەرموودەکەی (بخاري و مسلم) و فەرموودەکەی (ابوداود و ترمذي)دا بەڵکو تەواوکەری یـەکن وەک روونمان‌کردەوە.



Scanned with ACE Scanner

وە ئەگەر بە قسەی هەرتەلی بێت دەبێت ئەو هەموو (صحابة) و (تابعین) و پێشینەپیاوچاکانە وەک (ابوجهل) بەرگری خەڵکیان کردووە لە نوێژکردن.. پەنابەخوا ئەم کابرایە خەریکە هەنگاوبەهەنگاو ڕێگای (خوارج) دەگرێتەبەر، ئەوەتا (صحابة) خۆشەویستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنکەوتووانیان و پێشینە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتە بە (ابوجهل) و (مجسمه)و ...هتد لە قەڵەم دەدات و بە هەواو ئارەزووی خۆی فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر (ﷺ) (ردّ) دەکاتەوە وە لە خۆیەوە بڕیاری (اجماع) دەدات سەرەڕای ئەو هەموو (قیاس)ە بەتاڵانەی کە زۆر لە (قیاسی) (خوارج)ی کۆن دەچێت ئەوەتا (معاذة) ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێ: پرسیارم لە (عائشة) ڕەزای خوای لێبێت کرد ووتم: بۆچی ئافرەت لە حەیزدا بێت ڕۆژوو بە قەزا دەداتەوە بەڵام نوێژ ناداتەوە؟

جا ئەویش فەرمووی:- بۆ تۆ (حروریە)یی (واتە خەوارج)؟ (چونکە خوارج دەیانووت ئافرەت ئەگەر لە حەیزدا بوو دەبێت نوێژیش بە قەزا بداتەوە هەر وەک چون ڕۆژوو دەداتەوە)[248]

جا دەبینین هەرتەڵیش فەرموودەی (فدین الله أحق ان یقضی) کە لە بارەی ڕۆژووی (نذر)ەوە هاتووە دەکاتە بەڵگە بۆ قەزای نوێژ !!!

**پەردەی سیهەم:**- لە ژێر ناونیشانی (جولاندنی پەنجە لە تحیات‌دا) لە (ل٨٢،٨٣)دا دەڵێ:- (عن ابن الزبیر (رضي الله عنه): أنه (ﷺ) کان یشیر بالسبابة و لا یحرکها) رواه أحمد و أبو داود باسناد صحیح و النسائي و ابن حیان في صحیحه و صححه البیهقي... هەر بە بەڵگەی ئەم حەدیسە ئیمامی (نەواوی) لە (منهاج)دا دەفەرموێ (ویرفعها عند قوله: الا الله و لا یحرکها)... (ابن حجر الهیثمي) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ:- (تا کۆتایی (تحیات) پەنجە

[248] رواه البخاري (٤٢١/١) و مسلم (٢٦٥/١)



Scanned with ACE Scanner

دانانیتەوە.... ئینجا لە شەرحی (ولا يحركها): (لە کاتی بەرزکردنەوە نایجولێنێ تاکو ببیتە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها حەدیسی (صحيح)ی جولاندنیش هەیە، بەلام بۆ ئەوەی هەردوو حەدیسەکە پێکەوە کۆبکرێتەوە دەڵێین: مەبەست بەم جولاندنە جولاندنی بەرزکردنەوەیە: یەکجار (واتە نەک جولاندنی بەردەوام) چونکە فەرموودەیەک هەیە جولاندنی بەردەوام حەرامە و نوێژ بەتاڵ دەکا بۆیی ئێمە دەڵێین جولاندن ناپەسەندە) ئەمەش حەدیسی جولاندنە (عن وائل (رضي الله عنه): أنه (ﷺ) رفع أصبعه فرأيته يحركها يدعو بها) رواه بن خزيمة و غيره بسند صحيح و صححه البيهقي، ئیمامی (نەواوی) دەفەرموێ: ئیمامی (البيهقي) فەرموویەتی: دەگونجێ مەبەست بە جولاندن: ئاماژەپێکردن بێ نەک جولاندنی بەردەوام کەوابوو ئەم حەدیسە لەگەڵ حەدیسەکەی (ابن زبتر) پێک دەکاتەوە، ئەی لاوی موسڵمان: زانایانی هەر چوار مەزهەبی (اهل السنة) جگە لە ئیمامی (مالك) یەک دەنگن لە سەر نەجولاندنی پەنجە... ئیتر بۆت ئاشکرا بوو. زانایانی (حديث) و (فقه) ئەم دوو حەدیسەیان بە (صحيح) داناون لە دوای لێکۆڵینەوە لە هەردووکیان بە ئەنجام گەیشتوون، لەگەڵ ئەوەشدا (الباني) قین لە دڵ بەرانبەر بە (أهل السنة) -هەروەک پیشەی خۆی- لە پەراوێزی لاپەڕە ١٤٠ لە (صفة صلاة النبي (ﷺ)) چاپی (١١)دا هێرشی بی ئەدەبانەی کردۆتە سەر پێشەوایانی (اهل السنة) و جگە لەمەش حەدیسەکەی (ابن الزبير)ی رابردوو بە (ضعيف) داناوە و هیچ رێزێکی بۆ ئەو ئیمامانە دانەناوە...).

**جا منیش دەڵێم:** ئەو زیادەیەی (و لا يحركها) کە لە فەرموودەکەی (ابن الزبير)دایە (ضعيف)ە، چونکە ئەم فەرموودەیە (محمد بن عجلان) لە (عامر بن عبدا لله بن الزبير)ەوە گێڕاوەتەوە بەبێ زیادەی (و لا يحركها) وەهەروەها دوو (ثقة)ی تر لە (عامر)ەوە گێڕاویانەتەوە بەبێ ئەو زیادەیە، کەوابوو ئەو زیادەیە (شاذ) و (ضعيف)ە. وە بەستە کەوا بزانیت ئیمامی (مسلم) ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە لە رێگای (ابن

عجلان)ەوە بەبێ ئەو زیادەیە[٢٤٩]، هەروەها (ابن القیم) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ (بەڵام ئەو فەرموودەیەی (أبي داود)ە کە لە (عبدا لله بن الزبیر)ەوە دەیگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بە پەنجەکردوە کاتێک دوعای کردوەوە و نەیجوڵاندوتەوە، ئەم زیادەیە لە (صحیح) بوونیدا (نظر) هەیە -واتە پێویستی بە تێڕوانینە- ئیمامی (مسلم) ئەم فەرموودەیەی بە درێژی لە (صحیح)ەکەی دا گێڕاوەتەوە بە بێ ئەم زیادەیەی، بەڵکو فەرموودەتی (کان رسول الله..... و أشار بأصبعه) وە هەروەها لە فەرموودەکەی (أبي داود)دا نەهاتووە کەوا ئەوە لە نوێژدا بووبێت[٢٥٠]، جا ئەگەر لە نوێژیش دابێت ئەمە (نفی)یە، بەڵام فەرموودەکەی (وائل بن حجر) (مثبت)ە کەوابوو ئەوەی (وائل) پێش دەخرێت....)[٢٥١] جا ئەگەر زیادەکەی فەرموودەکەی (ابن الزبیر)یش (صحیح) بێت، ئەوە دەتوانرێت کار بە هەردوو فەرموودەکە بکرێت بەبێ ئەوەی (تأویل)ی فەرموودەکانی (وائل) بکرێت (وەک ئیمامی بیهقي -تأویل-ی کردوە) بەوەی بڵێی جارێک جوڵاندوویەتییەوە وە جارێکی تریش نەیجوڵاندوتەوە، وەک ئیمامی (القرطبي) وا دەفەرموێ:-((واختلفوا فی تحریك اصبع السبابة فمنهم من رأی تحریکها ومنهم من لم یره وکل ذلك مروی فی الآثار الصحاح المسندة عن النبی(ﷺ) وجمعیة مباح والحمد لله))[٢٥٢] وئەمەش هەڵبژاردنی (الامیر الصنعانی) یە[٢٥٣] وە پێش ئەویش ئیمامی(الرافعی) وەک (المبارکفوری)دەیگێڕێتەوە لە پاشان خۆیشی ئەوە هەڵدەبژێرێت

---

[٢٤٩] تمام المنه في التعلیق علی فقه السنة (ل٢١٨)

[٢٥٠] مەبەستی ئەوەیە کەوا بە (عام) لەوانەیە لە نوێژدا نەبووبێت وەک لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە (... و الاستغفار أن تشیر بأصبع واحدة) رواه ابوداود في (سننه) (١٤٨٩) باسناد صحیح.

[٢٥١] زاد المعاد (١/٢٣٨-٢٣٩)

[٢٥٢] تفسیر القرطبي (١/٣١٦١).

[٢٥٣] سبل السلام (١/١٨٧-١٨٨).



Scanned with ACE Scanner

وەک دەفەرمووێ ((والحق ما قال الرافعي ومحمد بن اسماعيل الامير ))[٢٥٤] بەڵام ئەوەی ڕاست بێت بە پێ ی(القاعدة الاصولية ): (المثبت مقدم على النافي ) وەک ئیمامی (ابن البقيم) دەفەرموێ، کەوا بوو هەتا ئەگەر ئەو زیادەیە (صحيح)یش بێت، هەر جوڵاندنەکە پێش دەخرێت چونکە (مثبت)ە[٢٥٥].

وە ئەو قسەیەی هەرتەلی لە(هيتمی)یەوە (نقل)ی کردوە کە ووتویەتی ((... چونکە فەرمودەیەک هەیە: جوڵاندنی بەردەوام حەرامە و نوێژ بەتاڵ دەکا بۆیی ئێمە دەڵێین (جوڵاندن ناپەسەندە) مەبەستی (هيتمی)(قول)ێک هەیە نەک (حديث) بەڵام هەرتەلی بۆخەڵەتاندنی لاوان (قول) ی کردوە بە فەرموودە بۆ ئەوەی لاوانی تازە پێ گەیشتوو وا بزانن (حديث)ی پێغەمبەر (ﷺ)ی لەسەرە ! ! جا بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە پووچەڵی ئەو (قول)ە، ئیمامی (نووی) دەفەرمووێ: ( يحرم تحريكها فان حركها بطلت صلاته، حكاه عن ابى على ابن ابى هريره، وهو شاذ ضعيف ) لە پاشان فەرمووی: (يستحب تحريكها ، حكاه الشيخ ابو حامد والبندنيجى والقاضى ابو الطيب وآخرون، وقد يحتج بحديث وائل:.... رواه البيهقي باسناد صحيح ))[٢٥٦] کەوابوو ئەو (قول)ە (شاذ ) و (ضعيف)ە و نابێت بووترێت جووڵاندنەوە ناپەسەندە لەبەر (قول)ێکی شاذ!!!

وە ئەوەی کە دەڵێ (زانایانی چوار مەزهەبی (اهل السنة) یەکدەنگن جگە لە ئیمامی مالک لەسەر نەجوڵاندنەوە...) دەڵێم: وانییە، بەڵکو (مذهب ) ی ئیمامی (احمد ) یش هەر جوڵاندنەوەیە وەک (ابن هانیء) لە (مسائل الامام احمد) دا لێیەوە دەگێڕێتەوە کەوا پرسیاریان لێ کرد: هل يشير الرجل باصبعه فى الصلاة؟ قال: نعم، شديدا[٢٥٧]. وە چەندەها

---

[٢٥٤] تحفة الاحوذي (٢٤١/١) ط الهندية.

[٢٥٥] القول المبين في أخطاء المصلين (١٦٣-١٦٥).

[٢٥٦] المجموع شرح المهذب (٤٥٤/٣).

[٢٥٧] مسائل الامام أحمد (٨٠/١) ط المكتب الاسلامي. هەروەها بنوارە (منار السبيل في شرح الدليل على مذهب الامام المبجل احمد بن حنبل) لابن ضويان (ل٩٤).



Scanned with ACE Scanner

زانای تر لە مەزهەبی ئیمام (شافعی) یش هەر وایان فـەرمووە وەك لـە ووتەکەی ئیمامی (نەواوی) وە بۆت دەرکەوت.

وەئەوەی کەدەڵێ (البانی)هێرشی کردوەتە سەر پێشەوایانی (اهل السنة ) دەڵێم ئەگەر ڕاست دەکات بۆ ئەو قسانەی (نقل) نەکردوە تاوەکو خوێنەری بەڕێز خۆی (حکم ) ی لەسەر بدات ...

**پەردەی سی و یەکەم:-** لە ژێر ناونیشانی (دەنگ هەڵهێنان بەم زیکرانە ) لە ( ل ٨٩ )دا دەڵێ (عن ابن عباس (رضي الله عنه): أنه رفع الصوت بالذكر حين ينصرف الناس من المكتوبة كان على عهد رسول الله (ﷺ) رواه البخاري و مسلم. ئیمامی (شافعي) دەفەرموێ: ئەگەر ئیمامی نوێژ بوو و دەیویست لێی فێرە زیکر ببن دەنگ هەڵدێنێ تا ئەزانێ لێی‌فێربوون ئینجا دەنگی نزم دەکاتەوە ).

**منیش دەڵێم:** ئیمامی (نووي) لە شەرحی ئەم فەرموودەدا دەفەرموێ: ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هەندێك لە پێشینان ووتویانە کە سوننەتە دەنگ هەڵێنان بە (الله أکبر) و زیکرکردن لە پاش نوێژە فەرزەکان وە لەوانەی کە ووتویانە سوننەتە لە (متأخرین) (ابن حزم الظاهري)یە.

وە (ابن بطال) و کەسانی تریش (نقل)یان کردوە کەوا هاوەڵانی مەزهەبە شوێن کەوتووەکان یەکڕان لە سەر ئەوەی کە سوننەت نییە دەنگ بەرز بکرێتەوە بە (الله أکبر) کردن و زیکرەکانی تریش، و (شافعي)یش ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەم فەرموودەیەی (نقل)کردوەتە سەر ئەوەی کەوا ماوەیەکی کەم دەنگیان هەڵێناوە تاوەکو خەڵکی فێری بوون، نەك ئەوەی بڵێی بەردەوام دەنگیان هەڵێناوە بەم زیکرانە.... هتد[٢٥٨].

---

[٢٥٨] شرح صحيح مسلم (٨٤/٥).



Scanned with ACE Scanner

**پەردەی سی ودووەم:** لە ژێر ناونیشانی (زیکری بە کۆمەڵ) لە (ل٨٥،٨٤)دا لە پاش هێنانەوەی فەرموودەکەی (بخاري و مسلم) کەوا (ان لله ملائكة سيارة فضلاً يبتغوُن مجالس الذكر...) دەڵێ: ئەی لاوی موسوڵمان: لێرەدا تەنها مەبەستم ئەوە بوو: بەڵگە بێنمەوە: کە زیکر و سڵاوات و دوعای دوای نوێژ و دەنگ هەڵێنان و زیکری بە کۆمەڵ (بلدعة) نی‌یە....)

**منیش دەڵێم:-** بەڵێ زیکر کردنی بە کۆمەڵ و دەنگ هەڵێنان لەگەڵیا بەوەی هەموو پێکەوە بڵێن (لا الە الا الله) وەک ئێستا دەکرێت لە پاش نوێژە فەرزەکان و کراوەتە فەرز ئەگەر نەکرێت ئەوە وەک ئەوە وایە نوێژەکە نەکرابێت، (بلدعة)یە؛ و لە کاتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) نەکراوە، وە ئەوەی هەرتەلی دەیهێنێتەوە هیچیان نابنە بەڵگەی ئەوەی کە دروستە، بەڵکو بەڵگە هەیە لەسەرئەوەی کە دەنگ هەڵێنان بەو زیکرانە باش نی‌یە، (ابو موسى الأشعري) رەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوین (ﷺ) جا گەر بگەشتایەین بە دۆڵێک (لا الە الا الله) و (الله اكبر)مان دەکرد و دەنگمان بەرزدەبویەوە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەی خەڵکینە دەنگ هەڵمەهێنن، چونکە ئێوە بانگی یەکێک ناکەن کەڕ و دوور بێت لێتانەوە بەڵکو بێگومان ئەو لە گەڵتان دایەو بیسەرەو نزیکە لێتانەوە...))[٢٥٩] جا (قسطلاني) رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ:- ((فيه كراهة رفع الصوت بالدعاء والذكر))[٢٦٠] واتە: ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کەوا باش نی‌یە دەنگ هەڵێنان بە دوعا و زیکر کردن.

**پەردەی سی و سێیەم:-** لە ژێر ناونیشانی (نوێژ کردن بە پێڵاوەوە) لە (ل٨٥-٨٦)دا پاش باس کردنی ئەوەی کە دروستە نوێژ کردن بە

---

٢٥٩ رواه البخاري.

٢٦٠ جواهر البخاري (ل٣٢٥).

پێڵاوەوە دەڵێ: ئینجا هەر لە حەدیسی پێغەمبەر(ﷺ) وەرگیراوە کە بۆ دروست بوونی نوێژ بە پێڵاوەوە دوو مەرج پێویستە:-

**مەرجی یەکەم:** ئەبێ پێلاوەکان پاک بن.. کەواتە: ئەی لاوی موسوڵمان پێڵاوەکانی ئێستا گشتی پیسی پێوەیە، چونکە کۆڵان و ئاودەستخانەکانی ئێستا وەکو سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) پاک و وشک نی‌یە.

**مەرجی دووەم:** ئەبێ بنی پێلاوەکە ئەوەندە نەرم بێ وەک کەوشەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی سوجدەدا بچەمێتەوە، تاوەکو زگی پەنجەکانی لە زەمین گیر ببێ پێغەمبەر (ﷺ) (امرت ان اسجد علی سبعة اعظم:- ... واطراف القدمين) رواه الشيخان... ئەی لاوی موسوڵمان کەوشەکانی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) بنیان نەرم بووە سەر پەنجەشیان تێدا دیار بوو، ئەتوانرا بە فەرمانی ئەم حەدیسە کار بکرێت... بەلام پێڵاوەمکانی ئێستا: وەک کلاش و پۆتین و قەڵتاغ نوێژیان پێوە دروست نی‌یە، چونکە لە سوجدەدا ناچەمێنەوە وە ناگونجێ زگی پەنجەکان لە زەمین دا گیر ببێ...

**منیش دەڵێم:-** ئەو دوو مەرجەی هەرتەلی دایناوە یەکەمیان ڕاستە بە پێی ئەو فەرموودانەی لەو بارەوە هاتوون، بەڵام ئەوەی کە دەڵێ:- (پێڵاوەکانی ئێستا پیسە... کەوابوو نوێژی پێوە دروست نی‌یە، تەنها قسەی گیرفانە بۆشەکانی خۆیەتی و هیچ بەڵگەیەکی (شرع)ی لەسەر نی‌یە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ ((اذا جاء احدكم المسجد فليقلب نعليه ولينظر فيهما فان رأى خبثا فليمسحه بالارض ثم ليصل فيهما))[٢٦١] واتە: ئەگەر

---

[٢٦١] رواه أحمد و ابوداود و غيرهما عن ابي سعيد و هو حديث حسن، ئەم فەرموودەیە تەواوی فەرموودەکەی (ابي سعيد)ە کە هەرتەلی بۆ بەڵگەی مەرجی یەکەم =

یەکێکیان هاتن بۆ مزگەوت با (نعل)ەکانی هەڵەودیو بکاتەوە و تەماشای بکات، ئەگەر پیسیەکی پێوە بینی ئەوە بیساوێتە زەوی‌دا و لە پاشان نوێژی پێوە بکات.

ئەمە بۆ مەرجی یەکەم، بەلاّم مەرجی دووەم هەر ڕاست نی‌یە، چونکە ئەو بەڵگەیەی هەرتەلی هێناویەتیوە دەفەرمویّ (أطراف الأصابع) واتە : سەر پەنجەکان نەکْ زگی پەنجەکان کەوابوو ئەگەر سەری پێلاوەکانی لە زەوی‌دا بوو ئەوە لە جیّ سەر پەنجەکانە (هەروەکْ چۆن خوفی لە پیّ کردبێت)و سوجدەکەی دروستە.

**پەردەی سی‌و چوارەم**:- لە ژێر ناونیشانی (ئەندازەی نێوان هەردوو قاچ لە نوێژدا) لە (ل[٨٦])دا دەڵیّ:- ((ئیمامی (ابن حجر الهیتمی) ئەفەرمووی سوننەتە: (نێوان هەردوو قاچەکان بەقەد بستێکْ بیّ بە پێچەوانەی فەرموودەی (انوار) کە دەفەرمویّ بەقەد چوار پەنجە...) بەڵکە (عن ابی هریرة رضی الله عنه : ان النبي (ﷺ) کان یأمرنا اذا صلی احدکم فلیجعل نعلیە بین رجلیە) رواه ابو داود... واتە ئەگەر بڵێین کەوشەکانی لە تەنیشت یەکتر لە نێوان قاچەکانی دادەنرێن ئەوە نێوانەکە بستێکْ دەردەچیّ وەکْ فەرموودەکەی (ابن حجر) وە ئەگەر بڵێین کەوشەکانی لەسەر یەکتر دادەنرێن ئەوە نێوانەکە چوار پەنجە دەردەچیّ وەکْ فەرموودەی (انوار) ئیتر نایەویّ: وەکْ زۆرانبازی قاچەکانی خۆی لەمە زیاتر لێکْ دوور بخاتەوە.

**منیش دەڵێم**:- ئەو فەرموودەیەی هەرتەلی کردویەتی بە بەڵگە هیچ پەیوەندیەکی نی‌یە بە ئەندازەی نێوان قاچەکانەوە، بەڵکو مەبەست لە فەرموودەکە ئەوەیە ئەگەر نوێژ گەر بە پێلاوەوە نوێژی نەکرد ئەوە با (نعل)ەکانی بخاتە نێوان هەردوو قاچەکانی و نەیخاتە ئەم دیو

---

= هێناویەتەوە بەلاّم ئەو تەواوی نەکردوە چونکە ئەگەر تەواوی بکردایە ئەوا قسەکانی خۆی هەڵدەوەشاندەوە.

و ئەو دیوی بۆ ئەوەی ئازاری خەڵکی نەدات، ئەمە ئەگەر خۆی بە تەنیا بوو ئەوە دەتوانێت بیخاتە لای چەپی وەک پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی بە جوانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە وەک دەفەرمووێ: ((اذا صلى احدكم فليلبس نعليه او ليخلعهما بين رجليه ولا يؤذي بهما غيره))[٢٦٢] واتە: ئەگەر یەکێکتان نوێژتان کرد هەردوو (نعل)ەکەی لە پێ بکات یا دایکەنێت لە نێوان هەردوو قاچەکانیدا دابنێت و ئازاری کەسی تری پێ نەدات. هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) خۆیشی ((كان اذا نزعهما وضعهما عن يساره))[٢٦٣] واتە: ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) (نعل)ەکانی دابکەندایە ئەوە لای چەپی خۆیەوە دای دەنا، هەروەها دەفەرموی ((اذا صلى احدكم فلا يضع نعليه على يمينه ولا عن يساره، فتكون عن يمين غيره الا ان لا يكون عن يساره احد وليضعهما بين رجليه))[٢٦٤] واتە: ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد ئەوە با هەردوو (نعل)ەکەی نەخاتە لای ڕاستی خۆیەوە وە نەیشی خاتە لای چەپیەوە چونکە دەکەوێتە لای ڕاستی کەسێکی ترەوە، مەگەر کەس لای چەپیەوە نەبێت، وە با لە نێوان هەردوو قاچیدا دایبنێ.

بەڵام بۆ ئەندازەی هەردوو پێ ئەوە بەڵگەی ترمان هەیە کە دەبێت هەردوو پێی لەگەڵ ئەندازەی نێو شانیدا یەکسان بێت، ئیتر ئەو ئەندازەیە بە پێی جۆری کەسەکە دەگۆڕێت، چونکە کەسی وا هەیە ئەندازەی نێو شانی بچووکە و کەسی واش هەیە نێو شانی پانە، بۆیە دیاری کردنی بە پەنجەو بست بۆ هەموو کەسێک جێی خۆی نییە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە ڕیزەکانی نوێژی (جماعة) ڕێک و پێک نەبێت و بۆشایی تێ بکەوێت، ئەوەتا (انس) ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ: ((اقيموا صفوفكم فاني اراكم من وراء ظهري)) وكان احدنا

---

[٢٦٢] رواه ابو داود والبزار وصححه الحاكم ووافقه الذهبي.

[٢٦٣] رواه ابو داود والنسائي وابو خزيمة (١/١١٠/٢) بسند صحيح

[٢٦٤] رواه ابو داود وابن خزيمة والحاكم وصححه ووافقه الذهبي والنووي.



Scanned with ACE Scanner

يلزق منكبــه بمنكـب صاحبــه وقدمــه بقدمــه))[٢٦٥] واتــه: پێغەمبــەر دەيفەرموو ((ڕیزەکانتــان ڕاسـت و بـڕ کەنـەوە چونکـە مـن لـە پشـتی خۆمەوە دەتانبینم، جا (انـس) فـەرمووی :جـا هـەر کەسێک لـە ئێمـە شانمان دەلکاندە شانی ئەوەی پاڵی خۆیەوە و پێیشی بە پێیەوە)).

هەروەها (نعمان بن بشـير) ڕەزای خـوای لێ بێـت دەفـەرموێ :((رأيـت الرجل منا يلزق كعبه بكعب صاحبه))[٢٦٦] واتە: بینیـم هـەر پیـاوێک لـە ئێمە قاپە ڕەقەی دەلکاندە قاپە ڕەقەی هاوەڵەکەیەوە.

**پـەردەی ســیو پێنجـەم**:- لـە ژێـر ناونیشـانی [باسـی (القصـر) کورتکردنـەوەی نوێـژ] لـە (ل٨٦-٨٨)دا دەڵــێ : هــەر ڕێبوارێــک سەفەرەکەی دوو قۆناغ واتە (٨٠) کیلومتر دوورتر بـێ بـۆی دروسـتە نوێژی چوار ڕەکعەتی کورت بکاتەوە. بۆ دوو ڕەکعەت، بەو مەرجانەی لە کتێبەکانی شەریعەت دا باسیان کراوە. بەڵام (اجماع)ی زانایان هـەر چوار مەزهەبی (اهل السنة) لەسەر ئەوەیە (هـەر سەفەرێک لـە شـەو و ڕۆژێک واتــە لـە دوو قۆنـاغ کـەمتر بـێ دروسـت نیـیـە (قصـر) بـۆ دوو ڕەکعات، ئەمەش بەڵگەیانە: ئیمامی (بخاری) لە (صحیح)ی خۆیـدا لـە سەردێڕی ئەم باسەدا دەفەرموێ: (بـاب في كـم تقصـر الصلاة)، وسمـى النبي (ﷺ) يوما وليلة سفرا وكان ابن عمر وابـن عبـاس رضـی الله عنهمـا يقصران ويفطران في اربعـة بـرد وهـي ستة عشـر فرسـخا))... (ابـن حجـر الهيتمي) دەفەرموێ :نەزاندراوە هیچ (صحابە)یەک بـە پێچەوانـەی ئـەم دوو (صحابە)یە ڕەفتاری کردبـێ جـۆری ئـەم ڕەفتـارە شـەرعیەش لـە خۆیانەوە نەیانکردووە واتە یان پێغەمبەریان (ﷺ) دیتوە یان گوێیان لێ بووە: وای کردوە.

---

[٢٦٥] رواه البخاري (٣٩٣) المختصر.

[٢٦٦] رواه البخاري (١٢٤) المختصر.



Scanned with ACE Scanner

سەرەڕای ئەو بەڵگە بەهێزانەی ڕابردوو دەبینی چەند فەریکە خۆێندەوارێکی ئەم سەردەمە گەنجەکانمان لە ئایینی ئیسلام دوور دەخەنەوە و هەڵیان دەخەڵەتێنن :تاوەکو لە سەفەری زۆر زۆر کورتیشدا (قصر) نوێژ کورت بکەنەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە لە چەند حەدیسێکی (صحیح)دا بە هەڵەدا چوون بۆ نموونە (عن انس رضی ا الله عنه : كان رسول ا الله (ﷺ) اذاخرج مسيرة ثلاثة اميال أو فراسخ صلي ركعتين) رواه مسلم... ئیمامی (نواوی) لە شەرحی ئەم حەدیسەدا دەفەرموێ: ئەوە مەرج نیە کە سەفەرەکە تەنها ئەوەندە دوور بووبێ... ئینجا دەفەرموێ : بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) بۆ سەفەر دەڕۆیشت پێش هاتنی کاتی نوێژ ئینجا کە سێ (میل) یا زیاتر دەڕۆیشت کاتی نوێژ دەهات و لەو کاتەدا نوێژی بە کورت کراوەیی دەکرد...))

**منیش دەڵێم**:- لەبارەی دیاری کردنی ماوەی ئەو (سفر)ەی کە (واجبە) نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە زانایان جیاوازیەکی زۆریان هەیە، (ابن المنذر)و زانایانی تریش زیاتر لە بیست ڕایان لەسەری باس کردووە، وە ئەوەی کە هەرتەلی دەیڵێت تەنها مەزهەبی (شافعی)یەکانە، بەڵام ئەوەی ڕاستە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە هیچ ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ نی‌یە کە قورئان و سوننەت دیاریان کردبێ، بۆیە ئەوەی کە لە زمانی عەرەب دا پێی بووترێت (سفر) پێویستە نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە، جا ئەگەر (سفر) ماوەیەکی دیاری کراوی بوایە بێ گومان خواو پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونیان دەکردەوەو هاوەڵانیش لێی بێ ئاگا نەدەبوون.

وە ئەو فەرموودەیەی (انس) ڕەزای خوای لێ بێت کە هەرتەلی دەیهێنێتەوەو (تأویل)ی دەکا (ابن حجر العسقلاني) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (فتح الباري)دا دەفەرموێ: ((هو اصح حديث ورد في بيان ذالك راصرحه)) واتە: ئەم فەرموودەیە (صحیح) ترین و ڕوون ترین



Scanned with ACE Scanner

فەرموودەیە لەو بارەوە و، (صنعاتی) خاوەنی (سبل السلام) لە بارەیەوە دەفەرموێ ((المراد من قوله ((اذا خرج)) اذا كان قصده مسافة هذا القدر لا ان المراد أنه كان اذا أراد سفراً طويلاً فلا يقصر الا بعد هذه المسافة...)) واتە (( مەبەست لە (اذا خرج) ئەگەر مەبەستی (سفر)ێکی ئەوەندە بێت نەک مەبەستی ئەوەیە کەوا ئەگەر (سفر)ەکە درێژ بوو نوێژ کورت ناکاتەوە ئیللا لە دوای ئەو ماوەیە...))

(ابن حزم) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ :ئەگەر بۆ ماوەی یەک میل دەرچوو (قصر) دەکات، بە بەڵگە، (أثر)ەکەی (ابن عمر) ڕەزای خوای لێ بێت کە فەرمووی ئەگەر بۆ ماوەی یەک میل دەرچم نوێژ کورت دەکەمەوە[٢٦٧].

(ابن القیم ) رەحمەتی خوای لێبێت لە (زاد المعاد ) دا دەفەرمووێ (پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) ) هیچ ماوەیەکی دیاری نەکردووە کورت کردنەوەی نوێژ و ڕۆژوو شکاندن بەڵکو بە (اطلاق) ی بۆ خۆیانی هێشتۆتەوە لەو ماوەیەی پێی بووترێت (سفر)و (ضرب) لەزەوی دا، وەکو چۆن (تیمم )ی بە (مطلق) ی هێشتۆتەوە بۆ هەموو (سفر) یک بەڵام ئەوەی ڕیوایەت دەکرێت لێیەوە کەوا دیاری کردوە بەڕۆژێک و دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ هیچی بە (صحیح )ی نەهاتووە (وا الله اعلم)، وە دروست بوونی (قصر) و(جمع ) لە (سفر ) ی درێژ وکورت دا ، مەزهەبی زۆرێکە لە پێشینان.

وە ئەوەی کە هەرتەلی و ئەوانی تر دەڵێن کەوا ئەگەر لە دوو قۆناغ کەمتر بێت دروست نی‌یە(قصر) بکرێت ،

ئیمامی (ابو القاسم الخرقی ) لە (المغنی) وەلامیان دەداتەوە و دەفەرمووێ:- قال المصنف : ولا ارى لما صار اليه الائمه حجة لان اقوال الصحابة متعارضة مختلفة ولاحجة فيها مع الاختلاف وقد روى عن ابن عمر وابن عباس خلاف ما احتج به اصحابنا ثم لو لم يوجد ذلك لم يكن في قولهم

---

[٢٦٧] رواه ابن ابي شيبة باسناد صحيح.

حجة مع قول النبى (ﷺ) و فعله ، واذا لم تثبت اقوالهم امتنع المصير الى تقدير الذى ذكره لوجهين: احدهما:- انه مخالف لسنة النبى (ﷺ) التى رويناها والظاهر القرآن لان ظاهرة اباحة القصر لمن ضرب فى الارض لقوله تعالى ((واذا ضربتم فى الارض فليس عليكم جناح ان تقصروا من الصلاة)) وقد سقط شرط الخوف بالخبر المذكور عن يعلي بن امية فبقى ظاهر الاية متناولا كل ضرب فى الارض، وقول النبى (ﷺ) (( يسمح المسافر ثلاثة ايام )) جاء لبيان مدة المسح فلا يحتج به هنا وعلى انه يمكن قطع المسافة القصيرة فى ثلاثة ايام وقد سماه النبي (ﷺ) سفرا (( لايحل لآمرأة تؤمن با لله واليوم الآخر أن تسافر مسيرة يوم الا مع ذى محرم)) والثانى: أن التقدير بابه التوقيف فلا يجوز المصير اليه برأى مجرد سيما وليس له اصل يرد اليه ولانظير يقاس عليه والحجة مع من أباح القصر لكل مسافر الا ان ينعقد الاجماع على خلافه ويستوى فى ذلك السفر فى الطائرة أو القاطرة .....[٢٦٨]

**پەردەی سی و شەشەم:-** لەژێر ناونیشانی [باسی (جمع) کۆ کردنەوەی دوو نوێژ لەکاتێک دا ] لە (ل٨٨-٨٩)دا دەڵێ:- ((هەر سەفەرێک ئەندازەی (٨٠) کیلۆمتر دوور بێت دروستە نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ عەسر هەروەها مەغریب لەگەڵ عیشا لە یەک کاتدا کۆ بکرێتەوە... بەڵام کۆ کردنەوەی نوێژێک بۆ کەسێک لە سەفەر نەبێ - بە بێ هیچ هۆیەک - لە مەزهەبی (اهل السنة) دا نییە... ئیمامی (نواوی) ئەفەرموێ، مەزهەبی (شافعی) و (حنفی) و (مالك) و (احمد) و کۆمەڵی هەرە زۆری زانایان ئەوەیە :دروست نییە دوو نوێژ لە یەک کاتدا لە ماڵەوە کۆ بکرێتەوە بە بێ ترس و باران و نەخۆشی و سەفەر... پرسیار: ئایە دەربارەی ئەم حەدیسە وەڵام چی یە؟ عن ابن

---

[٢٦٨] بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بنوارە (سلسلة الاحاديث الصحيحة) رقم (١٦٣) وزاد المعاد (١٨٩/١)ونيل الاوطار (٢٠٤/٣) وسبل السلام (٤٤٥/٢) والمغني (٢٠٧/٢) والمحلى (٩/٥) رفقه السنه (٢٨٤/١) واضواء البيان (٣٧٠/١).



Scanned with ACE Scanner

عباس رضي الله عنه (جمع النبي (ﷺ) بين الظهر والعصر والمغرب والعشاء بالمدينة من غير خوف ولا مطر، وفي رواية ولا سفر) رواه المسلم... وەلام: ڕاستە (سند)ی ئەم حەدیسە (صحیح)ە بەلام زانایانی هەر چوار مەزهەب (اهل السنة)و کۆمەلّی گەورەی زانایان ڕەفتاریان بەم حەدیسە نەکردووە چونکە دوو جۆر گومان لە (متن)ی ئەم حەدیسەدا ڕوودەدا:-

**یەکەم**:- (راوی) حەدیسەکە کە لە کۆتاییدا دەفەرموێ (أضنه أخر الظهر وعجل العصر وأخر المغرب وعجل العشاء) رواه مسلم هكذا و النسائي جزءاً.

**دووەم**: (عدم التعيين) دیار نەکردنی (جمع) هەروەک (صنعاني) دەفەرموێ (جمع)کردنی نوێژ لە مالّەوە دروست نییە و..... ئەم حەدیسەش دروست نییە بکرێتە بەلّگە چونکە دیاری نەکردووە (جمع التقديم) مەبەستە یان (جمع تأخير) وە دیاری کردنی یەکێک لەم دوو مەبەستانە خۆسەپاندنێکی بێ بەلّگەیە... ئینجا ئەویش هەر ئەو واتایەی دیارکردووە، کە مەبەست دواخستنی نوێژی یەکەم و زووکردنی نوێژی دووەمە...

**منیش دەلّێم**:- ئیمامی (نووي) دەفەرموێ (... (اجماع) نەکراوە لە سەر ئەوەی کار بە فەرموودەکەی (ابن عباس) نەکرێت بەلّکو قسەیان لە بارەوەکردوە-جا پاش هێنانەوەی هەندێک لەو ڕایانە و لاوازکردنیان، دەفەرموێ-هەندێکی تریان (تأويل)ی دەکەن لە سەر ئەوە دواخستنی یەکەم تا کۆتایی کاتەکەی جا کە کردی کاتی دووەم هاتە بەرەوە و ئەویشی کرد، جاوەکو شێوەی (جمع)ی پێهات، لە ڕاستیدا ئەمەشیان هەر لاوازە یا بەتالە، چونکە پێچەوانەی (ظاهر)ە بە شێوەیەک کە هەلّینەگرێت وە کارەکەی (ابن عباس) کە باسمان



Scanned with ACE Scanner

کرد[٢٦٩] کاتێک کە ووتاریدا وە بەڵگەی بە ئەو فەرموودەیە هێنایەوە بۆ بە ڕاست خستنەوەی کارەکەی لە پاشان بە ڕاست خستنەوە (ابو هریرة) بۆ کارەکەی (ابن عباس) و قەدەغەنەکردنی، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم (تأویل)کردنە، وە هەندێکی تریشیان دەڵێن ئەمە (حمل) دەکرێتە سەر (جمع)کردن بە (عذر)ی نەخۆشی یا هەر (عذر)ێکی تر لەو جۆرە، ئەمەش ڕای (أحمد بن حنبل) و (القاضي حسین)ە لە هاوەڵەکانی ئێمە -أصحاب الشافعي- و (الخطابي) و (المتولي) و (الرویاني) لە هاوەڵەکانمان ئەمەیان هەڵبژاردووە، وە ئەمەش ڕای هەڵبژێرراوە بۆ (تأویل)کردنی (ئەو فەرموودەیە) لە بەر (ظاهر)ی فەرموودەکە و کارپێکردنی (ابن عباس) و (موافقة)کردنی (أبوهریرة) وەلەبەرئەوەی نارەحەتی لەوەدا زۆرترە تاوەکو باران.

وە کۆمەڵێکیش لە پێشەوایان ڕایان وایە کە دروستە (جمع)کردن لە ماڵدا بۆ پێویست بۆ کەسێک نەیکاتە باووعادەت ئەمەش ڕای (ابن سیرین) و (أشهب)ە لە هاوەڵەکانی (مالك) وە (خطابي)یش گێڕاویەتەوە لە (القفال) و (الشاشي الکبیر) لە هاوەڵەکانی (شافعي) وە لە (ابي اسحاق الشیرازي) ئەویش لە کۆمەڵێک لە (أصحاب الحدیث)ەوە، وە (ابن المنذر) ئەمەی هەڵبژاردوە، وە (ظاهر)ی ووتەکەی (ابن عباس)یش سەری دەخات کە فەرمووی (أراد أن لا یحرج أمته) کە نەیبەست بە نەخۆشی و شتی ترەوە (وا الله أعلم)([٢٧٠]) جا ئیمامی

---

[٢٦٩] ئیمامی (نووی) مەبەستی فەرموودەکەی (مسلم)ە کە (عبدا الله بن شفیق) فەرمووی (خطبنا ابن عباس یوما بعد العصر حتی غربت الشمس وبدت النجوم وجعل الناس یقولون الصلاة الصلاة قال فجاء رجل من بني تمیم لا یفتر ولا ینثنی الصلاة الصلاة، فقال ابن عباس: أتعلمني بالسنة ام لك ثم قال رأیت رسول ا الله ﷺ جمع بین الظهر والعصر والمغرب والعشاء، قال عبدا الله بن شفیق فحاك في صدره من ذلك شيء فاتیت ابا هریرة فسألته فصدق مقالته.

[٢٧٠] شرح صحیح مسلم (٥/٢١٨،٢١٩).



Scanned with ACE Scanner

(الشوكاني) له (نيل الأوطار)دا([271]) وصديق حسن‌خان له (فتح العلام)دا([272]) و (الصنعاني)يش له (سبل السلام)دا سەیریان هاتوه له لاوازکردنی ئیمامی (نووي) بۆ (جمع الصوري) بەلام (شیخ الألباني) و (مشهور بن حسن) زۆر بە جوانی وەلامیان دەدەنەوە ([273]) جا کەوابوو ئەوەی ڕاست بێت و بەلگەی ڕوونی لەسەرە ئەوەیە: دروستە کۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بەیەکەوە و مەغریب و عیشایش بەیەکەوە لەماڵەوە بۆ (عذر) و پێویستی.([274]).

**پەردەی سی و حەوتەم:**

لەژێر ناونیشانی [نوێژی ( جمعه ) له چۆڵ و بیابان] لە ( ل٨٩-٩٠ )دا، پاش هێنانەوەی ووتەکەی ئیمامی (نووي) دەڵێ:- ( ... جا نازانم: سەرەڕای ئەم هەموو بەڵگەیە، ئەو فەریکە خوێندەوارانەی ( دۆی دادیان ڕژاوە ) بە کام بەڵگە ڕەفتار دەکەن و گەنجەکانمان گومڕا دەکەن و لە ڕۆژی هەینیدا بۆ سەیران دەیانبەنە دەرەوەی شار و هەر لەوێش نوێژی ( جمعه )یان پێ‌دەکەن! خۆ ئەگەر نوێژی نیوەڕۆش بکەن، دیسان چوونە دەرەوە لە ڕۆژی هەینی‌دا بۆ شوێنێک: کە (جمعة)ی لێ‌نەکرێ -هەر حەرامە.... ).

**منیش دەڵێم:** ڕاستە باش نی‌یە لە ڕۆژی (جمعة)دا خەڵکی دەربچن بۆ دەرەوەی شار بۆ سەیران و ئاهەنگ گێڕان بۆ شێوەیەک کەوا نوێژی جومعەیان بفەوتێت، بەلام ئەوەی بڵێیت: دروست نی‌یە لە ڕۆژی (جمعة)دا (سفر) بکرێت، شتێکی ڕاست نی‌یە، چونکە هیچ بەڵگەیەکمان لە سەر ئەوە نی‌یە پێش بیستنی بانگی (جمعة) (سفر) درووست نەبێ،

[271] نيل الاوطار (٣/٢٦٥).

[272] فتح العلام (١/١٩٥).

[273] ارواء الغليل (٣/٣٤) والجمع بين الصلاتين في الحضر بعذر المطر (ل ٦٣).

[274] بۆ زیاتر تێگەیشتن بنواڕە (معالم السنن) (١/٢٦٥) وروضة الطالبين (١/٤٠١) وشرح صحيح مسلم (٥/٢١٩) ومجموع فتاوى ابن تيمية (٢٤/٧٦-٧٧) والفروع (٢/٧٠).



Scanned with ACE Scanner

بەڵكو بەڵگەشمان هەیە كەوا هاوەڵان پێش بانگ لە ڕۆژی (جمعة)دا (سفر)یان كردووە، بۆ نموونە: ڕۆژێك ئیمامی (عمر) ڕەزای خوای لێبێت -بیستی پیاوێك ووتی:- (ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆژی (جمعة) نەبوایە دەردەچووم بۆ (سفر). ئیمامی (عمر)یش فەرمووی: دەرچۆ چوونكە (جمعة) كەس لە (سفر) قەدەغە ناكات؛ وە هەروەها (أبو عبيدة) لە ڕۆژی (جمعة)دا (سفر)ی كرد و چاوەڕێی نوێژی نەكرد، وە هەوەرها (زهري) ڕەحمەتی خوای لێبێ- چێشتەنگای ڕۆژی (جمعە) نیازی (سفر)ی بوو، جا كە پێی ووترا، لەو بارەوە ئەویش فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی (جمعة)دا (سفر)ی كردووە[٢٧٥].

**پەردەی سی و هەشتەم:-** لە ژێر ناونیشانی [سوننەتی پێش جومعە) لە (ل٩٠-٩١)دا دەڵێ: (ئەی لاوی موسوڵمان لە پێش نوێژی (جمعة)دا: دوو ڕەكعەت یا چوار ڕەكعەت سوننەتە، ئەمەش بەڵگەكانە: (١) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (بين كل أذانين صلاة -ثم قال في الثالثة- لمن شاء) رواه البخاري و مسلم.... واتە: مەبەست بە (أذانين) هەردوو بانگەكەی (جمعة) نی یە، بەڵكو مەبەست بانگ و ئیقامەتە كەواتە ئەم حەدیسە جگە لە (جمعة) نوێژی (مغرب) و (عشاء)یش دەگرێتەوە هەروەك لە حەدیسی دووەمدا روون تر دیارە.
(٢) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ (ما من صلاة مفروضة الا و بين يديها ركعتان) رواه ابن حبان و صححه، واتە: (جمعة)ش، نوێژێكی واجبە كەوابوو دوو ڕەكعەتیشی لە پێشدا هەیە) (عن عبدا الله بن مسعود (رضي ا الله عنه)، أنه كان يصلي قبل الجمعة أربعاً و بعدها أربعاً و كان يأمر بها) رواه عبدالرزاق بسند صحيح و الترمذي، ئیمامی (نواوي) ئەفەرموێ

[٢٧٥] كلها أخرجها ابن ابي شيبة (٢/١٠٥) رعبدالرزاق (٣/٢٥٠) وە فەرموودەكەی (الزهري) (مرسل)ە، بەڵام واتاكەی ڕاستە ئەگەر بانگ نەبیسێت بەڵام ئەگەر بانگی بیست ئەوە پێویست دەبێت لەسەری ئامادەی نوێژی جومعە ببێت.

له پێش نوێژی جومعەدا ئەو دوو جۆر سوننەتە هەیە کە لە پێش نوێژی نیوەڕۆدا هەیە، واتە دوو رکعات یا چوار رکعات...).

**منیش دەڵێم**:- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (جمعه)ەدا دەردەچوو لەماڵەوە یەکسەر دەچووە سەر مینبەرەکەی، لە پاشان بانگ دەر بانگی دەدا، لە پاش تەواو بوونی، یەکسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەستی دەکردە ووتاردان [۲۷۶] جا بۆیە ئەگەر لە پێشی (جومعە) سوننەت بوایە ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەپاش بانگ دان فەرمانی بە کردنی دەکرد و خۆیشی دەیکرد، کەوابوو لە کاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتی وا نەکراوە هەروەها لە (خلفاء الراشدين)یشەوە کەس شتی وای نەگێڕاوەتەوە، هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) کەسیان نەیانکردە ((ئەوەی لە ... ندێکیانەوە ڕوایەت کراوە کە لە پێش (جمعه) نوێژیان کردوە هەمووی (حمل) دەکرێتە سەر سوننەتی (مطلق)ی پێش (جمعه) تا ئیمام دەچێتە سەر مینبەر کە فەرمودەی (صحيح)ی لەسەر هاتووە، [۲۷۷] چونکە ناکرێت ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە زانایانی (صحابه) بوون شتێک بکەن پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردبێت و فەرمانیشی بە کردنی نەکردبێ، لە پاشان ئێمە هەموو دەزانین کەوا لە کاتی هەر چوار (خليفه)کەدا ڕەزای خوایان لێ بێت یەک بانگ دراوە بۆ نوێژی (جمعة)[۲۷۸] کەوابوو دەڵێم ئەوەی لە (ابن

---

[۲۷۶] بنوارە فتح الباري (۲/۴۲۶) ونيل الاوطار (۳/۳۱۲) ومجموع فتاوى ابن تيميه (۱/۱۳۶) ومصباح الزجاجة في زوائد ابن ماجه (۱/۳۷۷) والدين الخالص (۴/۲۹۹).

[۲۷۷] پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ ((من اغتسل يوم الجمعة وتطهر بما استطاع من طهر ثم ادهن أو مس من طيب ثم راح فلم يفرق بين اثنين فصلى ما كتب له ثم اذا خرج الامام انصت غفر له ما بينه وبين الجمعة الاخرى)) رواه البخاري (۸۸۳) واحمد (۵/۴۳۸) وغيرهما. جا (فصلى ما كتب له) مەبەست پێی سوننەتی (مطلق)ە وەک ئیمامی (نووی) لە (شرح صحيح مسلم) و (ضعانى) لە (سبل السلام) دا وا دەفەرموون.

[۲۷۸] لە کاتی ئیمامی (عثمان)دا ڕەزای خوای لێبێت کرا بە دوو بانگ بانگی یەکەمیان لە کاتی (ضحى) دەدرا لە بازاڕدا بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لەوەی ( جمعه ) نزیک بووەتەوە، نەک بۆ بانگ کردنی خەڵکی بۆ نوێژ، کەوابو لە کاتی ئەویشدا ڕەزای =



Scanned with ACE Scanner

مسعود) و (ابن عمر) و (ابـن عبـاس)ەوە دەگێڕنـەوە ڕەزای خوایـان لێ بێت کەوا چوار یا هەشت یا دوانزە ڕکاتیان کردوە پێـش (جمعـة)، ئایـە کەی کردویانە؟ خۆ ئێمە دەزانین یەکسەر لە دوای بانگ ووتاری (جمعە) دەستی پێ کردوە و هیچ ماوەیەکیش نـەدراوە بـەوە ئـەوەندە ڕکـات بکرێت!! کەوابوو ئـەو نوێـژەی لـەو ماوەلـە بەڕێزانـەوە گێڕاوەتـەوە نوێژی سوننەتی (مطلق)ی پێش بانگی (جمعة)یە تـا (خطیـب) دەچێتـە سەر مینبەر، جا کە چووە سەر مینبەر ئیتر هیچ نوێژێک ناکرێت جگـە لە دوو ڕکاتی (تحية المسجد) بۆ کەسێک تازە بێت بۆ مزگەوت)).

وە (قیاس) کردنی (جمعة) بە نوێژی نیوەڕۆ بەوەی بڵێی هەروەک چۆن نیوەڕۆ سوننەتی لە پێش دا هەیە بە هەمان شێوە (جمعە)یش هەیـەتی چونکە لە جێگەی نیوەڕۆیە.

ئەم (قیاس) کردنە جێی خۆی نییە، چونکە (جمعة)لەگەڵ نیوەڕۆدا زۆر جیاوازە، (لـە ژمـارەی ڕکاتـەکان دا و لـە دەنـگ بەرزکردنـەوەدا و لـە ووتار خوێندن دا و لە مەرجەکـەنیدا وە هـەتا لـە کـاتیش دا)[279] جا لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ بووترێ وەک یەکن، بە تایبـەت دەبینین لە فەرموودەی (صحیـح)دا هـاتوە کـە جیایـان دەکاتـەوە لـە یەک، (ابن عمر) ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ ((لەگـەڵ پێغەمبـەردا (ﷺ) نوێـژم کـردوە، دوو ڕکـاتی پێـش نیـوەڕۆ و دوویشـی لـە دوای کردو دوویشی دوای (مغرب) و دوویش دوای (عشـاء) وە دوویـش دوای (جمعـە)ە))[280] کـەوابوو ئەمـەش بەڵگەیـەکی زۆر بـەهێزە لەسـەر ئەوەی (جمعە) و (نیوەڕۆ) لای ئەوان جیاواز بووە ئەگینا چی پێویستی دەکرد بە باس کردنی بەجیا؟ لە پاشان کە باسی (جمعە)ی کـرد تـەنها

---

= خوای لێ‌بێت هەریەک بانگ دراوە بۆ (جمعە) بنوارە (عمدة القاري للعيني) (٢٣٣/٣) و الجامع لاحكام القرآن للقرطبي (١٠٠/١٨).

[279] چونکە (جمعە) دەتوانرێت پێش هاتنی کاتی نیوەڕۆیش بکرێت وەک لە فەرموودەی (صحیح)دا هاتووە، بنوارە فقه السنة (٢٥٧/١).

[280] رواه البخاري (٥٠/٣) رقم (١١٧٢).

فەرمووی دوو ڕکات لە دوای بەڵام بۆ نیوەڕۆ فەرمووی دوو ڕکات لە پێشی و دوویش لە دوای)).

وە ئەو دوو فەرموودە (صحیح)ەی کە دەیکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی سوننەتی پێش (جمعە) دروستە بکرێت، لە ڕاستیدا نابنە بەڵگە، چونکە ئێمە ووتمان لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تەنها یەک بانگ و قامەتێک بووە بۆیە ئیمامی (البوصیري) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ ((وهذا متعذر في صلاته (ﷺ) لانه كان بين الاذان والاقامة الخطبة، فلا صلاة حينئذ بينهما)) واتە: ئەمە ناکرێت لە نوێژی پێغەمبەردا (ﷺ) چونکە لە نێوان بانگ و قامەت دا ووتار بووە، کەوابوو هیچ نوێژێک لە نێوانیان دا نی یە[281].

**پەردەی سی و نۆیەم:**- لە ژێر ناونیشانی [زیکر و دوعای (مصافحه) تۆقە کردن، باوەش لێک وەرهێنان و یەکتری ماچ کردن، دەست ماچ کردن] لە (ل۹۱-۹۲)دا هەرتەلی دوو فەرموودە دەهێنێتەوە کەوا سوننەتە دوعا بکەی لە کاتی تەوقە کردن دا، لە پاشان باسی ئەوە دەکات کە ماچ کردن (مکروە) و فەرموودەکەی (أنس) دەهێنێتەوە و دەڵێ: ((.. لەم حەدیسەدا مەبەست بە یەکگەیشتنی ڕۆژانەیە، تاوەکو ئەم حەدیسە دژایەتی نەبێ لەگەڵ ئەم حەدیسانەی داهاتوو)) لە پاشان ئەو فەرموودانە دەهێنێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماچی (زید بن حارثە)و (جعفر بن ابي طالب)ی کردوە.

لە پاشان دوو فەرموودە و (اثر)ێک دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە دەست ماچ کردن دروستە..

**جا منیش دەڵێم:**- ئەوەی ڕاست بێت ئەو فەرموودەیەی (انس) (نص)ێکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ماچ کردن دروست نی یە، جگە لە خێزان و منداڵی خۆی، جا ئەو فەرموودانەی کە هەرتەلی دەیهێنێتەوە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) ماچی هەندێک لە هاوەڵانی کردوە لە چەند

---

٢٨١ الأجوبة النافعة (ل٧٢) و سلسلة الأحاديث الصحيحة (١/٤١٢).



Scanned with ACE Scanner

ڕووداوێکی جیاوازدا وەک ماچ کردن و دەست لە مل کردنی (زید بن حارثه) کاتێک کە گەیشتە (مدینه)و ماچ کردنی (جعفر بن ابـي طالب) و (ابي الهيثم ابن التيهان) وەلامەکەی لە چەند ڕوویەکەوە دەدرێتەوە:-

**یەکەم:-** ئەو فەرموودانە هەموو (ضعیف)ن[282] و ناتوانرێت بکرێنە بەڵگە...

**دووەم:-** ئەگەر هەندێک لەو فەرموودانە (صحیح)یش بن، ئەوە دروست نی‌یە دژایەتی فەرموودە (صحیح)ەکەی (انس) بکەن، چونکە ئەمانە هەموو (فعل)ی پێغەمبەرن (ﷺ) بەلام ئەوەی (انس) (قول)ە، وە ئەمانە هەموو (مبیح)ن وە ئەوەی (انس) (حاظر)ە، کەوابوو فەرموودەکەی (انس) پێش دەخرێت چونکە لە کاتی دژایەتی کردنی دوو بەڵگەدا (التعارض) (قول) پێش (فعل) دەخرێت وە (حاظر)یش پێش (مبیح) دەخرێت. ئەمە ئەگەر ئەو فەرموودانە (صحیح)بن بەلام لە ڕاستی‌دا (ضعیف)ن.

بەلام دەست لە مل کردن لەو قەدەغەیە جیا دەکرێتەوە ئەگەر لە (سفر)ەوە بێت لەبەر کرداری هاوەلانی پێغەمبەر(ﷺ)[283].

وە ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی دەست ماچ کردنەوە هاتوون هەموو (ضعیف)ن بەلام بە هەموو ئەو فەرموودەو (اثار)انەوە کە لەو بارەوە هاتوون، دەبنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کەوا دەست ماچ کردنی زانایان دروستە ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا بێتە جێ:-

١-نەبێتە باو و عادەت کەوا بەردەوام ئەو زانایە دەست درێژ بکات و ئەوانیش دەستی ماچ بکەن، چونکە ئەو کارە، بە بەردەوامی لەگەل پێغەمبەردا (ﷺ) نەکراوە، بۆیە نابێت ئێمەش بیکەینە سونەتێکی بەردەوام.

---

[282] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم (١٦٠).

[283] هەمان سەرچاوەی پێشوو.



Scanned with ACE Scanner

٢- نەبێتە هۆی خۆ لێ بایی بوون.
٣- نەبێتـە هـۆی پـەکـ خستن (تعطیـل)ی ئـەو سـوننەتە (معلـوم)ی پێغەمبـەر (ﷺ) کـە تەوقـە کردنـە، کـەوا بـە (قـول) (فعـل) لێـیـەوە گێڕراوەتەوە کە دەبێتە هۆی وەراندنی تاوانەکان.

**پەردەی چل هەم:-** لە ژێر ناو نیشانی [هەڵسان لەبەر یەکتری: بۆ ڕێز لێنان] لە (ل ٩٢-٩٤) دا دەڵێ: ئیمامی (نواوی) دەفـەرموێ: حینـی (سلف) بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕەفتارە :بۆ ڕێز لێنـان لەبـەر ئـەو کەسە هەڵدەستان کە دەهاتە لایان... بەڵگە:- جگە لە حەدیسـەکانی ڕابوردوو (عن عائشة -رضي الله عنها- كانت فاطمة -كرم الله وجهها- اذا دخلت على النبى (ﷺ) - قام اليهـا فأخذ بيدهـا فقبلها واجلسـها في مجلسـه واذا دخـل النبي (ﷺ) - عليهـا قـامت اليـه فـأخذت بيـده وقبلتـه واجلسته في مجلسه) رواه باو داود و النسائي والـترمذي... هـەروەها (عـن ابـي سـعيد - رضـي الله عنـه - جـاء سـعد بـن معـاذ - فقـال النـبي(ﷺ) للأنصار قوموا الى سيدكم) رواه البخـاري ومسـلم. واتـە :.... فـەرمووی لەبەر گەورەی خۆتان هەڵسن.
هەروەها عن كعـب بـن مـالك -رضـي الله عنـه- في قصـة توبتـه: دخلـت المسجد فاذا رسول الله(ﷺ) جالس حوله الناس، فقام طلحة رضي الله عنه يهـرول حتـى صـافحني وهنـأني ، فكـان كعـب لا ينسـاها لطلحـة - رواه البخـاري ومسـلم... ئـەی لاوی موسـوڵمان سـەرەڕای ئـەو حەدیسـە (صحيحة)ی باسمـان کـرد چـەند کەسێکـ بـە هەڵـەدا چـووەو دەڵـێ :هەڵسـان لەبـەر یـەکتر حەرامـە و(بدعـه)یـە بەڵگـەش بـەم حەدیسـانە دێنێتەوە:-
١- پێغەمبەر (ﷺ) دەفـەرموێ: (مـن سـره ان يتمثـل لـه الرجـال قيامـا فليتبوا مقعده من النـار) رواه الـترمذي وابـو داود بسـند حسـن... وەلام : هەر بە ئاشکرایی دیارە : ئـەم حەدیسـە باسـی لەبـەر هەڵسـان ناکـا چوونکـە ڕستـەی (يتمثل لـه الرجـال قيامـا) واتـە بـە خـۆی دانیشـێ و

پیاوەکانیش بە پێوە لە خزمەتی ڕابوەستن، هەر وەک ئیمامی (البیهقي) ئاماژەی بۆ کردووە، کەوابوو لەبەر هەڵسان و بە پێوە ڕاوەستان دوو مەسەلەی لە یەک جیاوازن...

٢- (عن انس - رضي الله عنه - لم يكن شخص احب اليهم من النبي (ﷺ) وكانوا اذا رأوه لم يقوموا لما يعلمون من كراهيته لذلك.) رواه الترمذي... وەلام: ئەم حەدیسە وا ناگەیەنێ کە لەبەر هەڵسان حەرام بێ چوونکە ووشەی (كراهيه) واتەی جیایە. لەگەڵ (حرام)، کەواتە: پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر هەڵسانی (حرام) نەکردووە، بەڵکو تەنها بۆ خۆی پێی ناخۆش بووە لەبەر زێرە مل کەچی، نەوەک لەپلەی خۆی زیاتر بەرزبکرێتەوە....)).

**منیش دەڵێم**: لە بەر هەڵسان دوو جۆری هەیە:

**١- لەبەر هەڵسانی نادرووست (القیام الممنوع).**

پێغە...ری خوا (ﷺ) ((من احب ان يتمثل الناس له قياما فليتبوأ مقعده من النار))[٢٨٤]. واتە: هەر کەسێک پێی خۆش بێت خەڵکی لەبەری ڕابوەستن با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دا دیاری بکا.

وە ئەنەسی کوڕی مالک -ڕەزای خوای لێ بێت- دەفەرموێ: ((هیچ کەسێک نەبوو ئەوەندەی پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویست بێت لای هاوەڵانی، ئەگەر چاویان پێ بکەوتبایە لەبەری هەڵنەدەستان، لەبەر ئەوەی کە دەیانزانی پێی ناخۆشە))[٢٨٥].

**یەکەم:** لەم دوو فەرموودەوە ئەوە تێدەگەین کە هەر موسوڵمانێک دێتە (مجلس)ەوە پێی خۆش بێت خەڵکی لەبەری هەڵسن ئەوە خۆی تووشی ئاگری دۆزەخ دەکات.

**دووەم:** بووەتە باو لەناو خەڵکی ئەمڕۆدا کەوا لەبەر یەکتری هەڵسن بە تایبەتی لەبەر مامۆستایانی ئایینی هەروەها مامۆستایانی قوتابخانەش کاتێک دێنە ژووری وانە ووتنەوە وە یەکسەر

٢٨٤ اخرجه أحمد و هو حديث صحيح.

٢٨٥ رواه الترمذي.



Scanned with ACE Scanner

قوتابی‌یەکانیان لەبەری هەڵدەسن لەبەر ڕێز لێ نانیـان جا هەر کەسێک هەڵنەسێت لۆمە و سەرزەنشت دەکرێت لەسەر ئەو کارەی بە ڕاستی بێ دەنگ بوونی مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانە لەوەی لەبەریان هەڵدەسن و لۆمە کردنی ئەوانەی کە هەڵناسن گەورەترین بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی‌ی ئەوان بۆ ئەو لەبەر هەڵسانە جا ئەگەر پەشیمان نەبنەوە ئەوە پەنا بەخوا خۆیان تووشی ئاگری دۆزەخ دەکەن وە ئەوانەش لەبەریان هەڵئەسن دەبنە یارمەتی‌دەری (شیطان) لەسەر ئەو مامۆستایانە بۆ ئەوەی ئەو خۆشەویستی ئەو لەبەر هەڵسانە لە دڵیان دا زیاتر بکەن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (ولا تكونوا عون الشيطان على اخيكم)[٢٨٦] واتە مەبنە یارمەتی‌دەری (شیطان) لەسەر براکەتان.

**سێیەم:** زۆر کەس هەن دەڵێن: ئێمە کاتێک لەبەر مامۆستای ئایینی هەڵدەسین لەبەر ڕێز گرتن لە زانیارییەکەیان: جا ئێمەش پێیان دەڵێین: ئایا هیچ گومانێکتان لە زانیاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەیە، یا لە ئەدەبی هاوەڵانی لەگەڵیدا، لەگەڵ ئەوەش دا هەرگیز لەبەری هەڵنە دە سان وە ئیسلام ڕێز گرتنی بە لەبەر هەڵسانەوە دانەناوە بەڵکو ڕێز گرتنی، بە گوێ ڕایەڵی وجێ‌بەجێ کردنی فەرمان و سەلام و تەوقە کردنەوە داناوە، ئیتر قسەکەی (احمد شوقی) بخەرە ئەولاوە کە دەڵێ:

قم للمعلم وفه التبجيلا كاد المعلم ان يكون رسولا

چونکە پێچەوانەی سوونەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە پێی ناخۆش بووە لەبەری هەڵسن.

**چوارەم:** زۆر جار لە (مجلس)ەکاندا کاتێک کە دەوڵەمەندێک دێتە ژوورەوە هەموو لەبەری هەڵدەسن بەڵام کە فەقیرێک دێتە ژوورەوە کەس لەبەری هەڵناسێت، جا ئەوەش دەبێتە هوێ ئەوەی ئەو هەژارە

---

[٢٨٦] رواه البخاري.

قین هەڵبگرێ بەرامبەر ئەو دەوڵەمەندە و دانیشتوانیش، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی دووبەرەکی لە نێوان موسوڵماناندا کە خوای گەورە حەرامی کردووە.

**پێنجەم:** بۆیە ئەو لەبەرهەڵسانە لە ئیسلامدا (قەدەغە)کراوە تا لە خۆبایی بوون (کبر) لە دڵی هیچ کەسێکدا درووست نەبێ چوونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (لا یدخل الجنة من کان في قلبه مثقال ذرة من کبر)[287] واتە ناچێتە بەهەشتەوە ئەوەی بەقەدەر (مسقاڵە زەررە)یەک لە خۆبایی‌بوون لە دڵیدا بێت.

## ٢- لە بەرهەستانی پێویست و دروست (القیام المطلوب و المشروع):

چەند فەردوودەیەکی (صحیح) وکاری هاوەڵان هەیە، دەبنە بەڵگە لە سەر ئەوەی کەوا درووستە هەڵسان بۆلای کەسێک کە بۆ لات دێت، جا با پێکەوە لەو فەرمودانە تێ‌بگەین:

**یەکەم:** پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵدەستا بۆ لای (فاطمة)ی کچی ڕەزای خوای لێ‌بێت- ئەگەر بهاتایە ژوورەوە بۆ لای، وە هەروەها ئەویش هەڵدەسا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) بچوایەتە ژوورەوە بۆ لای، وە ئەم هەڵسانە دروست و پێویستە چونکە هەڵسانە بۆ لای میوان بۆلای چوونە پیری‌یەوزە و ڕێز لێ‌گرتنی لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ (من کان یؤمن با لله و الیوم الآخر فلیکرم ضیفه)[288] واتە: هەرکەسێک باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت، بەڵام هەڵسانەکە تەنها بۆ خاوەن ماڵە:

**دووەم:** پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (قوموا الی سیدکم)[289] لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (فأنزلوه)، هوێ ووتنی ئەم فەرموودەیەی

---

[287] أخرجه مسلم.
[288] متفق علیه
[289] متفق علیه.



Scanned with ACE Scanner

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەبوو کە (سعد بن معاذ) -رەزای خـوای لیّ‌بێت- بریندار بوو، وە پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێنی‌دا کەوا دادگـایی جووەکان بکات، جا ئەویش سواری گوێدرێژێک بوو هات، کە گەیشـتە جیّ، پێغەمبەر (ﷺ) بـە (أنصـار)ەکـانی فـەرموو: (قومـوا الی سیدکم فأنزلوه) واتە: هەڵسن بچنە پیری گەورەکەتانەوە و دایبەزێنن، جا ئـەم هەڵسانە پێویستە بۆ یارمـەتی‌دانی (سـعد) گـەورەی (أنصـار) -رەزای خوای لیّ‌بێت- کە بریندار‌بوو بە سەرپەرشتی گوێدرێژەکەوە بـوو بـۆ داگرتنـی، بـەڵام پێغەمبـەر (ﷺ) و هاوەڵـەکانی هەڵنەسـان تـەنها (أنصار) نەبێت.

**سێیەم:** ئەو فەرموودەیـەی کـە (کعـب بـن مـالك) -رەزای خـوای لیّ بێـت- لـە (غـزوة تبـوك)دا دواکـەتو، پـاش ئـەوەی خـوای گـەورە پەشـیمانی‌یەکەی لیّ‌وەرگـرت و لیّ‌خـۆش بـوو هاتەمزگەوتـەوە بینـی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوون جا (طلحة) بە تەنها بە خێرایی هەڵسا بۆ لای و مژدەی وەرگرتنـی پەشـیمانی‌یەکەی پـیّ‌دا، جـا ئـەم هەڵسانەش هەر دروستە بۆ دڵخۆش کردنی کەسێکی دڵتـەنگ و مـژدە پیّ‌دانی.

**چوارەم:** دەبینی ئەو فەرموودانەی کە رێ‌دەدەن بە لەبەرهەڵسان بـە (الی) هاتوون، بە پێچەوانەی ئەو فەرمودانەی کە قەدەغەی دەکەن بـە (له) هاتوون، جا جیاوازی‌یـەکی گـەورە هەیـە لـە نێـوان (هەڵسـان لـە بەری بۆ گەورەیی و هەڵسان بۆ لای کە بـۆ یارمـەتی‌دان و رێزگرتنـە) وەک روونە بۆ کەسێک کە زانیاری لە زمانی عەرەبی‌دا ببێت.



Scanned with ACE Scanner

## ( دواووته )

له کۆتاییدا ئامۆژگاری ( عبدا لله عبدالعزیز هەرتەلی ) دەکەم و پێی دەڵێم:

بەسیەتی دژایەتی کردنی ڕێبازی (أهل السنة و الجماعة) و شوێنکەوتوانی چونکە بە ڕاستی کەس نەبووە دژایەتی ئەم ڕێبازە و شوێن کەتوانی کردبێت لە هەر کات و شوێنێکدا ئیللا خوای گەورە ئابڕووی بردووە و ناوی خستۆتە لاپەڕەی ڕەشی مێژووەوە، بەڵام ڕێبازی (أهل السنة و الجماعة) و شوێنکەوتوانی بە هیچ شێوەیەک زیانیان پێنەگەیشتووە و ناگات و هەر بەردەوامن لە گەیاندنی پەیامەکەی پەروەردگاریان بە مرۆڤایەتی، وەک پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: (لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خذلهم حتى يأتي أمر الله)[٢٩٠].

کەوابوو، تۆش پەند وەربگرە و بگەڕێرەوە سەر ڕێبازی (أهل السنة) چونکە ئەوانەی دژایەتی ( ئەم ڕێبازەیان کردبێت بەردەوام دۆڕاوون ئەگەر چی ماوەیەکی کەمیش وا بۆیان لوابێت کە سەرکەوتوون، کوان ئەوانەی کە دژایەتی ئیمامی (أحمد)یان دەکرد، کوان و لە کوێن ئەوانەی کە دژایەتی (شیخ الاسلام ابن تیمیة)یان دەکرد، کوان ......و ......و ...... هتد، بەڵام دەبینن کتێبەکانی ئیمامی (أحمد) و (ابن تیمیة) و .... هتد)، وەک ئەستێرەی گەش تا ڕۆژی دوایی ڕێگا بۆ موسوڵمانان ڕوون دەکەنەوە لە تاریکە شەوی نەفامی و گومڕاییدا، بەڵام دوژمنانیان هەر ناویشیان نەما مەگەر ئەوانەیان بۆ پەندی زەمانە مێژوو ناویانی تۆمار کردبێت؟!!

وە هەروەها پێی دەڵێم:

ڕێگای ڕەخنەگرتن و ئامۆژگاری کراوەیە بۆ هەر موسوڵمانێک بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی (علمي) بێت نەک بە جنێو و (تکفیر) کردن و

---

٢٩٠ لە پێشدا (تخریج) کرا.

ناوو ناتۆره لێنـان و درۆ هەڵبەستن و (تدليس) و ....هتد، چونکه پێغەمبەری خۆشەویسمان (ﷺ) دەفەرموێ: (لا يرمي رجل رجلا بالفسق أو الكفر الا ارتدت عليه ان لم يكن صاحبه كذلك)[٢٩١] واته: هەرکەسێک تۆمەتی (فاسق) بوون بداته پاڵ هەر کەسێکی تر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ئەگەر ئەوەی پێوتووە وا نەبێ.

**و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين ، سبحانك اللهم و بحمدك ، أشهد أن لا اله الا أنت ، أستغفرك و أتوب اليك.**

**نووسەر**
**٤-جمادي الآخرة - ١٤١٨**

---

٢٩١ رواه البخاري.



Scanned with ACE Scanner

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | پێشەکی ........................ |
| ٦ | ڕێخۆشکەر ........................ |
| ٧ | کۆمەڵی ڕزگاربوو (الفرقة الناجية) ........................ |
| ٨ | بەرنامە و پرۆگرامی کۆمەڵی ڕزگاربوو ........................ |
| ١٢ | نیشانەکانی کۆمەڵی ڕزگاربوو ........................ |
| ١٤ | بەراوردێک لە نێوان بیروباوەڕی هەرتەڵ و پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە ... |
| ١٨ | قسەکانی هەرتەڵی یەکتری هەڵدەوەشێنەوە ........................ |
| ٢١ | لادانی پەردە شەیتانییەکان ........................ |
| ٢١ | پەردەی یەکەم: دژایەتی ئەلبانی لەگەڵ ئیمامی ابو حنيفه ........................ |
| ٢٤ | پەردەی دووەم: ئامانجی پیلانەکە ........................ |
| ٢٥ | پەردەی سێیەم: ڕای تۆکەرانی کفر بەرانبەر بە چوار مەزهەبەکە ........................ |
| ٢٧ | پەردەی چوارەم: ابن تيمية ........................ |
| ٣٠ | پەردەی پێنجەم: هەمان ناونیشان ........................ |
| ٣١ | پەردەی شەشەم: اجماع ........................ |
| ٣٣ | پەردەی حەوتەم: اجماع و حەدیسی پێغەمبەر ﷺ ........................ |
| ٣٥ | پەردەی هەشتەم: جیاوازی مەزهەب لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺدا هەبووە ... |
| ٣٧ | پەردەی نۆیەم: لامەزهەبیەت پردی بێدینییە ........................ |
| ٣٨ | پەردەی دەیەم: بەڵگەی شوێن کەوتنی ئەم چوار مەزهەبە ........................ |
| ٤٠ | پەردەی یازدەیەم: (تقليد) لە سەردەمی صحابة و تابعين ........................ |
| ٤٦ | پەردەی دوازدەیەم: مەزهەبی ئیمامی (الاشعری) ........................ |
| ٤٩ | پەردەی سیازدەیەم: پەیوەندی ئینگلیز و وەهابییەکان ........................ |
| ٥٤ | پەردەی چواردەم: (سلفی)یەکانی (خوارج) ........................ |
| ٥٧ | پەردەی پازدەهەم: نیشانەکانی (خوارج) ........................ |
| ٦٥ | پەردەی شازدەیەم: باسی (مجسمه) ........................ |
| ٧٣ | پەردەی حەڤدەیەم: باسی (بدعه) ........................ |
| ٨٨ | هۆکارەکانی بیدعەکردن ........................ |
| ٨٨ | حاڵی بیدعەکار لە دونیا و دوارۆژدا ........................ |

پەردەی هەژدەیەم: پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) .......................... ٩٠
پەردەی نۆزدەیەم: پیلانێکی پڕوچەڵ کراوە .......................... ٩٤
پەردەی بیستەم: زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) ..... ٩٥
پەردەی بیست و یەکەم: خێری (فاتیحە) بۆ مردوو .......................... ٩٦
پەردەی بیست و دووەم: گۆڕ لە ناو مزگەوت دا .......................... ١٠٢
پەردەی بیست و سێیەم: دایک و باوکی پێغەمبەر ﷺ).......................... ١٠٦
پەردەی بیست و چوارەم: باسی (توسل) .......................... ١١٢
پەردەی بیست و پێنجەم: باسی (تبرک) .......................... ١٢٤
پەردەی بیست و شەشەم: ژیانی پێغەمبەران لە ناو گۆڕدا .......................... ١٢٦
پەردەی بیست و حەوتەم: باسی ( مولود ) .......................... ١٣١
پەردەی بیست و هەشتەم: سلاوات لێدان لە دوای بانگ و ئیقامەت ....... ١٣٥
پەردەی بیست ونۆیەم: (قەزاکردنەوەی نوێژ) .......................... ١٣٨
پەردەی سیهەم: جوولاندنی پەنجە لە تەحیاتدا .......................... ١٤٣
پەردەی سی و یەکەم: دەنگ هەڵهێنان بەم زیکرانە .......................... ١٤٧
پەردەی سی و دووەم: زیکری بە کۆمەڵ .......................... ١٤٨
پەردەی سی و سێیەم: نوێژکردن بە پێڵاوەوە .......................... ١٤٨
پەردەی سی و چوارەم: ئەندازەی نێوان هەردوو قاچ لە نوێژدا .......................... ١٥٠
پەردەی سی و پێنجەم: باسی (قصر) کورت کردنەوەی نوێژ .......................... ١٥٢
پەردەی سی و شەشەم: باسی (جمع) کۆکردنەوەی دوو نوێژ لە کاتێک دا ... ١٥٥
پەردەی سی و حەوتەم: نوێژی (جومعە) لە چۆڵ و بیاباندا .......................... ١٥٨
پەردەی سی و هەشتەم: سوننەتی پێش (جومعە) .......................... ١٥٩
پەردەی سی و نۆیەم: زیکر و دوعای (مصالحە) تۆقەکردن، باوەش لێک
وەرهێنان و یەکتری ماچ کردن و دەست ماچ کردن .......................... ١٦٢
پەردەی چلهەم: هەڵسان لە بەر یەکتری بۆ ڕێزلێنان .......................... ١٦٤
لە بەرهەڵسانی نادرووست (القيام الممنوع) .......................... ١٦٥
لە بەرهەڵسانی پێویست و درووست (القيام المطلوب و المشروع) .......................... ١٦٧
دواووتە .......................... ١٦٩
ناوەرۆک .......................... ١٧١



Scanned with ACE Scanner

Scanned with ACE Scanner